# شارستانیەتی هەورامان



نووسینی ئازاد کەریمی

زنجیرەوتارێکە لەسەر شارستانییەتی هەرە کەونارى کوردستان

-١-

**شارستانیەتی کەیانگیر(سومەر):** سومەر وشەیەکی ئاکادی یە، بەڵام بە زمانی خەڵکی سومەر خۆیان بە خۆیان دەکوت "ئوسانگ گی گا (زەنگە ،سەنگە شەنگە، مئوشەنگە)" واتە سەر بەردی سیا، بەردی سیا بۆچی؟ بەردی سیا یان ڕەش هەڵگری هێزی بیرەوەری و هزر و عەقڵە، سەری بەردی ڕەش واتە مێشک کە هزر و بیرەوەری تێدا بەرهەم دێ، ئەمەش واتە مرۆڤی بیرمەند.
کەواتە سومەریەکان بە خۆیان کوتووە مرۆڤی بیرمەند. بڕواننە مەسحەفا ڕەش واتە کتێبی زانایی. لە ئاڤێستادا ئەم وشە بە ئاریانەم یان ئاری هاتووە. بەڵام ئاری صفت یان پەسنە، ناو نیە. بڕواننە سەنگە سەر، شەوەزەنگ، زەنگنە، شەنگە، هوشەنگ، سەنگی بوتو. دنیا بە سەنگی سیام هەڵبێنێ، واتە بچمەوە دۆخی گەوهەرم کە واتە سەنگی ڕەشە. سەنگی ڕەش واتە کورد پێیوا بووە لە سەنگی ڕەش درووست بووە.

وڵاتی سومەر بە زمانی سومەری ناوی "کی ئێنگیر" واتە کەیانگیر، کەیان ئیر، کەیان ئاری، وڵاتی پیاوماقوڵەکان جێگەی گیرسانەوەی کەیان و سەروەران، ئەوەی وا دواتر لە ئاڤێستادا بە ئارینیم واچە باسی کراوە. ئاریانم واچە وەسف و پەسنە نە ناوی شوێنێکی دیاریکراو. مێژووی ئەم شارستانیەتە لە ٥٧٠٠ ساڵ پێش زایین واتە ٧٧٠٠ ساڵ پێشەوە دەست پێدەکات. کی ئینگیر تووشی وشکەساڵ و بێ بارانی

وبێ پیتی هات و مەزراکان بە هۆی وشکبوون و بێ ئاویەوە پاشەکشێیان کرد و بوون بە چۆڵگە و بیاوان.
بەرە بەرە خەڵکەکەی ڕێگەی کۆچبارییان گرتە بەر و بەرەو کوێستانەکان هەڵکشان. ئەم پرۆسە لە ساڵەکانی ٢١٠٠ی پێش زایینەوە واتە ٤١٢٠ ساڵ پێش ئێستا دەستی پێکرد. خەڵکی کەیانگیر یان سومەر بە زاگرۆس و تەورۆس دا بڵاو بوونەوە و چەند شارستانیەتی گەورەیان لە کوێستانەکانی دەوروبەری مەزۆپۆتامیا بەرپاکرد: ١- کاشی ٢- کوتی ٣- لولوبی ٤- هوری هەریەکەو لەم شارستانیەتانە دواتردەوڵەتی دیکەیان لێ کەوتەوە کەوا دوایین و بەهێزترینیان شاهەنشایی ماد بوو وا لە سەدەی ٧ی پێش زاییندا بەرپا کرا. ئەوە لە کاتێکدایە پاشماوەی خەڵکی کەیانگیرلە شوێنی خۆیاندا مانەوە و تووشی شەڕ لەگەڵ ئاموری یەکان و ئاکادیەکان هاتن و هێدی هێدی دەسەڵات لە دەستیان دەرچوو، لە ساڵی ١٩٠٠ی پێش زایین کەیانگیر یان سومەر کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئاموریەکان.

کەیانگیر برێتی بووە لە ١٥ شار و شارۆچکە ی وەک خەرکە، لارسە، گەزین، لاجان، خوریوە،کەش و هتد. هەر یەک لەم شارانە پەرستگەی بووە و تێیدا خواوەندەکان ستایش کراون. بەڵام ئانۆ، بل و ئێیا خواوەندی هەموو شارەکان بوون و بەرپرسی پەرستگە نازناوی پات زی هەبووە و دەسەڵاتداری شار بووە. دوای ئاموریەکان زەنگەگان دیسان دەسەڵاتیان گرتە دەست بەڵام ئاگادەکان و ئیلامیەکان وازیان لێیان نەهێنا و وای لێهات کە دەسەڵاتیان نەما و دەوڵەتی بابل و ئاشور و کەلدە بوون بە دەسەڵاتداری نێوان دووڕووانی خواروو، بەڵام زەنگەکانی کۆچکردوو بۆ زاگرۆس و تەورۆس و مەزراپوتان دەوڵەتی خۆیان درووست کرد

و یەک لە دوای یەک هێرشیان کردە سەر ئەو شوێنەی وا بە کەیانگیر دەناسرا و دەوڵەتیان لەوێ دامەزراند بۆ وێنە کاشی یەکان لە زاگرۆس هوری (کورتی)یەکان لە تەورۆس و کوتی (هوتی) یەکان لە مەزراپۆتان.

**شارستانیەتی ئەڵووان:** ئۆلۆ یان لولو واتە خەڵکی لای سەروو، ئەمە لە ئاسەواری کەیانەکان یان سومەرییەکاندا هاتووە. لای سەروو کوێیە؟ بەرزایی یان کێو و شاخ. کەواتە لۆلۆیی یان لۆلۆپی واتە کێونشین، پێڵۆیی، پاڵوویی.
پێشوێنی ئەم وشەش لەم وشانەی دیکەدا ئەدۆزینەوە: دا-ڵاهو، ئەڵ- وەن، پاڵە، سەرپێڵ، ئاڵۆتان، ئاڵۆت، هە- ڵۆ، ئەی-لۆ، لۆ!(کوڕە)،

لە زمانی کوردی کۆندا بەهەوارگەی ئولوکان کوتراوە لوهۆن یان ئولوان .ئەو خەڵکەی وا لە چیاکانی دەوروبەری ئیزین و کەش و لارسادا دەژیان واتە لە ناوچەکانی ئەوپەڕی ڕووباری دیالە و سنووری سیروان هەتا ڕوباری زێ ی بچووک.لە کۆنترین چیرۆکی نووسراوەی کوردی دا واتە "ئەنمەرکار"، باسی "ئارراتە" واتە کوێستان دەکرێ. خەڵکی ئارراتە خواوەندی هانەیان ستایش کردووە وا یەکێ لە خواوەندە پیرۆزەکانی سۆمەر(کەیان) بووە.

هەروەها خواوەندەکانی ئوتو، نانە یان خۆشویستووە. ئارراتە حەوت کەژ و کێو لە "ئونوگ کولابا" دوور بووە، ئونوگ کولابا ئەو شارەیە وا ئەنمەرکار فەرمانڕەوای بووە. ئولو بەشێک لە هەمان سومەریەکان بوون وا بە هۆکاری جۆراوجۆر ڕویان

کردبووە کوێستان. ئایین و بیروباوەڕیان هەمان ئایین و بیرو بڕوای کەیانگیرەکانی دەشت بوو، هەتاو وهانە ونانە بە سەر بەردەنووسی ئانۆ- بانو نی شاژنی ئولوەکانەوە هەڵکەندراوە.

هەروەها کەوان و تەوربە دەستێکیەوە و ئاڵقەی دەسەڵات واتە فەڕی یەزدانی بە دەستەکەی دیکەیەوە دیارە. ئولوانەکان وەک هوتییەکان و کەیانەکان بڕوایان بە خواوەندی پارێزەری تیشکی خۆر واتە هەتاو (کوردی) یان هوتوس(هیتی)، هوت (گوتی) ئوتو(کەیانی- سومەر) مەهرو (کاشی) توش (میتانی) و ماهرە (ماد) هەیە. شارەکانیان بریتی بووە لە دەندی، کۆماسی، سۆران، کاشو، سوتو، سیمرا یان سیروان، ئالۆت، ماماڵ، دزڵی، میشیاو، نگڵ، ئزگڵە، ئولووان (سەرپێڵ)، هلۆڵ، زاولە، لومار، هەڵەبجە، سەراولە، مەندەلی، ئولولا(جلەولا)، وزمەڵە، زامڵە، نشور، کرنتاش(کرند)، کارمیشی (کرماشان) هەتا دەگاتە ئەلیگودەرز و ئیلام و سەقز (ئیزیرتا) و ورمێ، ڕەواندز، دزێ ی ئاسۆس(قەڵادزێ)، چوارتە، شارباژێر، شارەزور، سورداش، سۆران، دوین، کەلار،.. نارام سین کوڕەزای سارگۆنی ئاگاد لە ٤٣٠٠ ساڵ پێش ئێستادا لەگەڵ ئولووەکان و هوتی یەکان شەڕی کردووە و دەنووسێ سەرکەوتنی بە سەریاندا تۆمار کردووە.

ئولووەکان و خزمە گوتی وهورییەکانیان بە شێوازی کۆنفێدراڵی دەژییان و چەند دەسەڵاتی ناوچەیی وەک ئولوپی (پاوە)، پەرسوماس و لوهون، زاموا و میشی یان بەڕێوە دەبرد و دەوڵەتێکیان دیسانەوە لە ساڵی ٨٠٠ ی پێش زایین بە نێوی ماننا درووست کرد کە لەوێوە هەنگاو بەرەو بەرپاکردنی ئیمپراتۆریەتی ماد هەڵگیرا.

کاتێ هەموو هۆزەکانی ئارراتە یان ساگراتە (یۆنانیەکان بە زاگرۆتس یان زاگرۆس ناویان دەبرد) لە کارکاشی یەکیان گرت و ئەنگومان (ئەنجومەن)یان

بەرپاکرد، بڕیاری بەرخۆدانیان دژ بە ئاشوریەکان دا و بەڵێنی هاوپەیمانییان دا و دادوەرێکیان بە نێوی دیائوکۆ یان دیاکۆ هەڵبژارد وەک شاهەنشا و شەڕ دژ بە ئاشور دەستی پێکرد. ئەو کۆبوونەوە مێژووییە ئەوەندە گرنگ بوو کە ناوی کارکەشی گوڕدرا بۆ هەنگوماتان. پێویستە بگوترێ کارکاشی واتە هۆزی کاش یان کەش ئاوەدانیان کردوەتەوە.کارکاشی زیاتر لە هەزارساڵ ناوی ئەو شارە بوو وا کۆچکردووەکانی شاری کەش کە یەکێ لە ١٥ شارەکەی دەسەڵاتدارێتی کەیانگیرلە ناودوڕوەوان (مەزۆپۆتامیای باشور) بوون لە دەشتی ماتان بەرپایان کردبوو. هەنگوماتان واتە شاری ئەنجومەنی ماتان یان پیاوماقوڵان و سەرۆک هۆزان. ئێستا بە هەنگوماتان دەڵێن هەمەدان. دواتر باسی کاشی یەکان دەکرێ.ئەوانیش بەشێک بوون لە شارستانیەت و ڕەچەڵەکی خەڵکی کەیان گیر. ناسنامەی ئەم وشانە دەگەڕێتەوە بۆ ئولوەکان ئولووان، هولووان، ئولوهون، لهۆن، ئولوران ولوهور. مێژوو ناوی چەند دەسەڵاتداری ئولۆی بۆ بەجێهێشتووین وەک: شادان،زرێو،داریان،یەکە، زاب و ئاشێوە و تاتە و ئەرتوش. لە ژیاننامەی زانا و فەیلەسوف و پیەغەمەری ناوداری کورد "پیر زەردەشت" دا دەخوێنینەوە کاتێ جەنابیان لە خەڵکی ماتان بێ هیوا دەبێ و لەوێ لە کۆڕی موغان دەری دەکەن دێت بۆ ناوچەی دراوسێ و لەوێ دەسەڵاتدارێک بە نێوی هیستەسپ خزمەتی دەکات و دەچێتە سەر ئایینی زەردەشت و باوکیشی کە نێوی لوهرەسپ بووە و براکەشی کە وەزیری بووە و نێوی زەریواربووە لەگەڵ خانەدانی پاشایەتی هەموویان دەبن بە زەردەشتی. دیارە لوهرەسپ وهیستەسپ و زەریوارو بەستورە کوڕی زرێوار، خەسرەوپاڵ یان پاڵە کوڕی زەرێوار، گاماسیاو زاوای زەردەشت وڕاوێژکاری هیستەسپ، ڕۆستەم ،گەرمەک ی بەیاخدارو ناوەکانی دیکە وا لە شانامەی

هیستاسپ دا باسیان کراوە هەموویان خەڵکی ئولوان ن. ئەو نێوانە هەمووی بە سەر گوند و ناوچە و شاخ و گۆلاوەکانی کوردستانەوەن. یەک شت زۆر سەرنجڕاکێشە بەشێکی زۆر لە کوردانی جوولەکەی زاگرۆسی ناوەندی واتە لە زێی بچووکەوە هەتا دەگاتە سیروان و دیالە بە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانەوە ئەو ناوە ڕەسەنە ئولووانی و هوتانیانەیان بووە وا لە دوای هاتنی ئیسلام ئەو بەشەی خەڵکی کوردستان بە هیمەت یان بە قیمەت یان بە شەڕە کوتەک و کوژتار بوون بە موسڵمان کەم و زۆر لە بیریان نەماوە لە خۆیان بنێن،لە بەر ئەوەی ئیسلام دژی کولتوری گاورایەتی وموغایەتی (مجوس) بووە و ئەو ناوانەش نێوی سەردەمی گاورایەتی بوون.

من بەش بەحاڵی خۆم شانازی بەو مێژووەوە دەکەم و پێی بەختەوەرم باوک و باپیرانی نەتەوەکەی من ئایینێکی پڕ لە مانای مرۆڤایەتی و شارستانیەت وهزروئەندێشەیان پەیڕەو کردووە وا بە ئێستاشەوە و بە خەرج کردنی میلیۆن میلیۆن دۆلار لە لایەن دوژمنانی کوردەوە و دزین وناوگۆڕین وچاوشارۆکێ سیاسیەکانیشەوە نەیانتوانیوە ئایدێنتیتەو پێناسەی گەلی کورد لە نیو ببەن. کە ئەڕوانمە ئەو مێژووە ،پڕاوپڕ دڵم شاد و گەش و ڕووناک دەبێ. خەڵکێک بەو دیرۆکەوە داهاتووی قەت نەمان نیە.

**شارستانیەتی گەوتان:** مێژوونووسی بەناوبانگی کورد حەمەمین زەکی بەگ لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا مێژووی کورد و کوردستان، سەرەڕای ئەوەی باسی ئەم شارستانیەتە دەکات لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا باسی شای کوردەکان گەوتان شا ، هەوتان شا یان گەوشان شا لە کرماشان دەکات وا دژ بە کەمتەرخەمی نەوشیروان

شای ساسان ڕاوەستا کاتێ کورد پشتگوێ دەخات. کوردەکان داوایان لە نەوشیروان کرد یاریدەیان بدا و باجیان کەم بکاتەوە ئەویش پشتگوێی خستن. ئەوسا کوردەکان لە دەوری گەوشان شا لە کوزەرانی مایدەشت کۆ بوونەوە و بە سەرۆکی خۆیان زانی و ئەمجاردژ بە نەوشیروانشای بێدادگەرڕاپەڕینیان کرد، سەرەڕای ئەوەی شۆڕشەکەیان نسکۆی هێنا بەڵام ناوی ئەم سەرۆکە کوردە لە مێژوودا تۆمار کرا.

گەوشان شای کورد ئەو سەرۆکە کوردە بوو وا دژ بە نەوشیروان شا ڕاپەڕی.
هوتان، گەوتان، گەوشان ، ئاوشان ناوی شارستانیەتێک بوو وا دووهەزاروبڕێ ساڵ پێش هوتانشا لە کوردستان و ناوڕووانی باشوور(مەزۆپۆتامیا) دەسەڵاتی بە سەر زاگرۆس و ئاگاد و بابل دا هەبوو. هوتان واتە هوتی یەکان یان وەک کەیانیەکان (سومەریەکان) دەیانگوت گوتیوم یان گوتی یەکان خەڵکی کوێستان بوون و لە کەرکووکەوە هەتا جزیرابۆتان و زاگرۆس و ئاوی ئاراز و زێ ی گەورە و بچووک لە ژێر ڕکێفیاندا بوو.
سارگۆن شای ئاگاد دەنووسێ هوتی یەکان وا لە هەموو بوارێکدا لە داهێنان و هونەر و پێشکەوتندا ئەستێرەی ئاسمان بوون پەلاماری ئێمەیان دا و من شکستیانم دا.
کاتێ دوژمن پەسنی گەورەییت بدات هەرچەندە نسکۆی بە تۆی هێنابێ هێمای ڕاستی یە.لەوانەیە وا لێکبدرێتەوە سارگۆن بە هوتی یەکانەوە خۆی هەڵکێشابێ و ئەوانی هێندە گەورە کردوەتەوە بۆ گەورەکردنەوەی خۆی وا توانیویەتی دوژمنێکی وا گەورەی شکست پێهێناوە.بەڵام ئەوە لە گەورەیی هوتی یەکان کەم ناکاتەوە.

هوتی واتە ئەوەی سەر بە هوت ە، و هوت یان گوت هەمان ئوتو یان هەتاو خواوەندی تیشکی خۆر لە کولتوری کەیانی/سومەری یە. ئوتو لە دوو شوێندا لە ئاسمان ڕاست ئەڕوانێتە زەوی: یەکەم شەوی پاییز، یەکەم شەوی بەهار. واتە شەو و ڕۆژ لەم دوو شەوەدا یەکسان دەبێ. ئەوەش بنەمای ئایینی گۆتانی یە. یەکسانی و بەرانبەربوون و دادپەروەری و دووانەیی ڕۆشنایی و تاریکایی.

ئەم ناوانە هەمان هوتی یە: گوتی،گۆشی(زێرگوشی)، کۆتی (ڕەش کۆتی)، توش ( ئەرتوش)، توس، هوتوس، تاوس و.. هوتی یەکان نارام سین ی ئاگادیان کوشت، ئەو نارامسین ەی وا شانازی بە بەزاندنی ئولوولانیەکانەوە دەکرد خۆی کەوتە داوی هوتییەکانەوە وئەوانیش سەریان تێدا برد. لە سەردەمی ئاشوردا واتە١٥٠٠ساڵ دوای نارامسین، هوتیەکان بریتی بوون لەماننا و ماد و ئورارتو. ئورارتو شارستانیەتێک بوو لە ڕووباری ئاڵ ەوە هەتا دەریای ورمێ. ئەوان پاشکوی میتانیەکان بوون.

میتانیەکانیش لە ڕەچەڵەکی هوری یان هورتی بوون وا بە ڕەگەز کەیان یان سومەر بوون لە باشووری ناودووڕووانەوە بەرەو زاگرۆس و تاوروس کۆچیان کردبوو! کەواتە هەموو شارستانیەتەکانی کوردستانی کۆن لە کەیان (سومەر)وە هەتا ئیمپراتۆری ماد لە زاگرۆس وە هەتا تاورۆس هەموویان بە نەبەتەر کەیانی ن واتە سومەرین. سومەر وشەیەکی ئاگادی یە. سومەر وشەیەکی بە زمانی ڕەسەنی باوک و باپیرانی کورد واتای نیە، سومەریەکان خۆیان بە خۆیان کوتووە "کەیان" واتە سەربەرز و ئازا.

هەر بۆیە زۆر جوانە بە ناوی ڕەسەنەوە ناوی سومەریەکان بنووسم. هەرچۆنێک بێ هوتیەکان یان هوتانەکان بە ڕەگەز کەیان ن. ناوی شاهەنشاهانی هوتانی سەرنجڕاکێشن لە بەر ئەوەی لە مێژوودا و دوای ئەوانیش هەتا ئێستا بە سەر شوێنە بە ناوبانگەکانی کوردستانەوە ماون یان ناوی کوڕانەن وەک: ئەردەشێر ساڵی ۲۱٤۱ ی پێش زایین دەستی بە سەر ئاگاد دا گرتووە. ناوی هۆز و شوێن و شاخ و کێو وشار و مەڵبەند و پاڵەوان و شا لە کولتوری کورددا ناوی ئەم شاهەنشاهانە وەک جەم، ئەنەو، شاهۆ، سەرلەک، زەڵم، هەڵمەت، ئاریازاب یان گرێزە، کوباد، زور، گور، یاپاڵ یان پاڵە، زابلی، سەراولە، زاب، سام، ئاریازەند، تیر، کوڕوژ یان کوڕوز، هوتەن و کەی کاوس (ئین کی شاوش) هۆزێکی بەناوبانگی کورد بە نێوی گەودان لە باکووری کوردستان هەڵگری ناوی ئەم شاهەنشاییەن. ناوی گەودین یان گەودین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی قوروە هەڵگری ناوی ئەم شاهەنشاییەن. گەوت یان گەود، گەوەت، کەوەد، کەوات، گاوە، کاوە، گەئو، گەیو، کەیو، کەوە دەیگێڕێتەوە وا هوتی یەکان هەمان کەیانیەکانن، واتە سومەرین.

درێژەی هەیە...

۲۱ مارچ ۲۰۲۰

-٢-

**شارستانیەتی کاردونیا (کەشوان):** هوتان یەکان دوای ئەوەی دەسەڵاتەکەیان لە ساڵی٢٠٥٥ی پێش زایین لە بابل ڕووخا و تیریک شای هوتان لە ئاگاد کوژرا، هۆزەکانیان گەڕانەوە بەرەو زاگرۆس و ماوەی دووسەت ساڵ بە شێوازی دەوڵەت شار لە قەڵاکانیاندا ژیانی خۆیان دەکرد.هەرچەندە لە تاورۆس واتە کوێستانی هورو دەشتەکانی پاتان شارستانیەتی هور کە ماوەی ٣٠٠٠ ساڵ بوو بە دیوی ڕۆژاوای ناودووڕووانی باکووردا بڵاو ببوونەوە شارستانیەتەکانی هوری ولقەکانی وەک هیتی و میتانی درووست ببوون و هەتا سەرهەڵدانی پاڵوئەشکەنەکان (سەک، شکوز، ئەشکەنە، ئەشکەناز) لە ٧٠٠ی پێش زاییندا درێژەی هەبوو، بەڵام لە زاگرۆس هۆزە کانی هوتان و ئولووان بە شێوازی کۆنفێدراڵی بنەماڵەیی واتە ماتان یان مادان ژیانیان دەکرد. دەسەڵاتدارانی ئەڵو-هوت سەر بە چینی کۆمەڵایەتی مات

یان ئاریستۆکرات بوون. ئاریستۆکراتەکان پێکەوە پەیماننامەیان مۆردەکرد و پێکەوە ناوچەیەکیان بەڕێوە دەبرد.

ماتان یان مادان خاوەن دەسەڵاتی "پات شێ"یەکانی کەیان- گیر (سومەر) بوون واتە هەم دەسەڵاتدار بوون (پیر) هەم مۆغ ی ئایینی بوون. ئەو موغانەی وا تەنیا کاری ئایینییان دەکرد بە کاوی دەناسران بەڵام "پات شێ" واتە شای پیرۆز.

دەسەڵاتی پات شی بە هۆی ئەوەی هەڵگرێ پلەی ئایینی بوو، پیرۆز بوو لە لایەن خواوەند ئوتووە چاودێری دەکرا. پات شێ یەکی زاگرۆس بە نێوی "زەنداس" یان "زەند" وا سەرۆکی کۆنفێدراسیۆنێکی هوتی- ئولۆیی بە نێوی "کەشوە" یان "کەشواد، کە شپات" بوو دوای ئەوەی هۆزەکانی زاگرۆسی یەکگرتوو کرد لە ساڵی ١٧٥٠ی پێش زایین بەرەو دەشتەکانی ناودووڕوان واتە ئاگاد و بابل هێرشی هێنا و دەوڵەتی هامورابییەکانی ئاموری ڕووخاند. لە بەردەنووسراوەکاندا لە بابل بە کەش یان کەشۆ تۆمار کراون. زەند ناوی دەوڵەتەکەی نا "کاردونیا" واتە جیهاندار یان دنیادار. دوای زەند: کاک ڕم، گاماس، بەرزی گەرماو، شیدە،کرند، مەرداس، زاگرۆس سورداش، خومزاد و... پاشایەتی بابل و زاگرۆسیان کرد و لە کۆتاییدا دوای ٦٢٥ ساڵ دەسەڵاتداریتی لە ساڵی ١١٧٥ی پێش زاییندا کاردونیا بە هێرشی کوتوپڕی هیتی یەکان کۆتایی پێهات. هەروەک کوترا هیتییەکان وەک هوتی و ئولوبیەکان بە ڕەگەز دەگەشتنەوە بە شاهانی سومەر.

**شارستانیەتی هوری:** هوری، ئوری،حارری،سوری،شوری،توری وخوری ناوی شارستانیەتێکە وا لە چیاکانی تاورۆس و دەشتی پاتان (حاران)دا بۆ ماوەی سێ هەزارساڵ خاوەن پێگەی کولتوری و سیاسی و مێژوویی بووە.

زمانی هوریەکان زمانی ئارراتە واتە ساگراتییەکان بووە. ئەو زمانەی وا ئەڵوان و هوتان و کەشوان و کەیانەکان قسەیان پێ کردووە. هورییەکان لە بواری ئایینیەوە هەمان ئایینی باوک و باپیران و خەڵکی خۆیان لە زاگرۆس پەیڕەو کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بە هۆی دراوسێ بوون لەگەڵ کەنعانی و ئاشورییەکانەوە هەندێ چیروانۆک و تایبەتمەندی خۆیان بووە. ناوی خواوەندی خۆر لەلای هورییەکان تیم-ئی یان توڤ ئی (simgi) یە واتە هەمان خواوەند ئوتوی کەیانی، خواوەند هوتوی ئەڵوانی و هوتی. ناوی خواوەندی مانگ، کەشکۆیە واتە گۆی ئاسمان ودەمانخاتەوە بیری کۆنفێدراسیۆنی کەشوەی زاگرۆس وا دەوڵەتی کاردونیای لە بابل دامەزراند. هوری یەکان نۆتی گۆرانییان نووسیوە و لە ڕووی دەقەوە ئامێری موسیقییان ژەندووە، زۆر سەیرە، هەروەها چەند چیروانۆکی وەک "کوماربی" یان نووسیوە.

کوماربی ژیاننامەی خواوەندێکی نیوە بەرد نیوە مرۆڤە: کو واتە ڕەقەبەرد و ماربی یان مارڤی واتە مرۆڤ. تور یان هور ئەوەیە وا ئێستا پیی دەڵیین "گڕ" کاتێ ئەڵێین هوور یان خۆر مەبەستمان خۆ- ئورە واتە "گۆی گڕ"، ڕاستە وایە خۆری ئاسمان گۆی گڕاوی و ئاگرینە. کوێستانی تاورۆس یان نیشتمانی هوری یەکان هەمان مانای هەیە واتە کوێستانی خۆر، کوێستانی تور یان گوڕ.

لە هەزاران ساڵ پێش ئێستاوە هوری یەکان یان توری یەکان لە شاری هەرران پەرستگەیان بۆ خوواوەندی خۆر یان تور بەرپا کردبوو. خواوەندی پارێزەری تیشکی خۆر یان گڕ واتە توڤ- ئی یان ئوتو ئەوپەڕی ڕێزی بوو، موغەکان قوربانی یان بۆ دەکرد و لە ڕێگەی ڕمڵ و ئەستێرلەپەوە خەرێکی چاودێریکردنی خۆر بوون و هەموو دیاردەکانی ئاسمانیان بۆ پێگەی خۆر و کاردانەوەی ئەستێرەکان و خۆر و مانگ و تروسکە واتە ئەستێرەی ئاناهیتا یان هانە لە سەر ژیانی سەر زەوی ڕەچاو (رصد) دەکرد. ئەو موغانە بە ئاتورپات بەناوبانگ بوون واتە پارێزەرانی ئاتورو بە پەرستگەی خواوەند ئوتو دەگوترا ئاتورمان.

ئاتورپاتەکان جیهانیان بە دنیا و جیهانی ژێرزەوی و جیهانی سەرزەوی پێناسە دەکرد. بۆ وێنە خواوەندی جیهانی خوارەوە وا تاریکی تێدایە نێرک گەل و خواوەندی جیهانی سەروو واتە مێتافیزیک خواوەند ئوتو یە لەبەر ئەوەی بە تیشکی خۆر ژیان و ڕۆح ئەخاتە کڵیشەی بوونەوەرانەوە.هەروەها ئنلیل خواوەندی زەوی بوو، خواوەندێکی خۆشەویست و باوکانە بوو کە خێرخوازیی خەڵک بوو. هوری یەکان چەند خواوەندی دیکەیان هەبوو وەک تەزوو، شوێشە یان تیشک و... لە سەر بەستێنی شارستانیەتی هوری دوو شەهەنشایی سەریان هەڵدا هیتی یەکان و میتانیەکان و ئەم دوو شەهەنشایی یە و مێژوویان ڕەنگدانەوەی لە سەر مێژووی گەلی کورد زۆر بەهێز بوو.

کاتێ هیتییەکان هێرشیان کردە سەر میتانی و کاردونیا و خۆیان دواتر بە هێرشی کیمریەکان و سکیتەکان لە نێوچوون، کوردستانی کون پڕبووەوە لە کۆنفێدڕاڵییە

جۆراوجۆرە هەرێمیەکان (ئۆرارتو،ماننا، کوموش، گیلزان، خالدی، ئەڵو-مایت...) هەتا ساڵی ٦٠٠ی زایینی وا شەهەنشا گۆدەرزی ماد نەتەوەی کەیانی کە ماوەی هەزارو شەشسەت ساڵ بوو بە زاگرۆس و تاورۆس وناودووڕووان دا بڵاو ببوونەوە جارێکیتر لە ژێر چەتری دەوڵەتێکی یەکگرتوو بە ئایینێکی یەکگرتوو و زمانێکی یەکگرتووکۆ کردەوە. با ئەوەش بڵێم ئێزیدیەکان میراتگری ڕاستەوخۆی کولتوری ئایینی هوری یەکانن و پارێزەری کۆنترین ئایینی مێژووی حەوت هەزارساڵەی کوردن. بێجگە لە حەران،شارەکانی ئورکەش و ئوگاریت، نوزی و ماری و ئاراپخا شاری هورییەکان بوون.

**شاهەنشایی میتانی:** لە دڵی شارستانیەتی هوری یەوە دەوڵەتی میتانی و دەوڵەتی هیتی بەرپاکرا. هەرچەندە دەوڵەتی هیتی دوو سەدە پێش میتانیەکان درووست ببوو، بەڵام سەرەتا باسی دەوڵەتی میتانی دەکرێ لەم بابەتەدا: ئەستێرەی میتانیەکان لە پازدە سەدە پێش زایینی یەسوع واتە ٣٥٠٠ ساڵ لەمەوبەرلە ئاسمانی مێژووی کوردستانی کۆندا هەڵات. میتانی یەکان بە گوێرەی ناوی چەند شاهەنشایان، هەندێ ڕاستیی لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئەو سەردەمەی ڕۆژاوای ڕووباری فرات دەردەخەن. ئەوان خاوەنی شارستانیەتێکی درەوشاوە لە بواری کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسی و ئارتەشداری بوون. سەربازان و شەڕوانانی میتانی بە مارجانگو واتە مەردی جەنگی دەناسران. ئاشوریەکان باجیان پیدەدان ،تەنانەت جارێکیان شای میتانی "شاویس" پەلاماری ئاشووری دا ودرگا زێڕینەکانی کۆشکی پاشایەتی ئاشوری هەڵکەند وهێنایەوە بۆ "خوەشکان" پایتەختی میتانی.

هەروەها ئەوان لەگەڵ فەڕۆخەکانی مسرپەیمانیان بەست و چەند شازادەیان وەک دوختو (تادوخیپا) مێردی بە فەڕۆخی مسر کرد. دوختو یان تادوخیپا کە بە زمانی مسری کۆن بە نێفێرتیتی دەناسرا. بیرۆکەی خواوەند "ئوتو" یان "هوتوس" ی لەگەڵ خۆی برد بۆ کۆشکی فەڕۆخەکانی مسر و "ئەخناتون" بوو بە ئەو فەڕۆخە یاخییەی وا بوومەلەرزەی ئایینی-سیاسی خستە کۆمەڵگەی مسرەوە. خواوەند ئاتون وا هەمان خواوەند ئوتو یە وا کوردانی کۆن لە سەردەمی کەیانی یەکانەوە بڕوایان پیی بوو، خواوەندی پارێزەری تیشکی خۆر. میتانییەکان خاوەنی کتێبخانە،برجی ئەستێرەوانی، ئاتورمان و پەرستگە، سوپای بەهێز، دەزگای دیپلۆماتیکی بەهێز و شارستانیەتێکی پێشکەوتوو لە سەردەمی خۆیاندا بوون.کتێبخانەی حەران وا پڕ بوو لە کتێبی فەلسەفی و ئەستێرەوانی و بیرکاری و کیمیا هەتا سەدەی هەشتی زایینی کتێبخانەی هەرە گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. لە کۆتاییدا بە هۆی دژایەتی کردنی مامون خەڵیفەی عەباسی لەگەڵ ئێزیدیەکان و مەندایییەکان کە میراتگری ئایینی باوکوباپیرانی کوردان بوون، ئاگری تێبەر درا، کتێبەکان و تۆمارەکان سووتێندران، ئەستێرەوانان و پیران و دەروێشان و موغان شەهیدکران، برجی ئەستێرەوانی ڕووخێندرا و خەڵکێکی زۆر کوژران لە بەر گۆشەی چاوی خەڵیفەی موعتەزلی عەباسی و ئەو دینەی وا ئەو قەبووڵی بوو.

ناوی شاهەنشاهانی میتانی سەرەڕای ئەوەی کوردین باسی پێگەی ئایینی ئەوانیش لە کۆمەڵگەی خۆیاندا دەدرکێنێ. ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی "ئاتوروانی" وا دوو ڕێچکەی ئایینی مەهرایی (خات تاوس یان میترابیسم) و مەزدایی (زەردەشتی) لێکەوتەوە و ئایینەکانی مەندایی،مانەوی، مەزدەکی، ئێزیدی و یارسانی بە دوای

ئەواندا هێنایە گۆڕەپانی کولتوریی خەڵکی کوردستانەوە بوو بە هۆکاری پاراستنی کولتوری ئەو نەتەوەی وا زیاتر لە حەوت هەزارساڵ لە ناوچەکەدا ژیاوە و خاوەنی ژیار و شارستانیەت، پێناسە، مێژوو، زانست، هونەر، ئایین، زمانی تایبەت و زاراوەی جۆراوجۆر، جلوبەرگ و نەریتی تایبەتی خۆیەتی. بۆ کورد لەناو نەچووە؟ لە بەرئەوەی فەرهەنگەکەی هی خۆیەتی و بەشێکە لە ویژدانی.

لە ئاڤێستادا باسی چەند پلە و پێگەی ئایینی کراوە و هەروەها موغە میترائییەکان خاوەن حەوت پلەی ئایینین وەک ئێزیدیەکان: پیر و فەقیر و دەروێش و کۆچەک و... وادیارە شاهەنشاهانی میتانی سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتداری دنیایی بوون دەسەڵاتداری ئایینیش بوون وەک پات شێ یان پادشاکانی کەیانی-سۆمەر و ئەڵوەن و هوتی و کەشوانی یەکان: ١- ئەرتا ٢- وەهەرز یان بەرزان ٣- دەریۆز یان شویدەر کە دەبێتە دەروێش بە زمانی کوردی ئێستا،زەردەشت لە گاتادا دەفەرمێ من دەریۆزم واتە دەروێشم. ٤- گۆدەرز، واتە پارێزەری گەوهەری زانست و هزر ٥- ئەردەوان، ئەرتاوان واتە لە توخمی پیرۆز ٦- ئەردەشێر، شێرپلەی چوارەمی پیاوانی ئایینی ئاتوروان بوو، کەم کەس دەیانتوانی بەو پلە بگەن. ٧- توش یان تاوس، ئەوەندە بەناوبانگە ئیتر پێویست ناکات شتی زیاتر بنووسم ٨- شاوەیس (شاویس)، واتە سەرۆک خانەدان. ئێستا بە هەڵە بە شاویس دەڵێین شاوەیس. شاویس وشەیەکی هەزاران ساڵەی کوردییە و خەڵکی ئێمە "ویس" لەگەڵ "ئووەیس ئەلقەرەنی" کەسایەتی بەناوبانگی ئیسلامی تێکەڵ دەکەن. ٩-کوردی ویس یان گوردی ویس.واتە پاڵەوانی خانەدان ١٠- شاوەران یان شاپور لە سەردەمی شاوەرانی دووهەم دا هیتییەکان کە دەوڵەتێکی بەرەگەز کەیانی بوون هێرشیان کردە

سەرمیتانی و کەشوان- کاردونیا ولە ناویان بردن. بنەماڵە بەناوبانگەکانی میتانی بە کوردستاندا بڵاو بوونەوە و گەییشتنە سنووری دەریای پیرۆزی ورمێ و دەریای پیرۆزی ئوتوس پا واتە دەریای وان. ئەو دوو دەریا وا ئاویان ناخورێنەوە و یەکیان تاڵە و ئەوی دیکەیان سوێر. لەوێ ئاتوروانان و خانەدانەکان گرسانەوە و شارستانیەتی ئورئارتو،گیلزان، مەهران و ماننایان دامەزراند. ئەوانە دواتر بوون بە بەردی بناغەی شەهانشایی ماد.

٢٦ مارچ ٢٠٢٠

-٣-

**شاهەنشایی خاتوش:** هەروەک باس کرا، لە دڵی کولتوری هوری یەوە دوو دەوڵەتی میتانی و هیتی درووست بوون. باسی میتانی کراوە پێشتر و لەم بابەتەدا باسی شاهەنشایی هیتی دەکرێ.

هیتی ،هوتی، گوتی و گیتی و کوتی هەر یەکێکن و بە شێوەزار و سەردەمی جیاواز کوتراون بەڵام دامەزرێنەری دەوڵەتی هیتی خانەدانی "خاتوش"ن. خانەدانی خاتو یان هاتو لە کۆنەوە لە دەوروبەری ڕووباری ئاڵ دەژیان. ئەوان شاری "خاتوش" یان ئاوەدان کردبووەوە. دواتر ئەوەندە هێزیان گرت کە شاهەنشایی خاتوش یان ئەوەی ئێستا پیی دەڵێن هیتی یان درووست کرد و مێژوویان نووسیەوە و ڕێڕەوی فەرهەنگی کوردیان بردە ئاستێکی دیکەوە.
بنەماڵەی خاتوش کە ئێستا بە خات دەناسرێن و ئێزیدین، ڕەگەزیان دەگاتەوە بە "ئوتوخ گەل" پات شای شاری کەیانی "ئوروک" ی سومەری. ئوتوخ گەل لە بەردەنووسەکەیدا دەنووسێ "هوتانەکان شاهەنشایی کەیانی یان بردوەتە کوێستان" ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە: بەشێ لە کەیانییەکان کۆچیان بۆ کوێستانی زاگرۆس و تاورۆس کرد و خۆیان دەوڵەتیان دامەزراند بە بێ منەتی خزم و کەسە دەشت نشینەکانیان لە ١٥ شارەکەی کەیانی کۆن.

خاتوشەکان یان هیتیەکان یەکێ لەو خانەدانانە بوون وا کۆچیان بەرەو سەرچاوەکانی ئاوی فرات و دجلە کردبوو،لەوێ شارستانیەت و دەوڵەتی خۆیان دامەزراند بەڵام هەموو بنەما کولتوریەکانی خۆیان پاراستبوو.

هیتی یەکان لە دەوروبەری ڕووباری ئاڵ و سەرچاوەکانی ڕووبارە گرینگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست واتە دجلە، فرات و ئاراز و ئاڵ دا بنەی دەسەڵاتیان خست و دەوڵەتێکی بەهێزیان بۆ ماوەی ٩٠٠ساڵ و لە سێ قۆناغی جیاوازدا لە ڕۆژاوای مەزۆپۆتامیای باکووردا بەرپاکرد. ئەوان بڕوایان بە خواوەند خاتوش (خاتوس)، ئوتوس واتە خواوەند ئوتو واتە میترا، تاوس یان پارێزەری تیشکی خۆر بووە تەنانەت هێمای ئەم خواوەندەیان وا بە چەشنی خۆری باڵدار بووە بە جل و زرێی بەریانەوە وبە سەرسینگیانەوە نەخشێندراوە. ئەوانیش وەک میتانی و کەیانی و کەشوانی و ئەڵوانی و هوتانیەکان بڕوایان بە جمکەی خێر و شەڕ واتە کاوە و کاوەبەد بووە،ئەوان بڕوایان بە هامزاد و هامسا واتە موەکڵ بووە. ئەوانیش نەریتی گنوتی واتە سۆفی گەری یان بووە وەک هەموو شارستانیەتە کوردی یە کۆنەکان. بنەمای مرۆڤیان بۆ بەردی ڕەش یان گۆی هزر واتە "سیاگۆ" کە هەڵگری ئەندێشە و عەقڵ و زانست و بیرکردنەوەیە گەڕاندوەتەوە، ئەوە لە میترایسم و مەزدایسم دا کە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی هۆتۆئیسم یان خۆرگەرایی وا لە دڵی کولتوری کەیانی ـ سومەری یەوە هاتوەتە دەرەوە. بڕوانە ئاڤێستا چۆن باسی بیر و ئەندێشە دەکات. ئیزەدەکان تریش لە لای هیتییەکان پیرۆز بوون وەک زاڵ (خالدتو، زارتو، زاردو، ئاردو، ئاردوشێر، ئورارتو)، نێرگال و... هەبووە.

کاتێ هیتی یەکان لەناوچوون بەشێک لە بنەماڵەی پاشایەتی ڕووی کردە ڕۆژهەڵات و لەوێ لە دەوروبەری گۆلاوەکانی وان و ورمێ وە هەتا دەگاتە ڕووباری جەخاتو لە دەوروبەری شاری سەقز دەوڵەتێکیان بە ناوی خالدی یان دەوڵەتی زاڵیان بەرپاکرد.

خاڵدییەکان ڕاستەوخۆ دەوریان لە درووست بوونی دەوڵەتی مانندا هەبوو. هیتی یەکان وکەشوانەکان ڕیشەی هاوبەشیان هەیە بڕوانە ناوی زەند کە ناوی دەسەڵاتدارێکی کەشوان- کاردونیایە (١٧٣٠-١٧٠٤پ.ز) لەگەڵ زەند شاهەنشای خاتوش (١٥٢٦-١٤٩٦پ.ز) یەکێکە. یان ناوی ئەڵوەن شاهەنشای هوتان (٢١٢٠-٢١١٤ پ.ز) لەگەڵ ئەڵوەن شاهەنشای خاتوش (١٣٤٤-١٣٢٢پ.ز) یەکێکە. ئایین و ناوی ئەم شاهەنشاهانە درکێنەری ڕاستیەکی زۆر ئاسایی و لاوەکی و لەبەرچاوە کەوا کوردستان لە بواری زمان و کولتورەوە یەک دەست بووە. ئیزەدێکی دیکەی خاتوش ئیزەد خاڵدتو واتە خواوەندی پارێزەری "زاڵ بوون" و سەرکەوتن لە شەڕ و بەربەرەکانێدا. زاڵ ناوی پاڵەوانێکی کۆنی کوردە و هەروەها ناوی شاهەنشایێکی خاتوش (هیتی)یە.

هێزی زاڵ لە ئاڤێستادا بە ئەرغەنە (وەرهەرغەنە) ناوی دەبرێ و دەفەرمێ: ئەرغەنە ئیزەدی پارێزەری هێزی شەڕ وزاڵ بوون لە پێش ئیزەد میترا (هوتوش،خات تاوس)ەوە دەڕوا و شەڕی ڕاستی و درووستی دەکات لەگەڵ درۆزنان و پەیمانشکێنان. لە میتانی و کەیانی- سومەردا ئەرغەنە بە چەشنی بەراز نەخشێنراوە. لە دڵی شارستانیەتی هیتی دا شارێک بە نێوی ئەرغەنی هەیە و کوردانی زازا لەوێ دەژین. (نازانم فاشیستەکانی کەماڵ ئاتورک ناوی ئەرغەنی

یان بە چی گۆڕیوە). سەرنجڕاکێشە ناوی شاژنێکی خاتوش وا ژنی زاڵ ی یەکەم بووە لێرەدا بنووسم، شاژن "نۆگوڵ" و کچەکەشی ناوی شازادە "یاسمین گوڵ" بووە. پایتەختی شاهەنشاهی خاتوش شاری خاتوشا یە و لە نزیک ئانقەرەی تورکیای ئێستادایە. دەوڵەتی خاتوش ئەنجومەنی پیرانی بووە و هەموو سەرۆک هۆزەکان ڕا و بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە،ناوی ئەم ئەنجومەنە: خوانکە یان خوان بووە وگەورەگەل بەدەوردا دانیشتوون و ڕاوێژیان کردوە. ناوی چەند شاهەنشای خاتوش لێرەدا کۆتایی بەم بابەتە دێنێ: خەسرەو١٦٠٠ی پێش زایین، فەرای (فەرهاد) توش، فلامەرز، شازەند، شیدان (ناوی هۆزێکی کوردە لە ناوچەی گۆلاوی وان) سیاگۆ، سیاوۆش، زاڵ، ئەڵوەن یان هەڵمەت، ئارمانجە، قوباد.

**کۆنفێدراسیۆنە ناوچەییەکان :** لە نێوان ١١٨٠-٩٠٠ی پێش زاییندا، کاتێ شاهەنشایی هیتی ڕووی لە لاوازبوون کرد بوو بە پاشاگەردانی وهەر بنەماڵە و خانەدان و شازادەیەک بۆ خۆی دەسەڵاتی دامەزراند.
هەندێکیان ڕوویان لە ڕۆژهەڵات کرد و لە هەر شوێنێک وا دەستیان بەسەریدا ڕۆییشت، خۆیان دابین کرد و دەوڵەتێکی ناوچەییان بۆ خۆیان درووست کرد. لە ساڵنامە ئاشووریەکاندا باسی چەند نیمچە دەوڵەتی وەک سان گەل، مەهران، کوموشکی، نایری، خاڵدتی و موساسیر(موزئیزیر، مای ئیزیر، پی شیئیر، ئیزیرتو، موشاشی ئیر، شێرۆوە، شوراوە، شوباری، شوبارتوی، ئوبارتوی، ئورارتو) دەکرێ.

لە سەدەی ١٢ی پێش زایینەوە هەتا سەدەی حەوتەم واتە لە مەودای پێنسەت ساڵدا زۆر ئاڵوگۆڕ لە ناوچەکەدا درووست دەبێ. ئاشوریە سامی نەژادەکان سەرەتا لە ڕکێفی بابل دا بوون پاشان بەشێک بوون لە دەوڵەتی میتانی، کاتێ شاهەنشایی هیتی، دەوڵەتی میتانی ڕووخاند و ڕووی کردە بابل و دەوڵەتی کاردونیای ڕووخاند، ئاشور پشووی وەرگرت و ئەمجار سەربەخۆیانە دەستی دایە داگیرکاری و پەلامار.

دیارە کوردستانی کۆن گۆڕەپانی ڕمبازێن و دەستدرێژی ئاشوور بوو. کەشوانەکان ، هوتان و ئەڵوەن و هوری- میتانیەکان و خاتوش- هوری یەکان کەوتنە سازدانەوەی خۆیان دوای ئەوەی شاهەنشاییەکانیان ڕووخا. ئێستا کوردستان پڕە لە دەوڵەتە هەرێمی و ناوچەییەکان، بەڵام هێزی یەکگرتنەوەیان نامێنێ.

ئاشور ئەوەندە بە دژواری و تیژی هەڵسوکەوت دەکات کە مەودا بە کوردەکان نادات خۆ خڕبکەنەوە. ئاشور بوو بە هۆی ئەوەی زیاتر لە شێست هەزار جوو لە ئیسرائیلەوە ڕاگوێزی کوردستان بکرێن وزمانی ئارامی ببێ بە زمانی ئیداری. هەروەها خێڵی شوانکارەی پاڵهوماد (داڵاهویی) شوێنی خۆیان بەجێبهێڵن و ڕووبکەنە هەریمی بوختوی باشووری زاگرۆس.

هەروەک باس کرا خواوەند خالدتو کە ئیزەدی شەڕو زاڵ بوون و سەرکەوتن بوو لە شاهەنشایی هیتی دا زۆر ڕێز و حورمەتی هەبوو. ناوی چوارپادشای خاتوش، خاڵتودیا بووە. بەشێ لە خانەوادەی خاتوش ڕوویان کردە سەرچاوەکانی ڕووباری ئاراخش (ئاراز) و گۆلاوی وانێ وشارستانیەتی "نەیری- مان" واتە دەوڵەتی

"خانەدانی نەیری" یان بەرپاکرد. ناوی نەریمان( نەیری مان) یادگاری دەسەڵاتدارێتی ئەو دەوڵەتەیە. کۆنفیدراسیۆنی خانەدانی نەیری پێک هاتبوو لە هاوپەیمانی نۆ یان هەشت هۆز، ئەوان سەرەڕای ئەوەی ئیزەد خاتوش یان ئوتو کە دەبێتە تاوس یان میترایان زۆر خۆش دەویست بەڵام ڕێزی تایبەتیان بۆ خاڵدتو هەبوو.
نایری هەمان ئایرین و ئارین و نارین و نارون و ئارونا و خارونایە بە واتای بەرازی یەکەمی پێشەنگی شەڕ. واتە وەرەهرام، وەرەهران، وەرتەرخان و بارام کە دەبێتە هەسارەی مارس یان بارام. هەساری سوور. نوێنەری ئاگری سووری پیرۆزی شاری ئەشکوز یان هەمان موشاشیر.

خاڵدتو ئیزەدی شەڕ و زاڵ بوون، بە شێوازی پاڵەوانێک وا سواری شێربووە دەردەکەوێ.ئەوان دواتر لە مێژوودا بە شاهەنشایی "ئورارتو" ناوبانگیان ڕۆییشت. ئورارتو لەگەڵ ئاشور کەوتە شەڕ و پێکدادان. پایتەختی ئورارتو شاری توش- پا یە. توش هەمان ئوتوی کەیانی خواوەندی خۆرە و پا واتە بەرزایی. بەستێنی شارستانیەتی خاتوش (هیتی) لە ڕووباری ئاڵ لە باکووری کوردستانەوە بووە هەتا ڕووباری جەخاتو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. خاتوش و کەشوان و ئەڵوان- هوتان لەم مەڵبەندەدا بە یەک دەگەنەوە.

ئەم ناوچە ناوی سوریگاش یان جێگەی خۆرە و پەرستگە یان ئاتورمانی زۆر پیرۆزی ئاردینی (موساسیر) بەرپاکراوە. لە نزیک گۆلاوی ورمێ شارێک بە نیوی ئیدی بووە و هەڵگری شارستانیەتی خاتوش بووە. لە ڕۆژی شەمە ١٢ی

مانگی ئاپریلی ١٩٥٨ گرووپێکی توێژەری ئەمریکایی بە سەرپەرشتی پرۆفێسۆر ڕۆبێرت دیسن "Robert Dyson" لە گردی حەسەنیان ی شاری نەغەدە دوای هەڵکۆڵینێکی بەرفراوانی ئەم گردە، کەوتن بە سەرگەنجێکی زۆر بەبایەخی کۆن. وەک تەرمی دوو ئەویندار کە لە باوەشی یەکدا مردوون و هەروەها جامی کۆماربی، جامێکی زێڕینی ٩٥٠ گر.ئەم جامەیان بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ تا ساڵی ١٩٩٨ لە خەڵک شاردەوە و لەم ساڵەدا ئیجازەی نمایش کردنی درا و خەڵک توانییان لە مۆزەخانەی تاران چاویان پێیبکەوێ. ئەو کرێکارە تورکە وا لە بەر دەست بەڕێز ڕۆبێرت دیسن کاری کردوە و ئەم جامەی دۆزیوەتەوە، چیرۆکێکی سیاسی هەڵبەستووە گوایە دیسن پێی کووتووە من خەڵاتت دەکەم و پوڵێکی زۆرت دەدەمێ و دەنگ مەکە ئەم جامەت دۆزیوەتەوە. بەڵام ئەو کابرا دەچێ بە سەرپەرشتی گروپە ئێرانییە توێژەرەکە دەڵێ من ئەو جامەم دۆزیوەتەوە، هەر بۆیە پرۆفێسۆر دیسن نەیتوانیوە جامی حەسەنیان هەڵگرێ و بیشارێتەوە... ئەوە با بڵێین ئەو زانا ئەمریکاییە ئەو جامەی ویست بۆ وڵاتەکەی خۆی، کەس بۆ پرسیار ناکات ئەو جامە لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێراندا وەک خۆیان دەڵێن دۆزراوەتەوە و هی خۆیانە، باشە بۆ ٤٠ساڵ شاردیانەوە و نیشانی خەڵکیان نەدا؟ لەبەر ئەوە ئەم جامە مێژووی خەڵکی کوردستان لە سەردەمی سومەرەوە هەتا دەگاتە هوری و کاشی و گوتی و لولوبی و هیتی دەگێڕێتەوە. بە چەند هێمای وا بە سەر ئەم جامە زێڕینەدا نەخشێندراوە.

جامی حەسەنلو لە جەنگەی هارت و هاوارە پان ئیرانیستیەکانی ساڵانی پەنجا و شەستدا دۆزرایەوە، ئەم جامە دەگێڕێتەوە پێگەی ئایینی میترا وئایینی مەزدا نەک لە باشووری ئێران بەڵکوو لە کوردستان و هەموو چوارگۆشەی ئەم خاکە زێڕینە سێ

سووچەدایە. پێشتر باسم کردووە کوماربی واتە بەرد ـ مرۆڤ ، خواوەندێکی کۆنی هوری یە و لە کولتوری میتانی و خاتوش دا ڕەنگدانەوەی هەبووە. بێ هۆکار نیە ناوی ئەو ناوچەی وا ئاتورمانی ئاردینی یان موساسیری تێدا بەرپا کراوە سوریگاش یان خوریاش ە، لەبەر ئەوەی شارستانیەتی هوری لەم ناوچەدا باڵادەست بووە و ئاتوروانانی هوری ڕوویان کردوەتە ئەم شوێنە و ئەو پەرستگە گەورە لەم ناوچەدا و بە فەرمانی شا چاردری کوڕی ڕوش فەرمانڕەوای ئورارتو لە ساڵی ٨٢٥ی پێش زایین تێدا بەرپاکراوە.

**شاهەنشایی خۆری دادپەروەر ئورارتو:** ساڵی ٨٥٨ی پێش زایین، ئارامە لە بنەماڵەی زاڵ (خاڵدتوشای خاتوش) توانی دەوڵەتێکی بەهێز لە دەورووبەری گۆلاوی وانێ درووست بکات و لەگەڵ گەورەترین دەوڵەتی ئەو سەردەمەی جیهان واتە ئاشوور بەربەرەکانێ بکات.

ئارام و خەڵکەکەی لایەنگری ئیزەدی ئوتوس واتە تاوس یان میترا خواوەندی پارێزەری تیشکی خۆربوون. دەوڵەتی ئارامە وا بە شاهەنشایی ئورارتو یان "ئاگری ئارتە" واتە ئاگری پیرۆز دەناسرا هەوڵی بڵاو کردنەوەی ئەم ئایینەی ئەدا. بەرپاکردنی پەرستگە و ئاتورمانی ئەردینی( دینی ڕاست) کە بە زمانی ئاشوری پێی دەگوترا موساسیر لە هەرێمی سوریاش یان خوریاش ئەم ڕاستیە دەدرکێنێ. "ئاتورمانی ئەردینی" دوای ئاتورمانی شورران واتە حەران پیرۆزترین ئاتورمانی کوردستانی کۆن بووە.

بە گوێرەی ڕاسپاردە ئایینیەکانی تاوس یان میترا خواوەندەکانی هانە ونانە، ئەرخەنە وخالدتو و هامسا و هامزادەکان و جووتەی خێر و شەڕ، گاوەسوار، شێرسوارو... خۆشەویستن و قوربانییان بۆدەکرا. دەوڵەتی ئورارتو بە هۆی

تایبەتمەندی شەڕوانییەوە ڕێزی تایبەتی بۆ ئیزەد خالدتو هەبوو. پێش شەڕ و دوای شەڕ قوربانی بۆ خاڵدتو دەکرا. سیستەمی ئاوداری و ئاودێری و ئاوەڕۆی ئورارتو زۆر پێشکەوتوو بووە، ئەوان بۆری و لولەیان لە قوڕی برژاو واتە سواڵەت درووست کردوە. کشت و کاڵ و باخداری و ئاژەڵداری لە سەردەمی ئەواندا زۆر پێشکەوتوو بوو. ڕێزمانی ئەوان بزماری بووە. ئەوان بۆ یەکەمجار کڵاوقوچی ئاسنیان بەکارهێناوە، مردووەکانیان لە دەخمە(خمدە ، خم ، گۆزە) دا هەڵگرتوە .

ناوی چەند هۆزی بەناوبانگی کورد هەر لە ناوچەی وانێ و جۆلەمێرگ و ئاگری و ئەخلات و سەڵماس ومێرگەسۆر بە نێوی شاهەنشایانی ئەوانەوەیە. میرنشینێکی کوردی لە سەدەکانی ڕابردوودا بە ناوی یەکێ لە پادشاکانی ئورارتووە تۆمار کراوە.

- خانەوادەی بەناوبانگترین پاڵەوانی کورد واتە ڕۆستەم سەر بە نایری و ئورارتوییەکانە.

- زاڵ (خاڵدتو،زارتو، شارتو، شێروان) باوکی ڕۆستەم

- نەریمان (نەیری مان) باوەگەورەی زاڵ

- ڕۆستەم واتە ڕوسا تاخمە (لە توڕنی ڕوسا شا) /

- هوزی ڕوستایی

- هۆزی ئەستونی و میرنشینی ئەستونی سەر بە (ئیشپوئینی شا)

- هۆزی چادری و شاری چاردەران (چاڵدەران) سەر بە ناوی چاردوری شا

- هۆزی ئەرگۆشی سەر بە ئارگیشتی شا

- ناوی توش- پا لە ناوی توش، تاوس یان میتراوە وەرگیراوە. توشپا پایتەختی ئورارتویە.

ناوی چەند شاهەنشای ئورارتو کۆتایی بەم باسە دێنێ:
ئارام، چاردەران، ئەستون، ئەرگۆش، ڕوسا، ڕوش، ئاری مەنا، مەنۆ.
درێژەی هەیە...

١ اپریل ٢٠٢٠

-٤-

**شاهەنشایی موننا- ماد:** لە سەدەی نۆهەمی پێش زاییندا چەند هۆزی وەک دالو،تائور،گۆمەردی وماژی لە ناوچەی پیرۆزی "ئوریاش" یان "سورەجا" کۆنفێدراسۆنێکیان پیک هێنا و ناویان نا مونا-مات یان موناماد واتە دەوڵەتی موناى ماد.

ماد، مات، ماە، مازی، ماژ، مای، ماگ، مازوگ، مۆ، مۆغ وا بە ئینگلیزی پێی ئەڵێن Magic واتە پیاوی ئایینی لە ئایینی "خات توش" یان میترائیسم دا.

بەڵام مونا موننا ،ماننا یان مون کە لە ئاڤێستادا بە ئیرینیم ئویجە و لە گنۆتیسمی زوروانیدا بە ناوی مەنوا واتە مانگ پێناسە دەکرێ لە وشەی "دیلمون" ی کەیانی- سومەری وە هاتووە. دیلمون شارستانیەتێکە و ناوچەیێکە وا باخی "ئیدین" لەوێدایە.

بە گوێرەی دەقە ئایینیە کۆنەکانی کەیانی (سومەر) شوێنێک لە ڕۆژهەڵات وا باخی ئیدینی لێیە و ناوی دیلمون ە لەو پەڕی ڕووبارەکانی سومەر واتە دجلە و فرات دایە وخۆر لەوێوە هەڵدێ و "هەرێمی ژیان" لەوێدایە.

دیلمون شوێن و خانووی ئینلیل ئیزەدی ئاسمان و بای زریانە. بەگوێرەی چیروانۆکە کەیانییەکانی وەک "ئێنکی و نینئورساگ" و "گیلگەمەش"، دیلمون ئەو شوێنەیە وا ئافراندنی مرۆڤ و بوونەوەرانی دیکە لەوێدا ڕووی داوە.

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا وا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆسێ هەزار ساڵ پێش زایین واتە لە پەرستگەی هانا "ئینانا" لە شاری ئوروک دا پەسنی تەورێک و هەروەها پەسنی کەسایەتییەکی پلەبەرز بە دیلمون دراوە.

لە چیروانۆکی کەیانی-سومەری "ئەنمەرکار و پادشای ئاراتە" دا هاتووە زنجەکان(زیگورات)ی ئوروک و ئیریدو پێش دیلمون ئاوەدان کراونەتەوە.
لە بەردەنووسێکی کەیانی ١٨٠٠ ساڵ پێش زایین دا بە زمانی سومەری نووسراوە و باسی ئافراندنی بوونەوەران دەکات وا نووسراوە:

بوونەوەران یەک لە دوای یەک پیبیان دەنایە سەر خاکی زەوی، پات شا "زی ئود سودرا" شای دادپەروەری هەرێمی "شوروپاک" لە پێشی ئیزەد "ئانو" و ئیزەد "ئینلیل" چۆکی دادا وسەری دانەواند و ئەنی لە زەوی خشاند.
ئین لیل و ئانو لەگەڵی بە مێهرەبان بوون،ئەوان ژیانی هەتا هەتاییان پێ بەخشی وەک خودا. ئەوان نەمرایەتی یان پێبەخشی. لە هەمان کات دا بە هۆی ئەوەی پات شا زی ئود سودرا پارێزگاری لە بوونەوەران و مرۆڤ کردبوو ئین لیل و ئانو هەرێمی ئەوپەڕی ئاوەکان واتە هەرێمی دیلمون یان پێبەخشی،هەرێمی دیلمون ئەو شوێنەی وا خۆری لێهەڵدێ واتە خۆر هەڵات.

باخی ئیدین:

کەیان- سومەری : نونکی ئێریدوگ

عێبری גַּן־עֵדֶן

ئینگلیزی Garden of Eden

ئێدین واتە دەشتی بەر بناری چیا، دەشتێکی بەربڵاوی کاکی بەکاکی و ئاوەدان بە کانیاوان.

کەیان-سومەری یەکان نووسیویانە ئیدین باخێکە وهاوتەریبە لەگەڵ دیلمون دا و یەکەم مرۆڤ لەوێ هاتووەتە ئافراندن و دەقە عێبریەکان دەڵێن ئیدین هەرێمێکە و بە چوار ڕووبار ئاودێر دەکرێ و ئاوەدانە. ناوی ئەو چوار ڕووبارە ئەمانەن:

١- پیشون لە مەڵبەندی حاویلە وا داری مەرخ (دارە بەن) و دوڕەبا و زێڕی هەیە

٢ - گیخون هەرێمی کوش دەگرێتە خۆی

٣ - شیدەگال ڕۆژهەڵاتی ئاشور

٤ - فرە

پیشون بە عێبری کراوی وشەی سیخون یان سیرخون ە، خون یان خوناو،خوناوکە و خوناف واتە ڕووباری خوڕەم، چەمی خوڕ، بەڵام واتاکەی دەکاتە خوڕشین یان مانگی ڕووناکی ناو چاڵ... ئەمەش واتە هەرێمی ماد.

هەرێمی حاویلە یان هاویلە هەمان هەڵوان، ئەڵوان، ئەڵوەن یان ئەوەی دیاکونوف و ئەوروپیەکان پێی دەڵێن لولو.

کەواتە پیشون هەمان چەمی سیروان لە هەورامان و هەورامان بەشێکە لە مەڵبەندی ئەڵوان، تەنانەت ئەڵوان و هەڵوان بە عەرەبی بە حولوان تۆمار کراوە. شاری سەرپێڵ بە حولوان دەناسرا و شارەکانی گێڵان و جەلەولا و گوڵاڵە و گەڵاڵە هەمووی بە دیالەکتەکان یەک وشەن و لە ئولو یان لولووە هاتوون. حەلوان و حاویلەش یەکێکن.

٢ -گیخون وا هەرێمی کوش دەور دەداتەوە واتە سنووری هەرێمی کوش، ڕووباری گیخون بووە. هەرێمی کوش هەمان هەرێمی کەش و کاشی یە . ئەگەر بتەوێ هەرێمی کەش یان" کەش پاک" دیاری بکەی هەموو زاگرۆس و پاتان وەک ئاگومات یان گاماس ی دووهەم شاهەنشای کەشوان-کاردونیا دەڵێ هەمووی خاکی ژێر دەسەڵاتی ئەون. پاتان یان ماتان و مادان هەمووی یەکن واتە ماد. بە گوێرەی نووسراوەکانی هێرودۆت هەتا ڕووباری ئاراخش (ئاراز) و چیای ماتاینی واتە ئاگری هەمووی پاتان یان مادە.

ماد و کەش یەکیکن. پایتەختی سیاسی مادەکان بێجگە لە هەرێمی مونا لە ساڵی ٧٠٠ی پێش زاییندا شاری کار-کەش بووە و لەو ساڵەدا شادیاکۆ ناوی گۆڕیوە بۆ هەنگپاتان یان هەنگماتان واتە هەمەدان.دیسانەوە جەخت دەکەمەوە کەش پات و ماد یەکێکن.

لە چیروانۆکە کوردییە کۆنەکاندا هاتووە پاڵەوانێک بە نێوی ئاراخش یان ئاراش تیرێکی لە چیایێکی بەرزەوە ئاراستەی ڕۆژهەڵات کردووە و لە ڕووباری گیهون

تێپەڕیوە و چەقیوە بە بنەی دارە بەنێک دا و ڕووباری گیهون بووە بە سنووری ئیدین واتە هیتی.

هەڵبەت لە سەردەمی ساسانیدا چیرۆکی ئاراش پەل و پۆی زەردەشتیگەری پێوە نرا و کردیان بە شەڕی ئێران و توران و ئەم شتانە، دیارە ئێران و توران هەمان کوردانی کۆنن و لە کوردستانی کۆندا ژیاون پەیوەندی بە پانئیرانیستەکان و پان تورکیستەکانی سەدەی بیستەمەوە نیە وا مێژووی شاخ و باڵداریان بۆ خۆیان درووست کردوە.
کەواتە ڕووباری گیهون هەمان ڕووباری ئارازە وا لە چیاکانی شاری "تاتۆس" ی باکووری کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ و بە ئاگری و ئارتوپات (اردوباد)دا تێپەڕ دەبێ و دەچێتە دەرای قەزوێن یان دەریای "کەش پی ئین". شاری قەزوێن باسی وشەی کەشوین یان کەش پی ئین دەکات. هەموو ئەو شوێنەی وا ئێستا پێی دەڵێن پارێزگای ئازەربایجان بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە و هەمەدان و زەنگان و قەزوێن و تاران و کاشان هەتا ئەسفەهان و لوڕستان هەمووی هەرێمی کەش بوون و سەر بە دەوڵەتی کاردونیا بوون وا بابل پایتەختی بووە.

ڕووباری گیخون بە هۆی گیانفیدایی ئاراش ەوە ناوی گۆڕدرا بۆ ئاراش و ئاراز.
٣ -ڕووباری شیدەگال، شیدەکەل، شیدە جە، ئیدیگنا (سومەری) هەمان دجلەی ئێستایە، شیدە لە زمانی کوردی دا بە خەرمانەی خۆری تیژدەڵێن وا چاو سووڕ دەکا. ئاوی ڕووباری دجلە زۆر درەوشاوەیە و سپی یە .سەبارەت بە "شید" کاتێ وەک "فعل" صرف دەکرێ بەواتای پێچاندن و سووڕاندن دێ.

٤ -ڕووباری فراه ، بورانونا بە سومەری. فرات بە کوردی ئێستا ئەم ڕووبارە لە چاو ڕووباری دجلە نەرم و نیانترە و ئەوەندە خێرا نیە. سەرچاوەی ئەم ڕووبارەش باکووری کوردستان و مەڵبەندی دێرسمە.

بەم باسەوە دیارە باخی ئیدین بە گوێرەی ناوی ئەو چوار ڕووبارە هەمان کوردستانی ئێستایە و هەریمی شوروپاک و دیلمونا وا هاوتەریبی ئیدین ە ئەویش بەشێکە لە کوردستان.

شتەکان ئەوەندە ڕوون و لاوەکین هەرکەس بیەوێ زیاتر لەوە شی بکاتەوە دیارە مەبەستی سیاسی هەیە و دەیەوێ ناسنامە و پێناسەی کورد ئیگنۆر بکات و بیسڕێتەوە.

٣ اپریل ٢٠٢٠

-٥-

**زی ئود سودرا: خدری زیندوو ،بەشی یەکەم**

پات شای دادوەر "زی ئود سودرا" لە دەقە کەیانیەکانی ئافراندن لە ٣٨٠٠ساڵ پێش ئێستادا ئا وا باس کراوە:

بونەوەران یەکە یەکە پێیان نایە سەر خاک ، پات شا "زی ئود سودرا" پاتشای دادوەری "شوروپاک" بەرانبەر ئیزەد "ئانو" و ئیزەد "ئنلیل- خواوەندی بای شەماڵ" سەری دانەواند و خاکی بەرپێیانی ماچ کرد. ئەوان لەگەڵی بەمێهرەبان بوون و ژیانی هەتاهەتاییان پێدا. وەک خودا نەمر.

لەبەر ئەوەی زی ئود سودرا، مرۆڤ و بوونەوەران ی لە مەرگ و نەمان ڕزگارکردبوو، ئانو و ئنلیل هەرێمی "دیلمون"یان پێبەخشی وا لەو پەڕی ئاوەکانەوە (دجلە و فرات) بوو هەروەها خۆری لێهەڵدێ.
بە گوێرەی ئاڤێستا گۆمەرت واتە زی ئود سودرا بە ڕەگەز و ناخ ئاگرە و بە جەستە وەک گای پیرۆز جەستەی زەمینییە و پەروەردگار لە لای چەپی خۆیەوە درووستی کرد لە تەنیشت ڕووباری دایتی.
ڕووباری دایتی لە هەرێمی سوریگاش دایە.
شوروپاک واتە ئەو کێوەی وا خۆری لێوەهەڵدێ. شوروپا، شوروپی و شوروگاش و شوریاش، سوریاش و سوریگاش یەکێکن.

سوریگاش ناوچەیەکی دەوڵەتیماننا و بریتی بوو لە سیاگۆ و سەقز و گەورکایەتی.
دیلمون هەرێمێکی گەورە بوو وا سوریگاشیش بەشێک لەو خاکە بوو لە هەوشاری سەقزەوە دەستی پێدەکرد و هەتا چیاکانی دوین و هەریر و باتاس درێژەی بوو. واتە هەموو ئەم شوێنانەی بەردەکەوت: هەوشار، خوڕخوڕە، سەرشیو، پینجوێن، مەریوان، هەورامان، موکریان، گەورک، سەردەشت، ناودەشت، دەشتەتاڵ، بانە، لاجان، ئاکۆ، شارباژێر، ئالان، هیران، خدران وخۆشناو. لە سەردەمی ئاشووردا بە دیلمون دەگوترا زاموا. واتە خاکی ئیزەد زاو.

دیلمون ئەو شوێنە بوو وا زێڕ و بەردەکانزای گرانبەهای جۆراوجۆری تێدابوو، هەروەها داری ژیان و داری زانست لەوێدا بوون. هەروەها خۆراکی خواوەند شوکامونا لە جیهانی ژێرەوە بۆ سەرزەوی لەوێدا دابین دەبوو.

داری ژیان زۆر پیرۆز بوو (داری بەن) لەبەر ئەوەی ٧ بەردەدا و لە پزیشکی دا کەڵکی لێوەردەگیردرا.
داری زانست واتە داری گوێز یان گۆزەن هێمای ئەندێشە و هزر و فەلسەفە و سۆفی گەری بوو.

سۆفیگەری واتە گۆشەنشینی، گردەنشینی، کەنارگرتن لە خەڵک و گەڕان بە شاخ و داخدا و بیرکردنەوە لە مرۆڤ و پەروەردگار و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و خودا. سۆفییەکان جلی دڕ و زبر و پەشمەی شینیان لە بەر دەکرد و بە کشتەک ناوقەدی خۆیان دەبەست و سێ گرێیان لی دەدا (گۆزەنگرێ) واتە گرێی زانیاربوون و دوای هزر و زانست و دۆزینەوەی ڕاستیەکانی ژیان کەوتن.
زی ئود سودرای نەمر، زانا و عارف و شوێنکەوتووی زانست و هزر بوو. ئەو گۆمەرد بوو واتە گۆی زانایی لە دەستیدا بوو. ناخی ژیان لە هەست و ناخ و هەبوونی ئەودا هەبوونی هەبوو،ڕووی ئەکردە هەر کوێ شینایی و گیا و چرۆ دەڕوا.

زی ئود سودرای نەمرخزمەتکاری پەروەردگار بوو.
شاگردەکانی زی ئود سودرا چلەدارییان دەکێشا،ئازاری جەستەی خۆیان دەدا بە کەمخواردن و نەخواردن و کارکردنی دژواربۆ ئەوەی ڕۆح و ناخیان لە خۆشویستنی دنیا ڕزگار بکەن. ئەوان ئەرکیان خزمەت کردن بە خەڵک و بە پەروەردگار بوو.

ئەوان تەوریان بە کۆڵەوە بوو، کۆڵکێشی یان دەکرد،کۆڵکێشیێ بریتی بوو لە دارشکاندن و کۆکردنەوەی پوش و پڵاش بۆ پەرستگە پیرۆزەکان و بە کۆڵ هەڵگرتن لە شاخ و داخەوە بۆ پەرستگە. ئەوان خزمەتکاری ئاگری پیرۆز بوون، ئاگری گیانبەخش وا گەرما بە ژیان و خانووە ساردەکان دەدا و تاریکایی هەڵدەبڕووسقێنێ.

ئەوان بڕوایان بە دەونادون بوو. قوربانییان دەکرد، ئەستێرەوان بوون، فەیلەسوف، سۆفی و گنوتیست بوون. خەریکی خوێندنەوە و نووسین بوون بەڵام دەقە ئایینەکانیان لەبەر دەکرد و بە مێشکیان دەسپارد بۆ ئەوەی لە ناو نەچن و دەم بەدەم لە نەوەیەکەوە دەیانگەیاند بە نەوەی دیکە. ئەوان بە ڕێزمانی ئەرامی دەیاننوسی.
بەوانیان دەکوت تەوری یان گەوری، گەور یان گاور. خدری زیندوو وەک خودا نەمرە. ئەو لە ناوخەڵکدایە. هەندێ جار خۆی نیشانی هەندێ کەس داوە. لە زۆر شوێندا بەغەدان و نوێژگەیان بۆ داناوە.

چەند هۆز لە ناوچەی سەقز خزمەتکاری خدری زیندوو بوون ،ئەوان بە گاور یان گەور بەناوبانگ بوون. بەردەنووسە ئاشوورییەکان ناوی هۆزی گۆمەردی یان بە تاورلای واتە گاور تۆمار کردوە هەروەها باسی گۆمەردییان دەکەن گۆمەرد واتە زانیار، شوێنکەوتەی زانست و هزر(خرە،خڕە)، مورید و لایەنگری زانیاری.

-٥-

**زی ئود سودرا : خدری زیندوو، بەشی دووهەم**

زی ئود سودرا مرۆڤەکانی فێری پەرستنی پەروەردەگار و پاڕانەوە و ئایینداری کردووە.
کەیانیەکان و نەوە و نەدیدەکانیان هەر لە کۆنەوە بڕوایان وابوو مرۆڤ لە بەردی ڕەش درووست بووە و بە هۆی هێزی هەڵگرتنی بیرەوەریەکان لە مێشکیدا، زەنگ ە. زەنگ واتە تێگەیشتوو، هۆشیار و زیرەک. هێزی زەنگ بوون و ژیرایەتی لە

گۆی زەنگ دایە. گۆی زەنگ واتە مێشک و لە بەردی ڕەش یان گۆهەری ڕەش (گۆڕەش- گۆسیا- خڕەتا) درووست بووە. هەر بۆیە خڕەتا یان سیاگۆ یان ڕەشگۆ لە لای گاورەکان واتە دەروێشەکان، عارفەکان،سۆفییەکان و شاگردەکانی ڕێڕەوی هەرە پیرۆزی زیو ئود سودرای نەمر، هێماییکی پیرۆز بوو، هەروەها داری گوێز زۆر پیرۆز بوو لەبەر ئەوەی میوەی گوێز هاوشێوەی مێشکی مرۆڤ لە پێستێکی نەرم و قاپۆڕێکی ئێسکین و پێستێکی ناسکی زەرد کە ئاڵاون بە دەوری نێوکێکی نەرم و گۆشتنی سپیدا وا لە مێشکی مرۆڤ دەچێ.

داری ژیان واتە دارەبەن یان دارەوەن هەروەها داری پیرۆز بوو لەبەر ئەوەی ٧ بەرە وەک گەزوان (قەزوان)، گزگل، مازوگ، وەن (چەقە، جاچکە)، بنێشتەتاڵ، کڵکاف دەدا و لە پزیشکیدا زۆر کەڵکی لێوەردەگیرا.

هەوروەها شۆکە یان بەڕوو وا دیاری ئیزەد شوکامونا بوو لە دیلمون دا شین دەبوو. لە شیلەی داربەڕوو یان شۆکە، شیلەی گەڵای دارەبەن یان گەزۆ لەگەڵ شیلەی مێو (ئومە) ئەمانە پیرۆزترین خواردنەکان بوون لەبەر ئەوەی لە ناخی دار و درەختەوە دەدۆشران.

ماخاو یان خومە کە برێتی بوو لە شەرابی ترێ لە هەزاران ساڵ پێش ئێستاوە لە دیلمون و سورگاش وئیدین بەرهەم دەهات و دەخوردرا.

لە دڵی ئەو سرووشت و کولتور و کۆمەڵگە بیرمەندەدا مرۆڤی کوردی ڕاستەقینە واتە "زەنگ" درووست بووە. گاورەکان زەنگ بوون،هەوڵیان دەدا بگەڕێنەوە بۆ گۆهەری هەبوون یان سیاگۆ، وا ئێستا پێی دەڵێن عنصرحیات، بە زمانی عەرەبی، زمانی ئەو دینەی وا تەنیا لاساییکەر بوو وەک ئەو قشقەڕەی وا دەیویست فێری لەنجەی کەو بێ بەڵام هەڵفڕینیشی لە بیر چوەتەوە.

با لە سەر و پێستی ئیسلام و ئۆمەتەکەی نەدەم با کار بۆ مەلابێکارەکان نەدۆزمەوە و نەکەونە فتواداں. لەبەر ئەوەی فکریان توانای بیرکردنەوە و تازەگەری نیە، لە بێکاریدا ورد دەبنەوە لە ژنان و کاروباری ژنان و کراس و کولەنجە و گوڵەقژ و خڕەی بازنە و خشەی گۆبەرۆکی ژنان و بۆن و بەرام و...

زی ئود سودرا، ئازا و ئازاد و دادپەروەر بوو. ویژدانی پڕ بوو لە هەستی ئازادی و بەرانبەربوونی مافەکان، مافی ژیان، ئەوەی وا خوا بە خۆی و بە بوونەوەرانی دیکەی خەڵات کردبوو، پەروەردگار بەڵێنی پێدابوو مرۆڤایەتی لەنێو نەبات.

زی ئود سودرا دژی کوشتن بوو، لەبەر ئەوەی بایی و نرخی گیان و ژیانی دەناسی. ئەوەی وا دیکتاتۆرەکان و ستەمکاران نایناسن و شان لە پاراستنی هەڵدەتەکێنن. قەت لە بیرم ناچێتەوە نزیک دوومانگ پێش ئێستا ڕۆژنامەوانێک بە ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی پەتپساوی کوت: تۆ خەریکی خەڵکی ڕۆژاوای کوردستان دەکوژی بە نێوی دژایەتی تێرۆرەوە،ئەوان خۆیان دژی تێرۆر شەڕیان کردوە! تۆ دەزانی ئەوان کێن؟ ئەوانە کوردن!ئەردۆغانی ئەهریمەنی زۆر بە پۆزەوە شانی هەڵتەکاند و کوتی: کورد یان هەر چی! بەلامەوە گرنگ نیە! ئەو ڕۆژەی وا خۆی و بنەماڵەکەی نابوود ببن بە دڵنیاییەوە مرۆڤایەتی بۆی گرنگ نیە.

گاورەکان شێریان بە هێمای هێزی پیادەکردنی دادپەروەری دەناساند و زۆریان خۆش دەویست، شێرلە لایەن زیوسودراوە سەرۆکایەتی ئاژەڵان و بوونەوەرانی دیکەی دەکرد.

شێر دۆستی وەفاداری زیو ئود سودرا بوو، ئەرکی ئەوەی پێسپێردرا بوو لە دارستاندا بە دادپەروەری دەسەڵات بکات و ئازا و دلۆڤان بێ. شێری زی ئود

سودرا ئارتەشێر، شەرزەشێر و شێری ژیان بوو. پیی دەکوترا زاڵ، ئیزیرتاشێر، زەرەتاوەشێر،خاڵدو.

ناوی گوندی سەڵتەکەڵتو واتە خاڵدوگال یان شێری گەورە ،شێری گەل بە بناری پشتەوەی چیای هەیجانانەوە ئەم ڕاستیە مێژووییە دەردەخا.

لە کۆتایی ئەم باسەدا ناوی چەند شوێن تەنیا لە دەوروبەری سەقز دەنووسم وا دوای چەندهەزارساڵ وەک خۆیان ماونەتەوە و یادگاری سەردەمی دەسپێکی شاهەنشایی زی ئود سودرای نەمرن. لە بەر ئەوەی دیلمون واتە زاموا هەرێمێکی گەورەیە وپڕە لە شوێنەواری کۆن بە ناوی کەونارەوە تەنیا لێرەدا باسی چەند شوێنی سەقز دەکەم کە خۆم دەیانناسم و زیاتر لەوە کات بە خوێنەر ناگرم هەتا دوایی کە بە یارمەتی خدری هەتاهەتایی دەتوانم هەمووی بنووسم و لە کتێبێکدا بڵاوی بکەمەوە دەنا من لێرەدا باسە سەرەکیەکەم دامەزراندووە و کەسانی شوێنکەوتەی ڕێچکەی زانست و کوردایەتی ڕاستەقینە دەستیان دەگات و لە سەر بنەمای ئەم یاداشتە کاری بۆ دەکەن.
پێمباشە بڵێم پیاوەپیرۆزەکانی مێژوو وەک پەرهام، موسا، نوح، زەردەشت وعیسا لە عێرفان و سۆفیگەریدا سەربە ڕێچکەی زی ئود سودرای نەمر یان خدری زیندوو بوون.

٦ اپریل ٢٠٢٠

-٦-

**فەلسەفەی سۆفیگەری و کولتوری پاڵەوانی:** ڕووباری دایتی لە ئاڤێستادا هاتووە ئەو ڕووبارەیە وا لە سوریگاش دایە و لەوێدا زی ئود سودرا هاتووەتە جان و ژیانەوە.

هەروەها زەردەشت دەفەرمێ کاتێ لە موغان بێ هیوابووم و ئەوانیش منیان لەوێ دەرکرد، لە ڕووباری پیرۆزی دایتی پەڕیمەوە و ڕووم کردە وڵاتی دراوسێ.
هەر لەکۆنەوە بڕوا لە سەر ئەوە بوو گۆمەرد یان زی ئود سودرا لە کەناری ئەم ڕووبارەدا لە دایک بووە. هەر بۆیە موغان واتە لایەنگرانی گۆمەرد لە دەوروبەری ئەم ڕووبارەدا دەژیان. هەروەک کوترا گۆمەردیان یان لایەنگرانی زی ئودسودرا (گۆمەرد/خدری جوامێر) لە هەرێمی خۆر یان سوریگاش دەژیان. سوریگاش شاری سەقز و دەوروبەرییەتی.

ئەو ڕووبارەی وا بە ناوەڕاستی ئەم هەرێمەدا دەڕوا نێوی چەمی گەورەیە. ئەگەر بڕوانیتە چەمی گەورە بە قەد چەمەکانی تەتەهو و جەخاتوگەورە نیە. گەورەیی ئەم چەمە بە هۆی باری ئاییینیەوە بووە. هەروەک کوترا بە هۆی ژیانی خدری

جوامێرەوە ئەم ناسناوە دراوەتە پاڵ ئەم ڕووبارەوە کە بە سەقزدا تێدەپەڕێ و لە گۆندی گۆدەرزدا دەگاتەوە بە ڕووباری جەخاتو.
ساڵی ١٩٦٢ شای ئێران بۆ ئەوەی ئاسەواری ڕاستیەکان بسڕێتەوە بەنداوێکی لەوێدا بە نێوی کورش درووست کرد و زۆربەی ئەو گوندانەی خستە ژێر ئاوەوە.
لەم ساڵانەی دواییدا دەوڵەتی مەلای ئەهریمەنی بەنداوی چراوەیسی درووست کرد بۆ ئەوەی ناوچەی گەورک بباتە ژێر ئاوەوە. هەر لە بەر ئەوەی ئەو مەڵبەندە مێژووییە مستێکی مزر لە دەمی هەموو تیورییە فاشیستییە دژە کوردیەکان دەدات.
شەرمەسار نیم لەبەر ئەوەی ئاوا بە توندی و قسەی زبر و ناشیرین بەرەنگاری ئەو کردارە قێزەونانە دەبمەوە. بە دڵنیاییەوە دەسەڵاتم بووایە هەموو ئەو کەسانم دەدایە دادگەی نێونەتەوەیی لاهای.

ڕووباری دائیتی، داهیتی، سەقز، هەیجانان لە بەفراوەکانی کەلی خان و چیای وەزنە (وەرزەنە)وە سەرچاوە دەگرێ.

وەرزەنە ناوی ئەو موغە بوو وا لە لایەن چاردەر شاهەنشای ئورارتوەوە کرا بە بەرپرسی نوێژگەی "ئەردینی" بۆ ئیزەد "خاڵدی" یان هەمان کاوەسوار یان ئەردەشێر.

ئەمە هەڵکەوت نیە شای ئورارتو وا نێوی چاردەری یە دێت و لە سەقز نوێژگە و بەغەدان بۆ ئیزەد ئەردەشێر(خاڵدی- کەوەسوار) بەرپا دەکات.

کوردانی کۆن دەیانکوت "چاردەروو" ئەو شوێنە پیرۆزەیە وا چوار دەروازەی هەیە بە هەر چوارلایەنی جوغرافیدا. لە دەروازەی باشووردا واتە نێوان چیای ڕووش- هەیجانان و ئاڵمەڵو،گوندی خەیەر یان خدری لێیە. ئەوێ شوێنی لەدایکبوونی زی ئود سودرا و هەروەها خانووی ئیزەد ئینلیل خواوەندی بای باشور واتە بای زریانە.

لە دەروازەی باکوور چیای تاوەقڕان (تاوریان) و چیای سوڵتان سوریجە و نوێژگەی پیرباخ، لای ڕۆژاواش چیای وەنەوشە و جاقل (گۆمەردیان.(
ئێمە لە سەقز بیستوومانە سەقز چواردەر یان چوار دەروازەی هەیە ،بەڵام ئەو دەروازانە نەک دەرکی ئاسن و دار بەڵکوو مەبەست لە دەروازە "دەروو" ی سرووشتین. ئەوەشمان بیستووە سەقزی کۆن لە دەشتاییەکەی کانی کەوە دایە. کانی کەوە گوندێکە بەرانبەر سوڵتان سورەجێ.

کەوەسوار شوێن و نوێژگەیەکی پیرۆزە لە سەقز ڕێک لە کەنار چەمی گەورەدایە و ئێستا دەورووبەری پڕە لە خانوو.
ڕووش کوڕی شا چواردەری ئورارتویە. ناوی ئەویش بە سەر چیای گوندی خەیەرەوەیە. لە دەقە کۆنەکانی ئاشووردا هاتووە ئاسارحادون شاهەنشای ئاشوور لە سەرۆک پەرستگەکانی خۆیانی پرسیوە: ئاخۆسکیتەکانی شکوز(ئەشکەن، ئەشکەناز، پاڵوئەشکەن، سەکە، سەقزی) پەلاماری گوندەکانی حەران و ئانیش دەدەن؟

هەر لە کۆنەوە بیستوومانە سەقز شاری "سەکا" یان سکیتەکان بووە وا لەوێدا نیشتەجێ بوون و ڕۆستەم پاڵەوانی بەناوبانگی چیروانۆکە کوردییەکان سەکایی یە،ناوی هۆزێکی سەکایی خومەرد یان کی مەرد (گۆمەرد) بووە.ئەوان پێشتر لە دەورووبەری ڕووباری ئاراخش و لە باکوور و ڕۆژاوای دەریای وان دا دەژیان بەڵام لە سەدەی ٩ی پێش زاییندا لەگەڵ هێرشی ئورارتو- نایری ڕوویان کردە سەقز و لەوێ نیشتەجێ بوون.

بنەماڵەی نایری بەشێک بوون لە کۆنفێدراسیۆنی ئورارتویی ولە باکووری کوردستانەوە هاتبوونە سوریگاش واتە سەقز. ڕۆستەم (ڕوشاتاوان- ڕووش تامان) سەر بە خانەدانی نایری واتە نەریمان بوو. نایری یەکان بنەماڵەیەکی خاتی وبەشێک لە کۆنفێدراسیۆنی ئورارتو بوون پێکهاتوو لە سکیتەکان (گۆمەردی/خۆمەردی) و ئیپریەکان (باوکی ئەرمەنی و گورجیەکان). ئەوان ئەوەندە بەهێز بوون کە هاتبوون بۆ پاراستنی سوریگاشی پیرۆز و پەرستگەی ئاردین لە شاری ئیزیرتا(ئیشیرتا) یان موشاشیر. ناوی گوندی ئادینان یان ئایەنان وەک سەقزیەکان دەڵێن،یادگاری ناوی ئەو پەرستگەیە وا لە لای خوارووی بناری ڕۆژهەڵاتی چیای سوڵتان سورەجێ و لە سەر ڕووباری جەختەتودایە.

هۆزی خۆمەردی ئەوەندە لایەنگری زی ئودسودرا بوون کە هێزی پاڵەوانی و ئازایەتی و دادپەروەرانەی ئەویان لە خواوەند خاڵد یان کاوە سوار(پارێزەری هێزی ئارتاشێر) دا بۆ پاراستنی خۆیان بە یارمەتی دەگرت.ئەوان ئەوەندە بەهێز بوون شاهەنشا ئاسارحادون ی ئاشووری لێیاندەترسا.

سکیتەکان بە ڕەگەز سەر بە خات بوون، خات هەروەها باوکی هیتییەکان بوو.
خاتەکان لە بنەماڵە کۆنەکانی کەیان (سومەر) بوون ، ئەوان ڕێزیان بۆ ئیزەد ئوتو یان تاوس هەبوو کە دواتر بە میترا ناسراوە.
ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ ئەوەی پەرستگەی موشاشێر هەمان کۆشکەڵەی سەقزە لە دەشتی کانی کەوە لە نێوان چیای ڕووش و چیای سوڵتان سوریجە و ڕووباری گەورەدا.

نوێژگەی کەوەسوار واتە (خاڵدو- زاڵ کاڵدو) لە بناری ئەو دەشتەدا وا دەبێتە کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەم ڕووبارە و باسی سکیتەکانی شکوز لەساڵنامەی ئاسارحادون دا شکی تێدا ناهێڵێتەوە هەموو ئەم ناونیشانە مێژووییانە ئەو ڕاستییە دەگێڕنەوە ڕووباری داهیتی هەمان ڕووباری گەورە یان چەمی سەقزە و لە چیای وزنەوە سەرچاوەی گرتووە و ناوی چیای وەزنە لە خۆشەویستیی پیر و گەورەی موغانی هەموو کوردستانەوە هاتووە کەوا لە گەورکی سەقزدا دەژیا و ناوی وەرزەنە (وەرزان، بەرزان، بارزان) بووە و لە ساڵی ٨٢٠ی پێش زاییندا لە لایەن شاهەنشا چاردەروی ئورارتوەوە دەسنیشان کراوە بۆ سەرپەرشتی کردنی نوێژگەی ئەردینی لە ئیزیرتا (موشاشیر) لە سوریگاش و لە تەنیشت ڕووباری پیرۆزی "دایتی" یان "ئیت جا" کە ئێستا پیی دەڵێن هەیجانان.

هەیجانان ناوی ئەو کوێستانەیە وا لەویدا زی ئودسودرا پێی ناوەتە ژیان و ئەڕوانێ بە سەر ڕووبارەکەدا و دوو گوندی خەیەر (خدر)- زی ئود سودرا و گوندی

هەیجانان لەوێدان. ڕووش چیای هەره باکوریی کوێستانی هەیجانانە و لە پیدەشتی بناری باکووری ڕووشدا پەرستگەی ئەردینی بۆ ستایش و ئافەرین کردنی کەوەسوارزاڵ ( ئیزەد خاڵد ئیزەدی هێزی شەڕ و پاڵەوانی) لە شاری "ئیشیرتا" یان موشاشیربەرپاکراوە.

دیاکۆنۆف بە ئیشیرتا یان ئارتاشێر، دەڵێ ئیزیرتا، ئاسارحادون شای ئاشور پێی کوتووە موشاشیر. ئارتاشێر ئیزەدی پارێزەری هێزی دادوەری و مافپەروەری یە و کاتێ لەگەڵ ئیزەد زاڵ کاڵدو کە پارێزەری هێزی هێرش کردن و سەرکەوتن بووە یەکیان گرتووە مافەکان دەستەبەر بوون. لەبەر ئەوەی دادپەروەری و بەدیهاتنی ماف پێویستی بە هێزی دەستەبەرکردن هەیە و ئەو هێزەش لە شێری عداڵەت و دادوەری دا دەستەبەر دەکرێ.

بڕواننە دیاکۆشای پاتان کە دادوەر بووە و هەموو خەڵک هەڵیانبژاردوە بۆ دادوەری کردن. هەروەها تاوس یان میترا پارێزەری تیشکی خۆر کە هێمای پاڵەوانی و ئازادیخوازی و پەیمانداری یە چەندە هەوڵی بۆ وەدیهێنانی داد و یەکسانی داوە. ئیشێرتا شاری پاڵەوانان و جەنگاەران و ئازادیخوازان و دادوەرەکان بووە.

ژیاننامەی ڕۆستەمی زاڵ درکێنەری ئەوەیە. ڕۆستەم یان ڕۆسەم هەموو کات لە پێناوی ڕێچکەی ئازادیخوازی و ئازایی و دادپەروەریدا زۆرانی گرتووە و لە دوژمن ڕاپەڕیوە. رۆستەم خوای ئافرێنەری پەرستووە و دوژمنی تاریکایی و ئەهریمەن و خراپەکاری بووە.ئەمانە هەمووی لە حکمەت و فەلسەفەی گاورایەتی و موغانی لایەنگری خدری نەمر واتە زی ئود سودرادا هاتووە و سۆفی گەری و

ئایینی دەروێشی و پاکبازی وقەڵەندەری ڕەوشتی پیاوچاکان و ئازایان بووە. سەرتاسەری گاتای زەردەشت پڕە لە وشەی ئازایی، ئازایی واتە نەترس بوون بۆ داکۆکی کردن لە دادپەروەری و وەستانەوە دژ بە ستەمکاری و خودانەناسی.
ناوی سەقز لە سکەسا یان شکوزەوە هاتووە. بە هۆی ئەوەی گۆمەردی یە سەکاییەکان لەوێدا ژیاون، ناوی مەرخوز یادگاری خۆمەردی یان گۆمەردی یەکانە.
سەقز بە زمانی عێبری بە سەقۆ تۆمار کراوە.هەروەها سەقز بە چەرخۆ ناسراوە واتە چواردەروو. بە چەند هۆکاروایان ناو ناوە:

**یەکەم** ـ لەبەر ئەوەی ژمارەی چوار، هێمای خۆرە ئەوەش ڕاستە سوریگاش واتە هەرێمی خۆر
**دووهەم** ـ ژمارەی چوار،هێمای داری ژیانە. داری ژیان لە ناوەڕاستی دیلمون وا لە ناوەڕاستی ئیدین دایە ڕوواوە. ناوەندی دیلمون هەرێمی سوریگاشە.پیرباخ لە بناری تاوەقڕان ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە.
**سێهەم**ـ ژمارەی چوار، هێمایە بۆ چوارتوخمەی ژیان، ڕاستە یەکەم مرۆڤ واتە زی ئود سودرا لە سوریگاش هاتووەتە ئافراندن هەروەها لەوێدا بوونەوەران هاتتونەتە بەرهەم.
**چوارەم**ـ لە ئایینی تاوس ـ موغان دا ژمارەی چوار ئاماژەیە بۆ چەرخی تاوس یان چەرخی میترا، ئیزەدی پارێزەری تیشکی خۆر.

بێهۆ نیە کاشی یەکان(کوش) بە دەوڵەتی خۆیان دەکوت چاردنیا. چاردنیا هەمان چاردەروو یان چەرخۆیە و لەخۆیدا هەڵگری ئەومانا عارفانەیە وا لە ژمارەی چواردا هەن. چاردنیا هەمان چەرخۆی هەرەهەرەهەرە پیرۆز بووە وا ژیان لەوێوە دەستی پێکردووە و پیرۆزترین مرۆڤ واتە زی ئود سودرا لەوێ ئافرێندراوە.

نمونەیەکی تر گوندی چەکوشە بە بناری چیای وەنەوشەوە ئەم ڕاستیە دەدرکێنێ. چەکوشە واتە چوارگۆشە یان چوارتوخمە و چوار دەرووە. ئەوەش ڕوون دەبیتەوە کاشییەکان ڕەگەزی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ هەرێمی سوریگاش.
چەکوشە یان بشکوچە بە واتای باڵندەیەک ئەهات وا تێکەڵەیەک بوو لە هەڵۆ و شێر و ئەسپ و گا. ئەم چوار بوونەوەرە نوێنەرایەتی چوار توخمەی سرووشت و ژیانیان دەکرد: هەڵۆ( هەوا)، شێر(ئاگر)، ئەسپ (ئاو) و گا (خاک).

ڕووداوی درووست بوونی پەرستگەی ئاردین لە شاری ئیزیرتا هاوکاتە لەگەڵ دەسەڵاتی "یەهوواش" کوڕی ئاخازیا شاهەنشای ئیسرائیل و سەردەمی فەڕۆخ "شۆشێنک"ی سێهەم فەڕۆخی مسر لە زنجیرەی ٢٢هەم.

لە سوریگاش پابەند بوون بە ئایینی موغان ئەوەندە خورت و قاییم بوو، هەر جۆرە ڕەخنە و نوێخوازی و ڕێفۆرم هاوسەنگ بوو لەگەڵ دەرکردن و دوور خستنەوە لە کۆڕی موغان ،ئەوەی وا بە سەر زەردەشت هات.

پەرتووکی گاتای زەردەشت باسی ئەم دەرکردنە دەکات و تێیدا زەردەشت بە زمانێکی تاڵ وپڕ لە گازندە باسی ئەو کاردەن و مۆغانە دەکات وا دژایەتییان کرد وخستیانەوە بە درۆدا.

گاتا بە زمانی ڕەسەن و پەتیی کوردی نووسراوە و هەڵگری هەموو زاراوە کوردییەکانی ئێستایە.
زۆرسەیر، وەفاداری هەموو شارستانیەتەکانی گەلی کورد بۆ چەمکە ئاینیەکانی بووە و چۆن لە پیناویدا گیانیان بۆی بەخت کردووە وهەتا ئێستا درێژەی هەیە.

هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ هەستی ئازایەتی و دادپەروەری لە ویژدانی مرۆڤی کورد دا کە سەردەستەی مرۆڤایەتی و دادپەروەری زی ئود سودرا، خدری نەمرلە حکمەت و هزر و زانایی خۆیەوە بە خەڵکی کوردستانی بەخشیوە.
خدری نەمر لە نێوماندا دەژی و ئاگای لە خاک و خەڵکی خۆیەتی.

٩ ابریل ٢٠٢٠

-٧-

**پایتەخت:** هەروەک کوترا مونا یان مان و مانگ لە 'دیلمون' ەوە وەرگیراوە واتە شوێنی خانەدان و ماد یان مای هەمان وشەی پات بە واتای سەرۆکی پیرۆز دێ.
مونا- ماد، موناپات و مونا وماننا و مات ماننا هەمووی یک وشەن و لە ماوەی سێ چوارهەزارساڵ دا بە دیالەکتی جۆراوجۆر کوتراوە و لەگەڵ ئەوەشدا سامی یەکان واتە ئاموری و ئاشوری یەکان کە ڕاخوشابوونە وڵاتی سومەردا زمانی خۆیان بەکار ئەهێنا بۆ هەندێ وشەی تایبەتی یان بەمانا یان بە نیوەی وشە سومەرییەکە.
بەڵام بنەڕەتی وشەی دیلمون ی سومەری بە واتای مانگ دەر یان هەوارگەی مانگ یان شوێنی ئاشکرا بوونی مانگ دێت.
هەروەها وشەی مای، ماد و ماە و مانیگە و مانیشە و ماشینە و مانگەهە هەمان مانگن لە سومەر بەدواوە. لەبەر ئەوەی دەقە سومەریەکان باسی دیلمون ئەکەن وا پێش لافاوی گەورە خاوەن شارستانیەت بووە.
یەکەم دەقە سومەریەکانیش مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ پێش ئێستا و بۆمان دەر ئەکەوێ لە نێوان لەناوچوونی دیلمون تاکوو سومەری دووهەم و

نووسینەوەی ئەو دەقانە شەش هەزار ساڵ مەودا هەیە و لەو شەش هەزار ساڵەدا زمان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە.
بەڵام ئەوە سەیرە وشەکان زۆر تێکنەچوون لەماوەی ئەو شەش هەزار ساڵە و ئەم شەش هەزارساڵەی دواییدا لە زمانی کوردیدا.

دیل لە کوردی ئێستادا واتە بەندکراو لە سنوورێکدا و تەنیا بۆ مرۆڤ بەکار دێ. دیلمون واتە سنوورێکی پیرۆز، ناوچەی پیرۆز، هەرێمی پیرۆز. ئەو خەڵکەش وا لەوێ دەژیان شەرەفمەند بوون بە نازناوی پات یان مات واتە بەڕێز و پایەبەرز.
باسکرا چواردنیا (کاشی)،چواردەروو (نایری)، چەرخو(هیتی)، سەقۆ (عێبری)، شکۆز (ئاشوری)، ئارزاشکون (ئەرمەنی)، ئیزشیرتا (ماد) و موشاشیر(ئاشور) هەمووی ناوی شارستانی سەقزن وا بە سوریگاش (ئاشور) یان شوروپاک (سومەر) واتە خۆرهەڵات بەناوبانگ بووە. ناوچەی سەقز بە سیاگۆ یان سیاکۆ بەناوبانگ بوو، هەموو کات بە سەقز و سیاکۆ یان سەقزی سیاکۆ دەناسرا.

لەناو سنووری سوریگاش دا دەیان قەڵا و شار هەبوون بەڵام ناوەندی سوریگاش یان هەمان چوارگۆشەی پیرۆز یان چواردەروو کە چیا پیرۆزەکانی هەیجانان، ئاڵ ماتو، چەکوشە (وەنەوشە)، جاقل ( داکلد)، تاوەقڕان (تاوران)، سوڵتان سوریجە (شوروپاک)، ڕووش و پاڵەوان (کانی نیاز) دەوریان داوە و ڕووباری پیرۆزی هەیجا (ئیتی دا- دایتی) بە نێویدا دەڕوا.

دوو قەڵای لێبوو، یەکیان بە کەناری ڕۆژاوا و بە گردێکەوە بووە و ئەوی دیکەیان لە دەشتێکدا و بە کەناری ڕاستدا بەرپاکراوە، ئەم قەڵا بە نێوی کۆشکەڵە بەناوبانگە و هێشتا ئاسەواری وەک گردێک ماوە و سەرنجڕاکێشە لەم قەڵاوە کەلی خان واتە چیای وەزنە دیارە. ئەو شاخە بە بەرزان یان بارزان بەناوبانگ بووە لەبەر ئەوەی ئەڕوانێ بە سەقز، دەشتەتاڵ و گەورک و ناوچەی بانە و سەرشیودا.
قەڵای ناو شار کە لەم دواییانەدا نادرشای ئێران دەستی پێدا هێنا و نۆژەنی کردەوە بە نادرین قەڵا (نارین قەڵا) بەناوبانگ بوو بەڵام حکومت بە بیانووی درووست کردنی پەناگە لە بۆردومانی عێراق لە زستانی ١٩٨٨دا وێرانی کرد و دوای ئەوەی خودا دەزانێ چەندەها ئاسەواری مێژوویی لێدزی تەختی کرد. کە ئەهریمەن ڕووی کردە وڵات هیچ شت لە جێگەی خۆیدا نامێنێ، ئەم بێ ویژدانانە زەفەریان بە هەموو کەل و کونێک برد، کوردستانیان دزی و تاڵانیان کرد وەهەتا توانییان کوشتیان و بڕییان و بەلەنگازیان کرد.

دیلمونی کۆن یان ماننای سەدەی ١١ی پێش زایین بەشێک بوو لە هەرێمی پاتان و کەش (کاشی- کوش)،بەڵام ئاشووریەکان هاتن و داگیریان کرد وناوی ئیشیرتا پایتەختی ئەم هەرێمەیان بە زاراوەی خۆیان کرد بە موشاشیر، دواتر لە سەدەی ٩ی پ. زاییندا ئورارتووەکان لە کەناری ڕووباری ئاراز و شیدەکەل (دەجلە)وە هاتن و ئەم هەرێمەیان گرت و لەبەر ئەوەی شارێکی پیرۆز بوو کردیان بە پایتەختی خۆیان. ئەوان پەرستگەی ئاردین یان لەو دەشتەدا بەرپا کرد کە شاری ئیشیرتای لێبوو.

دەوڵەتی ئورارتو لە چەند نەتەوەی جۆراوجۆری وەک سکیت، ئالان و فەڕای (تاور-هوری) و هیتی پێکهاتبوون. ئەم شارە لە زمانی ئەرمەنیدا بە ئارزاشکون واتە ئیشیرتای سکیت ناوی بەسەردا بڕا.
کاتێ سەلماناساری ئاشوور پەلاماری ئورارتوی دا و ئەم ناوچەی گرت، "ئارزا شکون"ی کاول کرد و خەڵکەکەی بە ئەسیری برد بۆ نینەوا. ئەرمەنەکان و هۆزەکانی دیکە گەڕانەوە بۆ لای ئاوی ئاراز و شاری توشپا واتە وانێ ی ئێستایان کرد بە پایتەخت، بەڵام چەند بەش لە هۆزەکانی نایری مان (هیتی وهوری و سکیت) واتە تاوریەکان و گۆمەردییەکان و چاردۆری یەکان (چواردۆڵی) لە شوێنەکەدا مانەوە و شارەکەیان ئاوەدان کردەوە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەم دا ئاشوور هەڵیکوتایە سەر ئیسرایێل و داگیری کرد و چەند هەزار جووی کۆچبەرکرد و هێنایانی بۆ خابور و نەینەوا و لەوێشەوە بۆ پاتان و مونا. بە هاتنی ئەم ئەسیرانە ئاڵ و گۆڕ بە سەر کولتوری ناوچەکەدا هات.
ڕێزمان و نووسین گۆڕدرا بۆ ئارامی و کەسانی کار بەدەست فێری زمانی ئارامی بوون. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی مۆغان دەقە ئایینیەکانیان بە ئارامی بنووسن، و گاتای زەردەشت بە زمانی کوردی کۆن و بە ڕێزمانی ئارامی لە لایەن زەردەشتەوە نووسرا.

لە لایێکی دیکەشەوە ڕەبایە جووەکان دەستیان بە دەقە سۆمەرییەکان گەییشت وا لە لای موغانی گاوربوو. ئەوان لەگەڵ کوکتوری عێرفانی خەسرەوانی و گاورایەتی

و سۆفیگەری شناسییان پەیدا کرد و ئەوە بوو بە هۆی کرانەوەی بابەتێکی نوێ لە ئایینی جوودا کە پیی دەڵێن سۆفیگەری کابالا.

جووەکان دوای بەغدا (بابل) گەورەترین پێکهاتەیان لە شاری سەقزدا هەبوو. لە ساڵی ٦١٢ی پێش زاییندا جووەکان لەگەڵ میترایییەکان هێرشیان کردە سەر نینەوا پایتەختی ئاشوور و ئەم شارەیان لە دەسەڵات خست.

ئیزەد ـ کلدی

ئێستاش ئەڵێمەوە هیچ کەس لە دنیادا وەک کورد ناتوانێ کورد بناسێنێ، نە هەر کوردێک، تەنیا کوردێک کە فەڕ و فەرهەنگ و زانیاری و خوێندەواری و زمان و زاراوەکانی خۆی بناسێ و بزانێ شی کردنەوەی بۆ بکات.

مێژووی کورد و بنچینە کولتوریەکانی ئەوەندە کۆن و تێکئاڵاو و هەروەها ڕێک و یەکگرتوو و یەکخراوە کە تۆ ناتوانی بە نقورچک گرتن لە گۆشەیەکی ئەم مافورە قایم وڕەنگنامە ،تان و پۆی ببینی و شی بکەیتەوە.

دەبێ بزانی ئەم مێژووە بۆ وا فۆڕمی گرتووە؟

ئەوەش وردبینی و ماندووبوون و زانیاری یەکجار قووڵی دەوێ. کەوا بوویت ئەمجار لە ناوچەگەرایی و نەتەوەگەرایی کوێرانە و فکری قۆڕ و بێمانا وا دراوسێکانی کوردی بردوە بە قوڕدا دوور دەکەویتەوە.

ئەوانەی وا موتالای مێژوو دەکەن ناوی ئیزەد کالدی یان بیستووە،خواوەندی پارێزەری هێزی شەڕوانی و نەبەزایەتی لە سەردەمی نایری وئورارتودا واتە سەرەتای هەزارساڵەی یەکەمی پێش زایین هەتا سەردەمی بەیدەس بوونی شاهەنشایی ئاشور لە ساڵی ٦١٢ی پێش زایین.
بینیومە کالد، خالد وهالد بە خواوەندێکی کلدانی ناسراوە، ئەوەش وەک شکخستنێک نەک دڵنیابوونێک لەم بابەتەوە.

دیارە کلدانیەکان چەند هەزارساڵ دوای سومەریەکان لەشانۆی ڕۆژگاردا دەرکەوتوون، ئەوان کۆمەڵێ شوانی لای بەرغەل بوون کە لە بیاوانەکانی ڕۆژاواوە هاتبوون و بە عەمووری دەناسران، ئەوان سەر بە ڕەگەزی سامی بوون و زمان و کولتوریان لەگەڵ سومەریەکان جیاواز بوو،هەروەها فێربوون ئیزەدە سومەریان بپەرستن و دواتر ناوی ئەو ئیزەدانە وەرگێڕنەوە سەر زمانی خۆیان بە شەل و پێ شکاوی.

کەلدە کە بە حامورابی و بنەماڵەکەیەوە دەناسرێ ئەو عەمورییانە بوون وا هاتبوون و فێری کولتووری سومەری بوون. دواتر پەلاماری سومەریان دا و لە هەندی ناوچەی سومەر دەسەڵاتیان پەیدا کرد و ئەوەش بوو بە هۆی شەڕێکی کولتووری قووڵ لە نێوان ئەو دوو نەتەوە جیاوازەدا و لە مێژووی سومەرییەکاندا تۆمار کراو چیروانۆکیشی لە سەر درووست کرا.

کلدانیەکان لە کۆتاییدا هەر بەدەست وەچەیەکی سومەریەکان لەناوچوون و کەس لە بیری نەما هەتا ئەم ساڵە دواییانە وا ئاسەواریان دوای چەند هەزار ساڵ دەرکەوت.
باسم بەوەدا دێ کولتوری کەلدە ئەوەندە مەودای نەبوو کاردانەوەی لەسەر مێژووی ئورارتووەکان هەبێ کە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ دوای ئەوان هاتبوونە کایەی ڕۆژگارەوە، ئەویش تەنیا لە سەر ناوی ئیزەدێکی ئورارتوویی و خودی کلدانیەکان خواوەندی وایان نەبووبێ!
سومەریەکان بە خۆیان دەکوت کی ئین گیر واتە خانەدان و ڕەسەن. بە دەسەڵاتدارانی ١٥ شارەکەی خۆیان دەکوت پات شی.
دیارە لە شوێنی خۆیدا و دواتر بە وردی باسی ئەوە دەکرێ چۆناوچۆن بوو سومەریەکان بەرەو سەرچاوەکانی ڕووبارە گرنگەکانی کوردستان کۆچیان کرد بەڵام ئەو گروپە خەڵکانە ڕێچکەی کولتوری خۆیان ون نەکرد کە زمان و ئایین ئەم دوو ڕێچکە بنەماییە کولتوورییە بوون.
بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی کوردستان چوار سەرچاوە زۆر گرنگن:

١- دەقە سومەریەکان (کەیان) ٢- پەرتووکی پیرۆز٣- گاتای پیرۆز٤- زمانی کوردی
دوای ئەوانەش دەقە ئاشوریەکان بە گوێرەی پێویست باسی ئیزەد کالدی لێرەدا ناچار دەمانباتەوە بۆ سەرچاوە سومەریەکان. لە مێژووی ئافراندن دا نووسراوە زی ئود سودرا شای شوروپاک بوونەوەرانی بردە نێو گەمیەکەوە بۆ ئەوەی لە لافاوی دنیاگر ڕزگاریان بکات. لەوانەش کەڵەشێری سپی. ئاڤێستاش دەڵێ گۆمەرت کە هەمان خدر یان زی ئود سودرا یە چاوی بە کەڵەشێری سپی کەوت کەیفی بە

هەستی خۆشەویستی ئەم پەلەوەرە هات سەبارەت بە مریشکەکەی جووتی. بانگی کرد بۆ ناو گەمیەکەی با لە خنکاندن ڕزگاری بکات.

خدر کەڵەشێری سپی زۆر خۆش دەویست. ئەم خۆشەویستیە لەبەر کردەوەکانی کەڵەشێر بوو، ئەم پەلەوەرە شێری بەزاندبوو، شێر لێی دەترسا. هێزی شەڕوانی و ڕقەستووری و نەترس بوونی کەڵەشێر سەرنجڕاکێش بوو.کەڵەشێر لە بەرەبەیاندا بانگەوازی ڕۆژی دەکرد و لە تاریکایی شەودا هەستی بە هەڵاتنی خۆر دەکرد و بانگی هەڵدەدا بۆ هاتنی کاکە ڕم یەکەم تیشکی خۆر.

کەڵەشێری پیرۆز ڕەفیقی خۆشەویستی تاوس (میترا)یە. تاوس ناخی ئیزەدی پارێزەری تیشکی خۆرە و لە تاوس دا جەستە دەگرێ. تاوس پارێزەری هێزی پاڵەوانی و پیاوەتی یە و پارێزگاری لە پەیمان و بڕیارەکان دەکات. تاوس متمانەی بە کەڵەشێری سپی هەیە و هەواڵەکان بەودا بەڕێ دەکات و بە قاسد و هەواڵنێری خۆی دایناوە. لە زاراوەی گۆرانی دا بە ناردن و بە بەڕێ کردن و ڕەوان کردن دەڵێن "کل کردن". کەواتە پیشەی کەڵەشێری سپی بەودا کل کردنی هەواڵی هاتنی تیشکی خۆری بەرەبەیان بۆ خەڵکە. واتە کل بەمانای قاسد و هەواڵنێرە.

کەڵەشێری سپی خاوەن پۆپە و پۆپنەی زێڕینە بۆیە بە "کەڵەزەڕ" دەناسرێ. بە کەڵەپۆپ ناسراوە و لە هەندێ شوێن پێی دەڵێن کەڵەپاپ یان کەڵەباب.
کەڵەزەڕ بە هۆی ڕەنگی سپی پەل وپۆیەوە بە "زاڵ" بەناوبانگ بووە.

زاڵ زەڕ، کەڵەزەڕ یان کەڵەشێری سپی شێربەزێنە، شێر بە هەموو دلێرییەوە لێی دەترسێ، چاوترسێن بووە و لە تماشاکردنی چاوانی کەڵەزەڕ دەترسێ.

هەر بۆیە کەڵەزەڕ بەو هەموو پەسنانەوە خۆشەویست بووە و بە کوش شێرسوار یان کەوەس سوار و دواتر بە کەوەسوار بەناوبانگ بووە.

کاتێ سەرکەوتن لە شەڕدا بە دەست هاتووە کوتوویانە بە سەردوژمندا زاڵ بووە. بە سەردا زاڵ بوون واتە سەرکەوتن و ئاماژەیە بە کەڵەزەڕ و شێر.
لە ئاڤێستادا بە پەڕۆدەر یان پەڕۆزەڕیان "پڕوزە" ناسراوە و سەرگەورەی موغانی پەرستگەی تاوس بووە. دواتر و لە سەردەمی ساسانی دا کاتێ کۆنسێرڤاتیسم و دەمارگرژی ئەم ئایینە دەستی پێکرد بە نێوی ڕێفۆرمەوە دەستکاری زۆری ئاڤێستا کرا و هەندێ شت گۆڕدرا بۆ وێنە تاوس، لە ئیزەدی یەکەمەوە دابەزا بۆ ئیزەدی شەشەم و کەڵەزەڕ لە ئیزەدی شەڕ و سەرکەوتنەوە کرا بە ئیزەدی گوێڕایەڵی و پەڕستن و ناوی کرا بە خۆرئوژ واتە بانگدەری ڕۆژ یان کل ڕوز.

کەڵەزەڕ، زاڵ، کەڵەشێر، کل، دیکل (کورمانجی) واتە کالد یان کالدی یان کلدی، هەمان ئیزەدی بەناوبانگی شەڕوانی و سەرکەوتن لە شاهەنشایی ئورارتو لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاییندایە وا بە سەر شێرەوە وەستاوە و پەلێکی کەڵەشێری پێیە و ڕووی کردوەتە پێشەوە.

کەواتە ئەم وشە کوردی یە و بە هەموو زاراوەکان یەک مانای هەیە و پیرۆز بووە، هەتا ئەو ڕادەی کوردەکان هەتا پێش هاتنی ئیسلام کەڵەشێریان نەخواردووە و ئێستاش کاکەییەکان بە هەمان دەستوور گۆشتی کەڵەشێر بە قەدەخە دەزانن و نایخۆن.

کلدی یان کالدی پەیوەندی بە عەمووریەکانەوە نیە و فڕی بە سەر وشەی کەڵدەوە نیە.
ئەم ئیزەدە بەم پەسنانەش بەناوبانگ بووە پێش ئەوەی بە کلدی بناسرێ:
کل ڕوز (هەواڵدەری ڕۆژ)، کوڕوز، کاوس، کەی کاوس، کەوەس، کەی کوش، زەرگوش، زەرکوش، چاوش، کوش، کیش، کش و کەش.

پێش ئورارتووەکان شاهەنشاهانی چاردنیا- کەشی هێزی خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ پاڵپشتی کردنی ئیزەد کش- مونا واتە کشی پیرۆز وا هەمان کلدی ئورارتویە.
لە سەردەمی شاهەنشایی گەوتان دا بەم ئیزەدەیان دەکوت کەکەوس (ئینگی شوش) و لە ساڵی ٢١٣٥ی پێش زاییندا فەرمانڕەوا بووە. هەروەها ئێژەکوش واتە بانگی کەڵەشێر.

لە سەردەمی ئەلوەن شاهان دا کوش یان ئیزەد کلدی خۆشەویست بووە و ناوی یەکێ لەو پات شایانە گاماس کوش بووە و لە ساڵی ٢٤٠٠ی پێش زاییندا شای کوردستان بووە.

ناوی چەند شاهەنشای چاردنیا- کەش بە کەش تلیاش تۆمار کراون واتە کەش کلیاد یان کەش کالدی.

هەروەها ئەوان بە ئیزەدی هەواڵنێریان دەکوت پۆپ دوکال یان پۆپ کالدی.
میتانیەکان پێیان دەکوت " کەوەشتە زەر "Shaushtatar-و بە چەشنی دوو کەڵەشێر بە سەر پشتی دوو شێرەوە ڕاوەستاون لە ژێر سێبەری تاوسی پیرۆز و ئەستێرەی هانە.

ئەوەش نیشان دەدا پلەی کلدی گەییشتووەتە ئاستی هامزا یان هاوزا کە لە ئیزەد سەرووتر بووە.

هیتی یەکان بە "خات تاوس کلی" واتە هەواڵبەر و هەواڵنێری تاوسی پیرۆز، ناویان دەهێنا و زۆریان خۆش دەویست.

هەروەها لە کتێبی پیرۆزدا باسی هەرێمی کوش دەکرێ وا بە ڕووباری گیهون گەمارۆ دراوە. ڕووباری گیهون هەمان ڕووباری ئارازی ئێستایە و لە نزیک ئەرزنگان و ڤارتۆوە دەست پێدەکا و بەرەو باکوور ودواتربەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان شۆڕ دەبێتەوە هەتا دەگاتە ئازەربایجان و دەریای قەزوێن.

دیارە ئورارتوەکان و سکیتەکانی کلدی ڕێک خەڵکی ئەو ناوچەن و دواتر کەوتنە دەسەڵاتداری و پەرەپێدان و لەئاکامدا گەییشتنە هەرێمی پیرۆزی چواردەروو یان

سەقزی ئێستا لە سوریگاش یان وەک خۆیان لە بەردەنووسی کێلەشینی شنۆدا نووسیویانە هەرێمی شوراوا و لەویَ نویژگە بۆ ئیزەد کلدی، یان کەڵەزەڕیان کەوەس سوار (کەوەسوار) درووست دەکەن.

هەروەک دەزانین ناوی شاهەنشاییکی ئورارتو ئەرگۆش یان زەرگوش ە. ئەوەش واتە ڤیرژێنێکی دیکەی ناوی ئیزەد کلدی یان ئیزەد دیکل.

لە کۆتاییدا با ئەوەش بڵیم چیای بەرانبەری چیای سوڵتان سوریجە (سوریگاش) ناوی وەنەوشەیە و ئەم ڕەنگە بۆ موغانی گاور پیرۆز بووە. لە بەرزایی ئەم کێوەدا گوندی چەکوشەی لێیە وا لە کۆنەوە پیرۆزە و شێخانی چەکوشە بەناوبانگ بوون. سەرنجڕاکێشە بەیانان کاتیَ خۆرهەڵدیَ یەکەم تیشکەکانی دەدریَ لە " کەل وەنەوشە" لە بەرزایی کەل وەنەوشەدا گوندی چەکوشەی لێیە. چەکوشە واتە کەکوشە یان کەی کوش کە ناوێک لە ناوەکانی ئیزەد کلدی ئیزەدی پارێزەری هێزی شەڕوانی و سەرکەوتن.

١٥ اپریل ٢٠٢٠

-٨-

کۆتایی وەرزی یەکەم

**شەوی چلە**: شەوی ئافراندنی ئیزەد میترا، خات (تاوس) ی پاڵەوان
نازانم سەبارەت بە پاڵەوان وا پەسن و یەکێ لە نازناوە بەناوبانگەکانی خات تاوس ە چۆن دەست پێبکەم لەبەر ئەوەی ئەم کەسایەتی یە ئایینیە ئەوەندە لە سەر ژیانی کورد کاری کردووە کە دەبێ وا بیربکەیتەوە دوای خودای ئافرێنەر خات تاوس بنەمای هەموو باوەڕەکان بووە.
لەگەڵ ئافراندنی مرۆڤەوە بڕواداری بە خودا و دواترخۆشویستنی ئیزەد خات، ئیزەد تاوس دەستی پیکردوە. خات تاوس لە وشەی کەیان (سومەری) ئوتو وە هاتووە. بە درێژایی چەند هەزارساڵ بە شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی ئەم زمانەی وا ئێستا پێی دەڵێن کوردی ئەم وشە بە زماندا هاتووە.
ڕەگەزی وشەی ئوتو وشەی "تو" وە. تو واتە هەسارەی خۆر، "ئو" واتە زات و گەوهەری بنەمای خۆر. بنەما و جەوهەری خۆر بریتی یە لە ئاگر.
ئاگر ژیانی مرۆڤی مانادار کردووە. لە تاریکایی و سەرمادا مرۆڤ جی پێدەکرێ؟ مرۆڤ تێگەییشت کە بێ گەرما و ڕووناکایی خۆر هیچی پیناکرێ،هیچ نیە و خێرا دەپووکێتەوە.

دژوارە خۆمان بنێینە جێگەی یەکەم مرۆڤ، مرۆڤی وشیار و ژیر کە بوو بە شوێنکەوتەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی وا لە مێشکیدا وەک برووسکە ئەهات و مرۆڤی مات دەکرد و لەو ماتبوونەدا بیری لەوە دەکردەوە دەبێ چ بێ، هۆکار چیە؟ یەک وشەی زازاکی هەیە کە زۆر گونجاوە بۆ ناونانی مرۆڤی هۆشمەند لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە قورس و فەلسەفی یە و دەبێ وێناکان گونجاوی باسەکە بن با زووتر تێگەییشتنی لێدەستەبەر بێ.

وشە زازاکیەکە بریتی یە لە بەرخۆدار، واتە وریا و تەندرووست بەڵام خۆدار واتە خاوەن خۆ، تەندرووست.

خۆدار یان خاوەن خۆ بریتی یە لە شارەزا بوون بە خۆ یان زاتی خۆت.
شارەزایی و خاوەن خۆیی و خۆداربوون هەمان معرفت، معرفە، شناخت، visdom , wisdom, cognition بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی و نۆروێژی یە.

ئەم خۆداریی و خاوەنخۆییە سەرچاوەی لە ئینساندایە لە ئینسانی زەنگ،ژیرو خاوەن هزری ڕاگیرکردنی ئەزمون و تەجرەبەکان لە مێشک و هەڵسوکەوتی دا و لە گەوهەر یان عنصری ئافراندندا خۆنواندن دەکات. واتە سەنگی ڕەش کە ماکی ئافراندنی مرۆڤی ژیر و زەنگ و زرەنگە وا لە چیرۆکی ئافراندنی مرۆڤدا لە دەقە سۆمەرییەکان کە ئارشیڤی باوک و باپیرانی گەلی کوردە بە یادگار نووسراوە و بە میرات گەییشتووە بە ئێمە.

ئەمانە هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ هزر و حکمەتی کەیانگیر یان کەیان گۆر کە بە حکمەتی گەوهەرانی یان "هزری گاورانی" ناوی دەبەین. لایەنگرانی ئەم ڕێبازە هزری یە بە گاور یان گەوهەری دەناسران کە لە کوردستان دەژیان و لە دەقە ئاشووریەکاندا بە خۆموردی تۆمار کراون.
لە زمانی کوردی ئێستادا بە زی ئودسودرا دەڵێن جۆمەرد (زازاکی)، جوامێر (سۆرانی)، جامێر (کورمانجی)، جانمەرد (گورانی) و خدر(ئارامی).

کاتێ عەموریەکان ڕوویان کردە وڵاتی مەزۆپۆتامیا واتە ناودووڕووان، بە خەڵکێکی پێشکەوتوو گەییشتن و لە پەنای ئەواندا فێری شارستانیەت بوون، ئەوان بەو خەڵکە پێشکەوتووەیان دەگوت شومور یان گۆمەرد واتە نەتەوەی گۆمەرد لەبەر ئەوەی خەڵکی کەیان گور خۆیان بەو ناوە دەناساند.

لەو سۆنگەوە زی ئود سودرا یان گەومودرا (گۆمەرد) کە بە خدری زیندوو دەیناسین و باوکی گەلی کورد و مرۆڤایەتی یە لە دەقی ئافراندن دا یەکەم مرۆڤی هزرمەند دەناسێندرێ و گەوهەری هەبوونی دەگەڕێندرێتەوە بۆ بەردی ڕەش (ئاقێقی ڕەش)یان بە کوردی کۆن کیکولی، کەیکولۆ یان کەکوڵ.

تاوس ڕەفیق و دۆستی زی ئود سودرا لە ئەندێشەی گاورانی دا زۆر هێژا و بەڕێز بوو.لەبەر ئەوەی جلوەی تیشکی خۆر بوو. تیشکی خۆر لە جەستەی ئەودا خۆی نیشانی مرۆڤ دەدا.

خۆر لە خۆیدا هەسارەیەکی هەردەم ڕووناکە کوژانەوە و مۆنی و تاریکایی لە گەوهەری ئەودا نیە و هەر بۆیە تاریکایی لەودا کۆناگرێ،تاریکایی لەودا لە نێو دەچێ. هەر بۆیە لە ڕۆشنایی تیشکی ئەودا تاریکایی وا داپۆشێنەری ڕاستیەکانە لەنێو دەچێ و ڕاستیەکانی ناو تاریکایی ئەوەی وا ئەو بە هێزی تاریکایی خۆی شاردوویەتەوە دیار و ئاشکرا دەبن.

تاریکایی هۆکاری ون بوون و شاراوەبوونی ڕاستیەکانە، لە ژێر پەردەی ئەودا کاری خراپ دەکرێ و کەس پێینازانێ، خراپ کاران چەواشە دەکەن وکەس نایبینێ.

هەر بۆیە نادادپەروەری و ستەمکاری زیاد دەکات ،دزەکان بۆ بە شەودا دزی دەکەن و لە دیواری ماڵی خەڵک سەردەکەون؟ تێرۆریستەکان بۆ لە تاریکاییدا خەریکی پلاندانانن بۆ خەڵک کوشتن؟ لە بەر ئەوەی لە تاریکاییدا کەس نایانبینێ و ئەوانیش بە متمانەوە خەریکی خراپەکاری و تێکدانی پیوەندیەکانی نێوانی خەڵکن و بە ترساندنی خەڵک بنەما و شیرازەی کۆمەڵگە تێکدەدەن بۆ ئەوەی خۆیان سوودی لێوەربگرن و تاڵان ودزی زیاتر بکەن.

هێزی تاریکایی واتە "نغرۆمان" بەردەوام لە هەوڵدایە سنووری دەسەڵاتی خۆی لە بەستێنی ئافراندندا بەرفراوان بکات و تەنیا هێزێک کە ڕێگەر و لەمپەرە لەم ئامانجەدا هێزی "سپێدە مان"ە کە لە ڕووناکایی ڕۆژدا جلوە دەگرێ.

هەسارەی ڕۆژ بە تیشکی خۆی تاریکایی هەڵدەبڕوسقێنێ و ڕۆژهەڵدێ ،لە ڕۆژ هەڵاتەوە و بە یەکەم تیشکی خۆر ئاسۆ ڕووناک دەبێ.

نغرۆمان و سپێدەمان جمکە و دووانەن و کوڕی زی ئوروان (گەوئورون) واتە خواوەندی کات و دەمن. هەردوو لە زگی باوکیاندا بوون بەڵام نغرۆمان واتە هێزی تاریکایی هەتاهەتایی فێڵی کرد و بە چەقۆ زگی باوکی دڕێ و هاتەوە دەرەوە دەیویست هەموو جیهان و کەشکەشان داگیر بکات بەڵام سپێدەمان واتە هێزی ڕووناکایی بەرەنگار بووەوە و کەوتنە زۆران لەگەڵ یەک و هەرتاوێک وجارێ یەکێکیان سەردەکەوت و بە سەر ئەوی دیکەدا زاڵ دەبوو بەڵام لە کۆتاییدا سپێدەمان لە شەوی ٢١ی دێسەمبەردا واتە ئەمشەو بەسەر نغرۆماندا زاڵ بوو.

کاتێ ئەم زاڵبوونە مسۆگەر بوو ئیزەد میترا واتە ئیزەدی پارێزەری تیشکی خۆرهاتە هەبوون.

زوروان باوکی نغرۆمان و سپێدەمان بڕیاری دا بۆ ئەوەی ستەم لە هیچ لە براکان نەکرێ بۆ ماوەی دیاریکراوی هەزارساڵ دەسەڵات بدرێ هەر یەک لە جمکەکان. دوای ئەو هەزارساڵە برادەرەکەی دیکە ببێت بە دەسەڵاتدار.

ئەم بڕیارە لە هەبوونی ئیزەد میترا لە دڵی بەردێکەوە و لە ئەشکەوتێکەوە لە ژێر دەریای خات خۆی نواند. کاتێ میترا لە دایک بوو کەڵەشێر قوقاندی و مژدەی سەرکەوتنی سپێدەمانی دا. یەکەم تیشک کە ناوی کاک ڕمەیە تیشکێکی زۆر درێژ

و کەڵەگەتە و لەگەڵیدا میترا بە چەرخە زێڕینەکەیەوە بە ئاسماندا گەشت دەکات و دنیا ڕووناک دەبێتەوە و تاریکی دەڕەوێتەوە.

ئەم شەڕە شەڕێکی ئاسایی نیە و زۆر دژوارە . دەبێ بە بەرز ڕاگرتنی هەستی مەعنەوی و پاڕانەوە لە پەروەردگار و ئافەرین کردنی ئیزەد میترا ورەی سپێدەمان ی هەتاهەتایی بەرز ڕابگیردرێ تاکوو بتوانێ بە سەر برا ستەمکارەکەی واتە نغرۆمان ی هەتاهەتایی دا زاڵ بێ.

میترە یان میهرە، کوردانی کەونار بە مەهرو ناساندوویانە. خواوەندی خۆشەویستی و ژنومێردایەتی، بڕیاروپەیمان وپاڵەوانی و دادپەروەری و ئازایەتی بووە.
ئایینی مەهرانی یان میترایی لە مەزۆپۆتامیا واتە ڕۆژاوای کوردستانی جوغرافیایی و لە مەڵبەندی سۆریش یان هۆریش، فەرا، کە ئێستا لە باکوری کوردستان دایە سەریهەڵداوە ... دیارە سۆریاش بە گوێرەی ئۆستورەکان لە سوریگاش واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکی پاراستنی تیشکەکانی خۆری بە میترا سپارد و سوێندی وەفاداری بۆ خوارد.

ئایینی میترایی ئایینی دەوڵەتە کوردیە کەونارەکانی ئەڵوەن، گەوتان، چاردنیای کوش، میتانی وهیتی، ئورارتو،ماننا و شاهەنشاهی ماد بووە. یەکێ لە بەڵگەکان بەردەنووسێک بە ڕێزمانی بزمارییە سەبارەت بە پەیماننامەیەکی نێواندوو دەوڵەتە کوردیەی سەردەمانی کۆن (میتانی و هیتی)و تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٥سەدە پێش زایین و تێیدا سوێند بە ئیزەد میترا خوراوە.

مەهرو (میترا) نازناوی "نەبەز" یان نەبەرزی پێدەبەخشری کاتێ دوژمنەکانی دەبەزێنێ. چیروانۆکی میترا دەگێڕێتەوە: میترا لە ناخی بەردێکەوە دێتە دەرەوە کە لە ئەشکەوتێکدایە.پاشان لە گەڵ گایێکی ئاسمانی (دەوار، تاوەر، تائورلی لە کوێستانی تاوروس لە ئادیامان) زۆران دەگرێت و دەیبەزێنێ و دەیباتە ناو ئەشکەوتێکەوە و کاردێک دەچەقێنێتە ناوشانی گاکەوە و قوربانی دەکات. سەگ و مار و دووپشک و قاڵاوی لێ پەیدا دەبن. لە شوێنی برینی سەرشانی دەوارەکەوە سێ چڵ گەنم و نمامێکی مێو شین دەبن. دوومەشخەڵدار بە مەشخەڵی ئاگرەوە لە لای ڕاست و چەپی میتراوە ڕاوەستاون یەکیان ناوی "کاوە"یە ومەشخەڵەکەی بەرەو سەرەوە ڕاگرتوە وئەوی دیکەشیان ناوی"کاوە بەد"ە و مەشخەڵە ئاگرەکەی بەرەو خوارەوە گرتوە. کاوە هێمای پیت، سپیایی و بەرەکەتە و کاوەبەد هێمای شوومی و ڕەشی و نەحسی یە. ئەو دوو مەشخەڵدارە ئاماژەن بۆ سپینتە یان ژیان وئەنگەرە یان مەرگ.کاتێ میترا دەیەوێ دەرکەوتەی مادی و جەستەیی هەبێ وەک پەلەوەری مەهرو یان تاوس خۆی نیشان دەدات.

**ئایینی میترا ئایینی"پاڵو" یان "پاڵە"کانە**: پاڵو، پاڵهو،هەوداڵ، داڵاهوە بەواتای شاخ و چیا دێ. پاڵویی واتە دەروێش و ڕەوەند و ڕاوچی و شەروان. ئەوەش سفەتی ئەڵوانی یەکانە. واتە کوردەکانی مەڵبەندی مای. لەبیری نەکەن پاڵو نازناوی خواوەند ئێنلیل ی پیرۆزە.

بەڵام پاڵە یان پاڵو بە واتای بەربەرەکانێ نێوان میترا و سۆڵ یان سۆر، شۆر (خواوەندی خۆر) دێت. کاتێ میترا و سۆر پێکەوە ململانێ دەکەن و سۆر یان سۆڵ دەبەزێت میترا تیشکەکانی خۆرواتە (شید) لە خواوەندی سۆردەستێنێت.
ئەم زۆرانە چارەنووسسازە لە ئاوی دەرووی خوەرو کەرت یان ناوچەی خۆریاش دەگرن واتە سوریگاش.

ئاوی دەرووی خوەرو کەرت خانووی ئیزەد سۆر یان سۆڵە وا لە ڕۆژهەڵاتدایە و پیرۆزایەتی ئەم ئاوە بە هۆی ئەوەیە سەرچاوەی ژیان یان ئاوی ژیانە وئەهورامەزدا لە ئاوی ئەم دەریا ئاودێری "داری ژیانی" کرد داری ژیان سەرچاوەی هەموو ڕووەکەکان و گیاوگژ و سەوزەڵانی و شینایی یەکانی جیهانە ولە باخی ئادان لە ڕۆژهەڵاتدایە.

خواوەند سۆڵ یان سۆر دوای ئەوەی لە ململانێی لەگەڵ خواوەند میترا پشتی لە زەوی درا سوێندی خوارد هەتاهەتایە وەفادار بێ بە میترا.سۆڵ سواری چەرخ، ڕادە یان گەردان (گەردوون) دەبێ وبەرەو خۆردەڕوات. سۆڵ هەتاهەتایە لە خزمەتی میترادایە و میترا سواری گەردوونەکەی خۆی دەکات ولە سەردان و سەیران و هات وچۆکانی میترادا گەردونەوانیەتی.

هێمای سۆڵ خاچی شکاوە و لە بنی زۆربەی ئەو کاسە وجام و قەدەحانەدا کە لە ژێر زەویدا دۆزراونەتەوە و هی سەردەمانی کۆنن بەتایبەت هی سەردەمی

سۆمێریەکان بەناوبانگ بوون نەخشێندراوە لە بەر ئەوەی ئیزەدی سور بڕیاری دا وەفادار بێ بە ئیزەد میترا.

کوردانی کۆن یادی لەدایکبوونی ئیزەد میترا وا لە جەستەی "ئوتوس" تاوسی پیرۆزدا خۆدەنوێنێ بەرز و پیرۆز ڕادەگرن، موغانی گاور ڕۆژوویان دەگرت و خەڵکی ئاسایی بە خواردنی شەوچەرە و شووتی (زەبەش،شفتی) و پاڕانەوە لە خودای ئافرێنەر وا دەوران دەگێڕێ ئاواتی سەرکەوتنی سپێدەمان و هەڵهاتنی ڕۆژ لە ئاسۆوە دەخوازن.

بیرکردنەوەی شەوی لە دایکبوونی ئیزەدی پارێزەری هێزی پاڵەوانێتی و هێزی پەیمان و بڕیار و خۆشەویستی وئازایەتی و دادپەروەری وا هەواڵبەری
سەرکەوتنی سپێدەمانی هەتاهەتایی بە سەر نغرۆمانی هەتاهەتایی یە لە سەر مرۆڤی کورد ئەرکێکی ئەخلاقی و بیرمەندانە و ویژدانییە. خات (تاوس) کە نمووی ئیزەد میترا لە سەر زەوی یە تەنیا یەک سیمبۆلە و ئافەرین کردنی خات (تاوس) بە واتای شەریک بۆ خودای ئافرێنەر درووست کردن نیە، هەر کەس لافی وا لێبدات درۆزن و بەدڕەوشت و خودانەپەرستە.

باوکی ئێمەی کورد گۆمەردی زیوای زیندوو ئێمەی فێری خواناسین و خاوەن خۆیی وخۆداری کردووە، بەو ناونیشانەی وا گۆی ڕەش لە دەستی ئیزەد میترادا کە هێمای بیرکرندوە و معرفت و زانابیە ئاماژەیە بە مرۆڤ و خۆناسین و پەروەردگارناسین.

ئیزەد میترا بە پاڵە، پاڵو، پاڵەوان، یاپاڵ، پەیلە، پەهلە، فەیلە، مەهرە و مەهرو، توس، تەوس، توش، توش نەوزەڕ، ماتاوس و خات و ئوتوس، ئوتو بەناوبانگ بووە.

زمانی کوردی پێشتر بە زمانی پاڵەوی بەناوبانگ بووە و لە سەرتاسەری کوردستان لە ماراش لە کوێستانی تاوەر لە ڕۆژاوای چەمی فراتەوە بگرە هەتا هەنگوماتان (هەمەدان)قسەی پێکراوە.
گاتا یان گەه بەواتای "تێگەییشتن" کە فەرمایشی پیر زەردەشتە بە زمانی پاڵەوی نووسراوە. ئەم زمانە کە وەک خۆی ماوەتەوە و بە کوردی بەناوبانگە، زمانی حکمەتی گاورانی یە و لە سەردەمی سومەریەکانەوە قسەی پێدەکرێ.
درووود و ئافەرین لە باوکی ئێمەی کورد گۆمەردی زێوای زیندوو.
شەوی لە دایک بوونی ئیزەدی پاڵەوان، ئیزەد میترا بەرز و پیرۆز بێ.

١٩ اپریل ٢٠٢٠

# شارستانیەتی هەورامان

وەرزی دووهەم

ئازاد کەریمی

-١-

**ئەستێرەوانی و موغان:** موغ وشەیەکی عەرەبی کراوە، لە زمانی کوردی و بە زاراوەی ئەو بەشەی کوردستان وا فەرهەنگی موغان تێدا لە دایکبووە واتە ناوچەی سەقز بە موغ کوتراوە ماژی یان مازی، مایی و مەوی واتە مەیوان و شەرابساز.

بەڵام لە بواری ئەستێرەوانی و ئاییندا بە واتای خاوەن نهێنی، ئەو کەسەی وا خاوەنی ڕاز و ڕەمز و سڕەکانە... ئەو کەسەی وا زانا و شارەزای شتە شاراوەکانە. دواتر ئەم وشە بە عەرەبی وەرگێڕدراوەتەوە و بووە بە باطنی و بڕاوە بە سەر حسن صباح و گیانفیداکانی کە خاوەن ئایینی ئیسماعیلی بوون.

ماژ یان موغ کاری نهێنی دەکرد و نەیدەهێشت کەس بە کار و باری بزانێ... نهێنی پارێزی سەرەکیترین ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەی ماژان بووە.
یەک شتی دیکەش ببووە هۆی ئەوەی بەوان وا بڵێن ئەویش هەڵپێچانی دەم و بەکارهێنانی دەمهێڵبێنە بووە. ئەوەش بۆ ئەوە بووە هەناسەیان نەچێ بە سەر ئاگری پیرۆزدا وا لە ئاگرگەی ئارون و ئاگرگەکانی دیکەدا خزمەتیان دەکردن.

ماژ، ئەستێرەوان و ئەستێرەناس بوو.

ئەستێرەوان واتە بەردەوام ئەستێرەکان و پێگە ئاسمانیەکانی ڕەچاو دەکرد و سەیری دەکردن و جم و جۆڵی ئەستێرەکانی لە ئاسماندا هەست پێدەکرد و کاری لە سەر دەکردن بۆ ئەوەی چۆنیەتی کارتێکردنی ئەم جموجۆڵانە لە سەر یەکتری و لە سەر زەوی چۆناوچۆن دەبێ.

لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆنترین شارستانیەت وا دیاردەی ئەستێرەوانی و ئەستێرەناسین بە ئاسەوارە مێژووییەکانیانەوە ماوەتەوە، شارستانیەتی گرێ ناڤۆکێ لە مێردین ی باکووری کوردستانە وا بە گوبەکلی تەپە (تورکی) دەناسرێ و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٢هەزار ساڵ پێش ئێستا. بەڵام ئارشیڤی شارستانیەتی سومەری یان کەیانگیردەوڵەمەندترە لەو بوارەوە و دەیان هەزار وشە و قسە و باسی سەبارەت بە گەردوون و ئاسمان و ئەستێرەکان و زەوی و چارەنووس و مرۆڤ و ئۆستوورە و مێژوو تێدایە و سەرچاوەن بۆ توێژینەوەی زانستی.
دەقە کەیانگیرە کان زۆر ڕازاوی و نامۆن... سەرچاوە ئاگادیەکان کە کۆپیکراوی دەقە کەیانگیرەکانن یارمەتیدەری توێژەران بوون لە تێگەییشتنی میراتی کەیانگیر/سومەریەکان.

نووسراوە سومەریەکان لە بەر کۆنبوونیان، زۆریان بەکاری خوێندنەوە نایەن واتە لەوەدا نین بخوێنرێنەوە، لەبەر ئەوەی بڕێک لەو ئاسەوارە بەردینە و قوڕینانە سوواون و چوواون وکاڵ بوونەتەوە و ڕەنگیان بووارددووە.

بە ڕاشکاوی بڵێم ئەستێرەوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگەڕێتەوە بۆ کەیانگیرەکان... بەڵام ئەم شارستانیەتە بۆچی ئەوەندە ڕاماوە بە ئاسمان و ئەستێرەکاندا؟
بڵێی ئەو تیورییە وا دەڵێ کەیانگیرەکان خەڵکێکن لە هەسارەیەکی دیکەوە هاتوون و لە زەویدا نیشتەجێ بوون؟

من وەک نووسەری ئەم دێڕانە تا ڕادەیەکی زۆر بڕوام بەم بابەتە هەیە... ئەگەر بڕوانینە ڕیزی ناو و ناونیشان و ساڵ و ماوەی پاشایەتی کردنی دەسەڵاتدارانی کەیانی، چاومان بە ژمارەی سەیر دەکەوێ... بۆ وێنە زی ئەد سودرا ماوەی ٣٠٠٠٠ساڵ لە پێش لافاوی گەورەدا دەسەڵاتدار بووە. یان ئەوانی دیکە ٢٧هەزار و نۆزدە هەزار و فڵان هەزار ساڵ دەسەڵاتدار بوون.

وادیارە کەیانییەکان بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەم هەسارە نەبن بەڵام ئەوان بەردی بناغەی کولتورێکی دێرین و پێشکەوتوویان لە مەزرابۆتاندا دانا وا دەیان شارستانیەتی لێ کەوتەوە.

ئەگەر ئەوان بە هەزاران ساڵ ژیابێتن، دیارە توانای کۆنترۆڵ کردنی کات و ساتیان هەبووە و هەربۆیە مەودا و دووری و نزیکی بەلایانەوە زۆر گرنگ نەبووە و کۆچ و کۆچبارییان لە هەسارەیەکی دیکەوە بۆ زەوی وەک کۆچەڵکۆچی هەوارچیەکان بووبێ لەم شاخ بۆ ئەو شاخ یان لە شاخەوە بۆ چۆڵ و لە چۆڵەوە بۆ شاخ.

واتە هات و چۆی گەردوونی و هەسارەوهەسارە کردن بۆ ئەوان وەک گەڕەکاوگەڕەک کردن یان شارەوشارکردنی لای خۆمان بووە، ئاسان و بەردەست.
ڕەچاوکردنی هەسارەکان و ئەستێرەکان لە زەوی یەوە بە بێ ئامرازی پێشکەوتوو، لە کردندا نەبووە و نەتوانراوە بکرێ... دیارە ئامێر و ئامرازە پێشکەوتوو لە بەر دەست کەیانی یەکاندا هەبووە بۆ ئەوەی ئاگایان لە گەردوون و کەشکەشان و ئەو شوێنەی نەبڕێ وا لێوەی هاتوون.
بۆ نموونە باسی جامی جیهانبین ی کەیخەسرەوشا دەکرێ وا ساڵی جارێک لە نەورۆزدا تێیدا ڕوانیوە و نهێنیەکانی سەر زەوی بینیوە.
ئەستێرەوانان و ئەستێرەناسان وا کۆمەڵگەی ماژان یان موغان یان پێکهێنابوو، شارەزای ژمێریاری و مێتافیزیک و فیزیک و کیمیا بوون.

بەداخەوە ئایینی ئیسلام وەک نەکبەتی و نەهامەتی هات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە زانستە کۆنەکان چۆڵ کرد. پیاو نازانێ بڵێ چی؟ ئەم ئایینە بۆ ئەوەندە ناوچاوتاڵ و گرژ و نەساز و نەچەسپ بوو؟ بۆ وەک لافاو شۆڕ ببوو بەرەوخوار و تەنیا خەریکی ڕاماڵین بوو؟
بەڵام بە خۆشییەوە ئێزیدیەکان و مەندایییەکان توانییان بەشێکی زۆری ئەم کولتوورە بپارێزن و بیهێنن هەتا ئێستاکە...

هەروەها ئاسەوارە مێژووییەکان و نەریت و داب و بڕواکۆنەکانی گەلی کورد وا لە قسە و هەڵسوکەوتیاندا دەردەکەوێ و هەروەها چیرۆکە کۆنەکان و زمان و زاراوەکانی کلیلی کرانەوەی ئەم سندوقە پڕ لە ڕاز و ڕەمزەن.
دوای لافاوی گەورە، زی ئود سودرای شاهەنشا وا لە هەرێمی شوروپاک پاشایەتی دەکرد، لە لایەن خواوەندەکانەوە تەمەنی هەتاهەتایی پێبەخشرا لە پێناوی ئەوەی مرۆڤ و بوونەوەرانی پاراست و لەگەڵ خۆیدا سواری گەمی کردن و نەیهێشت ئاو بیانبا و پاکتاویان بکات.

زی ئود سودرا واتە خدری زیندوو یان گاومەرد مرۆڤێکی بڕوامەند بە پەروەردگار و هەروەها کەسایەتییەکی گەورە و گرانی هەیە و مرۆڤێکی نیرمەند و هێژا بووە و بنەڕەتی زانست و بیرکردنەوە واتە "خڕەت"ە. خڕەت واتە گومان لە شت کردن.

نازانم لە زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی دا ئەم وشە هەبێ یان نا، بەڵام لە سەقز کە شاری زی ئودسودرایە ئێمە وشەیەکمان هەیە کە یادگاری ئەو سەردەمەیە و هێشتا خەڵک دەیڵێن، دیارە خەڵکی ناوشاری سەقز و ئەوانەی وا کۆنن،نەک ئەوانەی وا لە شوێنی دیکەوە هاتوون و بوون بە سەقزی بەڵام بە زاراوەی ڕەسەنی ئەم شارە قسە ناکەن و ئەگەر ئەم بابەتەی منی لیبپرسی زۆر بە ڕاشکاوێ بڵێ نازانم!

باسی وشەی خڕەت واتە گومان کردن لە حەقیقەتی یەک شت کرا.

گومان کردن یان تشکیک لە مەنتق وفەلسەفە (منطق و فلسفە)دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پرسیار لە سەر چۆنیەتی یەک شتە و دەڵێ: ئەوە بۆچی وایە؟ یان وایە و وا نیە!

بەناوبانگترین و دوایین فەیلەسوفی باوەڕمەند بە ڕێڕەوی زی ئود سودرا لە ناو کورددا شەهاب سورەوەردی یە.

ئێمە لەو شارەی خۆماندا زۆرجار دەمانبیست کەسێ وا بەهەڵەدا چووە لە بینینی یەک شتدا بە پێیێ شواهد و قرائن بەڵام دواتر زانیویەتی وانیە و وایە... دەیکوت: بە خڕەیا چووم! یان بە خڕەتا چووم! واتە وام گومان کرد بەڵام ئێستا کار لەگوماندا نەماوە و دڵنیام حەقیقەتی شتەکە بەم جۆرەیە وا ئێستا بۆم دەرکەوتووە!

گومان کردن و پرسیار لە لا درووست بوون و بەدواداچوون بنەمای زانست و هەموو شتە.

هەموو ئەستێرەوانان و ئەستێرەناسان وا لە کۆمەڵگەی ماژان دا خۆیان دەگرتەوە، سەر بە ڕێچکەی زی ئود سودرای نەمر واتە خدری زیندوو یان گۆمەردن... وشەی گاومەرد یان گۆمەرد لە کولتوری ئێمەدا بە گاورەد یان گەورد یان گەورک و "گەور" یان "گەوری سەر کێو" بە یادگاری ماوەتەوە و بەداخەوە بووە بە جوێن و کەوتووەتە زاری خەڵک... خەڵک وا نازانن ڕابردوو چیە و تەنیا فێرن بترسن لەوەی وا نیە و پشت هەڵبکەن لەوەی وا هەیە...

بەڵام خڕەتا و ڕێچکەی گاومەرد نامرن و هەتا مرۆڤی بیرمەند هەبێ ئەم ڕێبازە بەردەوامە و کوردایەتی ڕاستەقینە و گاورایەتی وەک دەمار و خوێن وان و قەت لە یەک ناپسێن.

٣ جونی ٢٠٢٠

-٢-

زۆر لە دەقە سومەریەکان یان بە کولتوری ئەو شارستانیەتە کە بە خۆی دەگوت کی ئین گیر و لە زمانی کوردی دا پێی دەڵێن کەیان یان کەیانگیربە خۆشییەوە بە میرات بۆمان بەجێماوە و، توانراون بخوێنرێنەوە. بۆ وێنە چیرۆکی هابیل و قابیل یان وەسیەتنامەی خدری زیندوو کە پڕە لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی ڕەوشت بەرزانە. خدر یان گۆمەرد یان گەور لە ئەدەبی ئیسلامیدا بە خضر دەناسێندرێ و دەڵێ ڕووی کردووەتە هەر کوێ ئەو شوێنە سەوزایی لێڕوواوە. ئەم پەسنە بۆ خدری زیندوو لەگەڵ ئەوەی وا ئاڤێستا سەبارەت بە گەومەرد باسی دەکات یەک دەگرنەوە کە دەڵێ کاتێ گەومەرد کەوت بە سەر زەویدا هەموو جەستەی پڕ بوو لە تووی دار و درەخت و گژ و گیا و بەو جۆرە بوو شینایی و سەوزەڵانی و گیاو گژ و ڕووەک بە جیهاندا بڵاو بووەوە. لە ئەدەبی جوو-عێبریدا ئیلیا هەمان خدری زیندووە وبە

دەریاکاندا دەگەڕێ و گەمی و کەشتی ڕێلێونبووەکان لە دەریادا بەرەو کەنار دەبا و سەرگەردانانی دەریا ڕزگار دەکا. ئەوەش هەمان ئەرکی تیپیکاڵی خدری زیندوو دەهێنێتەوە یاد وا کەشتی درووست کرد و حەوت شەو و حەوت ڕۆژ لەگەڵ بوونەوەران دا بە سەر دەریاوە بوون لە کاتی لافاوی گەورەدا و جەنابیان بوونەوەران و مرۆڤایەتی ڕزگار کرد.

ئەوەشمان بیستووە پیەغەمەر موسا لە دەریای ئوردون چاوی بە خدری زیندوو کەوت و گەشتێکیان بە سەر ئاودا کرد. هەمان چیرۆکی دەریا و گەشتی دەریایی.
خەڵکی هیچ شوێنێکیش بە قەد شاری سەقز چیرۆکی خدری زیندووی لەلا نیە! بێهۆ نیە! خدری زیندوو دانەری شارستانیەتە لەم شارە و لەم ناوچەدا کە پێی دەڵێن کوردستان.
خدری زیندوو هەرچەندە نەمرایەتی پێبەخشرا بەڵام سەردەمی شاهەنشایی کردنیشی کۆتایی پێهات، بەڵام ئەو بە نەمری ماوەتەوە و لە جیهاندا هەبوونی هەیە.

خدری زیندوو بەردی بناغەی خڕەت واتا ئەندێشە و بیرکردنەوەی دانا و دوای ئەوەی سوێندی وەفاداری بۆ ئیزەد مارتاوس یان مەڵ خوارد، بوو بە یەکەم عارف یان سۆفی وا لە فەلسەفەی ڕۆشنایی و تاریکایی کۆڵییەوە و بەردی بناغەی زوروانیسم و گنوتیسم و سۆفیگەری دانا. کۆی ئەمانە دەبێتە ڕێڕەو یان مەکتەبی گاورانی یان خدرانی و لە ئایینی میترابیسم یان مەهرانی دا ڕەنگدەداتەوە و مارتاوس یان مەهر ئیزەدی پارێزەری تیشکی خۆر و هێمای نووری خودا سەرگەورەی ئەم ئایینەیە و موغان یان ماژەکان خزمەتکار و پەرەپێدەری ئەم ئایینە

بوون و لە حەوت توێژدا خۆیان پێناسە دەکرد، وەک: قاڵاو یان کەل ،مەردەمێ یان شووەر،کارزان، شێر، پاڵەوان ، شەخس و پیر.

هەر یەک لەم تیپە پیاوە ئایینیانە ئەرک و ڕاسپاردەی دیاریکراوی خۆیان بەڕێوە دەبرد و لە کاتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینیەکاندا جلی تایبەتیان بە هێمای تایبەتییەوە ئەکردە بەریان. بۆ وێنە کەل جلی شینی لە بەر دەکرد، مەردەمێ دەمامکی هەڵدەبەست و چرای بە دەستەوە دەگرت.کارزانەکان جلی بۆریان لەبەر دەکرد و ماژی شێرنیشان کەوای ئەرخەوانی لە بەر ئەکرد و پاڵەوان جلی شینکەی دەپۆشی بەو ڕەنگ و فۆڕمەی وا لە جزیرابۆتان و بارزان و ئامێدی ڕانک و چۆخەی پیاوانە درووست دەکرێ.شەخس کەوای سووری لە بەر دەکرد و پشتێنی زەردی بە دوو گوڵەنگی شینەوە دەبەست و پیر بە داریە و گۆچان ەوە لە بۆنە ئایینیەکاندا دەر دەکەوت. ئەو داریە وا ئێستا پێی دەڵێن دایرە هێمای خڕەت واتە ئەندێشە و هزر و بیرکردنەوە بوو.

بەڵام سۆفی یە خدرانیەکان یان گاورەکان خۆیان لەم شتانە دەدزییەوە و بە شێوەازێکی مرتازانە لە کێوەکاندا دەژیان و جلی دڕ و زبر و پەشمینەیان دەپۆشی و بە کشتەک سێگرێیان لە سەر ناوکیان دەبەست و دڵیان لە دنیا هەڵکەندبوو،تەنیا شوێنکەوتەی ڕاستی و حەقیقەت بوون و بیریان لە ئافراندن و خودا و مرۆڤ دەکردەوە.

ماژەکان لە سەدەی هەشتەمی پێش زاییندا واتە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئورارتو بە سەر کوردستانی ئەو سەردەمەدا بە گوێرەی فەرمایشەکانی زەردەشت کە خۆی سەر بە توێژی دووهەمی ماژان واتە مەردەمێ یان شووەر بووە برێتین لە کەل یان قەل، کۆشیدەر، کارزان یان مەردجەنگ ،ئاگروان، مەری ژیر ،خاس یان شەخس و پیر.

ئێستا لە ئایینی ئێزیدیدا ئەم پیاوە ئایینیانە بەم ناوانە دەناسرێن: بابە چاوش یان قەوال، کۆچەک، بابەکەڤان، میرحەج، شێخ وەزیر، بابەشێخ ئیمام و میر.
ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە شێخ هەدی پێشەوای ئەم ئایینە کاتێ لە مەندابیەکان جیا بووەوە وهاتە شنگال و لالەشی بەرپاکرد ئەو نازناوانە وا لە کوردی پاڵەویدا چبوونە زمانی سریانی وا زمانی پیرۆزی کوردستانی پێش هاتنی ئیسلام بوو بەڵام زمانی کتێبی پیرۆزی مەندابیەکان بوو هەمووی گێڕاندەوە سەر زمانی ئەو سەردەمە وا عەرەبی بوو و زیاتر لە بەر ئەوەی خۆی و ئایینەکەی لە پەلاماری دەسەڵاتدارە موسڵمانەکان بپارێزێ.

لە گاتا یان گاهان واتە یادگاری زەردەشت دا هاتووە ماژەکان کەوتبوونە دنیاپەرستی و خەریکی کۆکردنەوەی ماڵی دنیابوون و پاڵیان دابوو بە دەسەڵاتەوە ئێستا ئەو دەسەڵاتە سەنحاریبی ئاشوور یان ڕوش ی ئورارتویی بێ.

لە بەر ئەوەی شاری ماژان یان شوروپاک، هەمان شارو پایتەختی زی ئودسودرا یان خدری زیندوو یان گەومەرد کە ئاگرگەی هەرە پیرۆزی ئارون یان خارون ی

تێدا بوو بە هۆی پیرۆزبوونیەوە ناوەندی ململانێی دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمانە بوو. هەموویان پەلیان دەکوتا بۆ ئەم شارە وهەوڵیان بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەدا.

شوروپاک و ئاگرگە پیرۆزەکەی واتە خارونا چاوی جیهانی ئاسیای روژاوای ئەو سەردەمە بوو کە بەو چاوەوە خەڵکی کوردستانی ئەو سەردەمە وا میراتبەرانی شارستانیەتی کەیان گیر بوون دەیانڕوانیە ئاسمان بۆ ڕەچاو کردنی پێگە ئاسمانیەکان و پێشبینی کردنی پێشهاتەکانی داهاتوو و هەروەها پاڕانەوە لە پەروەردەکاری جیهان و ئیزەدەکان بۆ گەییشتن بە ئاواتەکانیان. هەربۆیە هەموو کوردستانی کۆن کە پانتاکەی زۆر زیاتر لە ئێستا بوو ڕوویان دەکردە ئەم شارە و دیدەنی کردنی ئاگرگەی ئارونا وا پیرۆزترین هێمای خوداپەرستی بوو بە ئەو ئاگرە نەمرەیەوە وا یادگاری سەردەمی ئوستورەکان بوو. ئەو کاتەی وا هۆشەنگ یان شەنگە کوڕی سیامەند یان سیامەک کە بە ڕەچەڵەک بەرەی زی ئود سودرایە بەردە چەخماخێکی سپی فڕە دا بۆ مارێک، بەردەکە لە مارەکەی نەدا بەڵام درا بە بەردێکی دیکەدا و ئاگری لێکەوتەوە. ئەمە یەکەم ئاگری دەستی مرۆڤ بوو، بۆیە لەو شوێنەدا ئاگرگە بەرپاکرا و هەتا ساڵی ٦١٨ی زایینی کە سێزاری ڕوومای ڕۆژهەڵات لە بیزانسەوە هات و پەلامار ئەم شارە و ئەم ئاگرگە پیرۆزەی دا بەرپا بوو. کاتێ ئەم شارە و ئەم ئاگرگەیان سووتاند، شوروپاک یان ئایەران بەیژەن واتە ئاگری پاک لە لووتکەی گەورەیی و جوانی و ئاوەدانی دا بوو.

کاتێ ڕۆمانە مەسیحیەکان ئەم شارەیان لە تۆڵەی تاڵان کردنی ئورشەلیم دا تاڵان کرد و ئاگرگەکەیان وێران کرد، ئەم شارە سێ هەزار خانووی تێدا بووە و سێ شەو و سێ ڕۆژ سووتاوە.

ئەوە لە کاتێکدایە ساڵی ١٩٣٩ بە گوێرەی ئاماری فەرمی، ئەم شارە ١٢٠٠ خانووی تێدا بووە، واتە دوای هەزار ساڵ ئەم شارە نەگەیشتووەتە ئاستی هەزار ساڵ پێش خۆی... ئاگرگەی ئارون یان خارون کە لە دەقە زەردەشتیەکانی دوای ئیسلامدا بە خونیرەث ی ئارینیم واچە دەناسرێ و بەهەشتی ئاواتەکانی زەردەشتیەکانە بە قەڵای نارین دەناسرا و بە بەرزایی گردێکەوە بوو و خەڵک تێیدا دەژیا.

سەقزییەکان دەگێڕنەوە لە پەنجاکانی زاییندا ویستیان گەڕەکی کازم خان و گەڕەکی ناوقەڵا بە پردێکەوە پێکەوە گرێ بدەن، هەندێ لە بناری گردەکەیان ڕووخاند و خۆڵێکی سووتاوی ڕەشیان لێ گواستەوە وا پڕ بووە لە گۆزە و دیزە و ئێسک و پرووسکی مرۆڤ و گا. بۆ وێنە بە منیان گوت گۆزەیەکیان دۆزییەوە کە پڕ بووە لە قاپی ئەژنۆی گا. ئەوانەی وا کولتوری کوردییان لەبیر دێ و خۆیان بە بە خەڵکی دیکە نەدۆڕاندووە لە بیریانە قاپی ئەژنۆ چیە... ئێسکێکی بچووکی چوار گۆشەیە و هەڵیاندەخست بۆ مەرج و گرێو. ئەوەی وا ئێستا پێی دەڵێن تاس لە تەختە نەرد دا.
ئەوەش بێهۆ نیە، گا لە ئایینی مارتاوس دا پیرۆزە و قوربانی یان گۆری دەکرا و ئێسکی ئەژنۆیان بۆ کاری پێشبینی کردن و بەراوردکردن بەکار هێناوە.

لەگەڵ سوپای سێزاری ڕۆمادا کۆمەڵێ عەرەبی بەکرێگیراو لە شام و ئوردنەوە هاتبوون، ئەوان بە پووڵ و پارە و بە مەرجی تاڵان کردن واتە غنیمە دەبوون بە پیاوی ڕۆمانەکان یان ساسانیەکان و شەڕیان بۆیان دەکرد. ئەو عەرەبانە ئەو شارە نازدارەیان وا وێران کرد ئێستاش دوای ١٤٠٠ ساڵ خۆی نەگرتوەتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی پێویستە بگوترێ:کاتێ ئەم ڕووداوە بە سەر ئەم شارەدا هاتووە واتە ساڵی ٦١٨ ی زایینی ئیسلام وەک دین لە مەکە دا بە نهێنی پەرەی دەستاند و تەمەنی محەمەد پیەغەمەری ئیسلام ٤٨ ساڵ بووە ، هەر بۆیە ئەوەی وا دەڵێن خامۆش بوونی ئاگرگەی پیرۆزی ئارونا لە سەقز موعجیزەی لە دایک بوونی پیەغەمەری ئیسلامە ، دوورە لە ڕاستی و تەنیا عەوام واتە خەڵکی نەخوێندەوار وا قەوەتی بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکان و شیکردنەوەی زانستییان نیە ئەم شتانەیان پێخۆشە.
جیهان و دیاردەکانی سەیرن و مرۆڤ کاتێ بڕیار دەدا و بڕیارەکەی جێبەجێ دەکات ،جیهان ئاڵ و گۆڕی بەسەردا دێ و... ئەمەش تەنیا بە مرۆڤ دەکرێ... مرۆڤی هزرمەند...

١٤ جونی ٢٠٢٠

-٣-

**شوروپاک:** لە دەقە کەیان گیرەکاندا باسی شوروپاک کراوە. واتە ئەو شارەی وا زی ئودسودرا دەسەڵاتداری بووە.

شوروپاک لە خاتوەر یان شاری خات یان شاری خاچ دایە و هێمای شوروپاک هەمان خات یان خاچ یان صلیب ە.

لە سەرەتای سەدەی بیست دا جامێک لە سامەڕای لای بەغدا لە ئێراق دۆزرایەوە و هێمای خاچ و دوازدە ماسی یان تێدا بەدی کرد،ئەم جامە لە لایەن ئاسەوارناسێکی ئەڵمانی دۆزرایەوە و بەرێکرا بۆ ئەڵمانیا و دواتر بوو بو هێمای نازیستەکان و حزبی ناسیونال سۆسیالیستی کرێکارانی ئەڵمانیا. ئەو حزبەی وا هیتلێر سەرۆکایەتی دەکرد و جیهانی تووشی شەڕی جیهانیی دووهەم کرد. حزبێکی تۆتالیتەر و گرژ و ڕەچەڵەکپەرست.

هێمای خاچ زۆر کۆنە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شاهەنشایی ئیزەدەکان وخواوەندەکان لە مەزۆپۆتامیادا واتە سەردەمی میتۆلۆژیکی مێژوویی کە بە خدرشا یان گەورشا یان زی ئودسودرا کۆتایی پێهات.
خاچ لە کولتوری شوروپاک لەگەڵ خاچەکانی سەردەمی مسری فەڕۆخایەتی و مەسیحیەت زۆر جیاوازە. خاچی شوروپاک هەر چوار ئاراستەکەی بە یەک ئەندازەیە بەڵام خاچی فەڕۆخەکان ئەندازەی باڵەکانی کورتترە لە کۆڵەکەکەی و هەروەها لای سەرووی وەک گردۆکە وایە واتە خڕە. خاچی مەسیحیەتیش ئەوە دیارە و هەموو دەزانن چۆنە.

هەروەها خاچی شوروپاک چوار پەخی هەیە واتە لە کۆتایی هەر لقێکیدا زیادەیەکی لێبوەتەوە و بە ئاراستەی سووڕی کاتژمێر یان لە چەپەوە بۆ راست پەخی خواردووە و داشکاوە. ئەوە ئاماژەیە بە سووڕی زەوی بە دەوری خۆردا و خۆر لە ڕۆژ هەڵاتەوە دەردەکەوێ.

خاچی شوروپاک  هەر چوار باڵەکەی یەکسانە لە بەر ئەوەی هەرێمی شوروپاک چوارگۆشەیەکی تەواو یەکسانە و هەموو بەرەکانی بە یەک ئەندازەن و پانایی و درێژاواریەکەی یەکێکن. وەسفی شوروپاک لە ئاڤێستادا بە وردی کراوە، ئەوە لە کاتێکدایە گاهان ی زەردەشت هی سەدەی هەشتی زایینیە و دەقە کەیانیەکان هی سەردەمی میتۆلۆژی مێژوویین و زۆر کۆنترن لە ئاڤێستا. هەروەها ئەو ئاڤێستا کە باسی دەکەین دوازدە سەدەی بەسەردا هات تاکوو نوسراوەتەوە و گاهان بەشێکە لە ئاڤێستا.گاهان هۆنراوەی جەنابی زەردەشتە و ئەو دەقەی وا باسی شوروپاک دەکات

هی سەردەمێکە وا زەردەشتیەکان پاکتاو کرابوون و لە هێندستان و ئەفغانستان و کرمان دەژیان و هیچ کات نەیاندەزانی شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت و شاهەنشایی کەیانیەکان و گۆمەرد خدرشا و ئاگرگەی پیرۆز کوێیە.

لە بەر ئەوەی زەردەشتیەکانی دوای ئیسلام خۆیان لێون ببوو. ئەوان ڕاست و چەپی خۆیان بە ئێراقی عەجەم و سیستان دەزانی و ئەوە لە کاتێکدایە ئەفغانستان هەتا چەند سەدە دوای هاتنی ئیسلام هەر بودایی بوو و سەر بە ئاییینیزەردەشتیش نەبوون! بۆ وێنە بنەماڵەی بەرمەک ی وەزیران بوودایی بوون و ئەوەی مێژووی خۆلەفای عەباسی خوێندبێتەوە ماجەرای خالید و فەزڵ و جەعفەر بەرمەکی و ئەوەی وا بە سەریان هات دەزانێ.

لە فەرگەردی یەکەمی وەندیداد، بڕگەی ٣ و ٤ دا هاتووە:

باشترین شوێنێک وا شک دەبرێ وەرمز ئافراندوویەتی "ئایەرەن ئویژەن"ە.

بەڵام پتیارە یان بەڵا زستانێکی دەمانگی و جۆرەکانی ماری پەڕدار و بێ پەڕی لەم شوێنەدا ئافراندووە.خۆشی ئەم مەڵبەندە لە ڕادەیەکدایە وا وەرمز دەفەرمێ ئەگەر شوێنەکانی دیکەم نەخولقاندبایە هەموو خەڵکی جیهان ڕوویان دەکردە ئەم شوێنە و ئاوەدانی لە جیهاندا نەدەما.

پێشینانی ئێمە بڕوایان وابوو جیهانی ئاوەدان بریتییە لە حەوت بەش و بەشی ناوەڕاست ناوی "خونیرە بامیک" ە و بە قەد شەش بەشەکەی دیکە دەبێ و "ئایەرەن ئویژەن" لە خونیرەدایە.

ئاڤێستا دەڵێ: وەرمز شتی زۆری لەو هەرێمەی وا ئایەرەن ئویژەن ی تێدایە ئافراندووە. ڕووبارەکانی "دایتی وەنگوهە" و "تەرە جە" لەوێن." گاوئیوداد" یان یەکەم گا لەوێ ئافرێندراوە. گۆمەرد خدرشا لەوێ ئافرێندراوە. چیاکانی "ئەبەرز" و "ئوسێندام" و "ڕاس" و پردی ئۆستوورەیی "چینوەت" لەوێدایە. یەکەم جووتی ئاژەڵ واتە گا و مانگایەک و هەروەها جۆری هەموو گیاو گژ و ڕووەک و شینایی لەوێ ڕوواون. ئایەرەن ئویژەن هێمنترین و پەناترین شوێنە بۆیە " وەریەمکرد" لەوێدا سازکراوە. پارێزەری ئایەرەن ئویژەن هامسایێکە و ناوی "ئەنگەبیزە". زەردەشت لەو هەرێمەی وا ئایەرەن ئویژەنی تێدایە سەری هەڵداوە. خورشیدە یان خەرمانەی خۆر کە ٣٦٠ پلەیە ڕێک دەکەوێتە سەر ئەم هەرێمە.

مینوی خرەت واتە هزری مایەندە و بێ کۆتایی ناوی کتێبێکی زەدەشتیەکانە و سەبارەت بە شوروپاک یان سوریگاش یان هەرێمی خاچ وەری چوارگۆشە وا ئایەرەن ئویژەنی تێدایە دەڵێ: ئەم شارە شاری ئاواتی یە بۆ زەردەشتیەکان و دەڵێ: دیارە وەرمز ئەم شوێنەی لە هەموو شوێنەکان و و دیهەکان (دێ، لادێ، گوند) خۆشتر درووست کردووە و خۆشییەکەی لەوەدایە ڕادەی تەمەندرێژی خەڵکەکەی هەتا ٣٠٠ ساڵ دەچێ و تەمەنی ئاژەڵ وماڵات و پاتاڵ لەم شوێنەدا دەگاتە ١٥٠ ساڵ و خەڵکەکەی دەرد و نەخۆشینیان کەمترە لەچاو خەڵکی دیکەوە و دێوی ئاز و تەماح کەمتر زاڵە بە سەر خەڵکەکەیدا و بە دە پیاو نانێک تێریان دەکات و تەمەنی زاو زێیان لە چل ساڵاندایە و یاسایان "بەە"ی یە واتە دادپەروەری و عەداڵەت و میزان و تەرازوە و ئیزەد ڕەشن (ڕووش ، ڕاشنو ،ڕاس) یاسای بۆ داناون و

ئایینیان " پوریوتکێشی" یە و بە پەڕشە یی واتە پاڵەوانی دەمرن و موریدی گوبدشا (گۆمەرد خدرشا)ن و ئیزەد سروش (خواوەند کلد، دیکل) سەرگەورەیانە.

بە گوێرەی دەقە کەیانی یەکان (سومەریەکان)، شوروپاک دوای " ئور" لە مەزۆپۆتامیای خواروو ئاوەدان کراوەتەوە و ماڵی "ئێن لیل" خواوەندی "با" لەم هەرێمەدایە. لە دەقە ئاشوریەکاندا بە "سوریگاش" ناو براوە وخونیرە بامیک بە " قەڵای خارونا " ناو براوە.

سوریگاش واتە هەرێمی سور یان سودر،خودر کە دەبێتە گۆمەرد خدرشا.
گۆمەردخدرشا چەرخێکی ئاورینی بووە و سواری بووە و بە ئاسماندا گەڕاوە. ئەم باسە لە کتێبی پیرۆزی جوو/ مەسیحیەکاندا هاتووە. ناوی بە الیاس یان ئیلیا هاتووە و لەگەڵ ناوی ئەودا وشەی ئاگر هاتووە.

لەم هەرێمەدا ئایینی مارتاوس یان مەهرانی/ میترایيسم داهاتووە. لەم هەرێمەدا بیرمەندی و خڕەت و پرسیارکردن و مەنتق و فەلسەفە و خوداپەرستی سەریهەڵداوە. لەم هەڕێمەدا ئاگری دەستی مرۆڤ پەیدابووە و یەکەم ڕەچاوخانە بۆ زنج کردن و ئەستێرەوانی لەم هەرێمەدا، لەکوردستانی کۆن دا بەرپاکراوە.

بە گوێرەی ئاڤێستا ئەم هەرێمە بریتی بووە لە پێنج بەر و حەوت ئاوەدانی.
٥بەر:
ئەپاکتەر،ڕاییشوێن، خوەروبەران، خوەراسان و خونیرە بامەک

٧ ئاوەدانی: خوەروجارەخ،خوەروبارەخ، ڕاس خوشیدەر، مەوی شوو، شەوە و ئەرزەهی

ئەرزەهی بە تەنیا خۆی - بە درێژایی مێژوو- ئەم ناوانەی بووە: ئیزیرتا، ئیزیریت،ئەرزە، شەرزە، گرژە، موشاشیریان موزازیر، ئەرزەشکون و ئەردینی شکوز، سکوز، ئوشکوز و ئەشکەناز.

ساڵی ١٩٠٨،وینکلیر ئاسەوارناسی ئەڵمانی لە بۆغازکۆی لە نزیک ئانکارای پایتەختی تورکیادا بەردیکی دۆزییەوە کە مێژووەکەی هی ساڵی ١٣١٧ی پێش زایینە و تێیدا باسی بڕیارنامەی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتەکانی میتانی و هیتی کرابووە و هەروەها سوێند بەم چوار پیرۆزاییە خوراوە:

میتراش، خاروناش،ئین دەرە و ناخاتیانا واتە ئەو چوار ئیزەدە پیرۆزەی وا لە فەرهەنگی شەڕوانیدا جێگەی هاوار و پەنان بۆ شەڕوانان.

واتە مارتاوس یان پاڵەوانی گەورە و پارێزەری تیشکی خۆر، خاروناش یان وەرەخران خواوەندی خوم و پێشەنگی شەڕ دژ بە ئەنگەرەماینو کە لە جەستەی یەکانەدا خۆدەنوێنێ. ئین دەرە یان دەرەجە ی ئاڤێستا واتە شوێنی تەرە یان پەرەیان فەرە.

فەرە بە فەرنە و تەرنەش هاتووە واتە ئیزەدی کەواندار یان تیر. ئیزەدی تیر یان کەواندار لە خزمەت ئیزەد مارتاوس دا شەڕ لەگەڵ هێزی تاریکی و ئەنگەرەمینو دەکات و ناخاتیانا یان ناهاتیانە هەمان ئاناهیتا یان هانە و تیشتەرە کە خواوەندی

شەڕوانی یە و لەگەڵ ئیزەد مارتاوس دا شەڕ لەگەڵ ئەنگەرە ماینو یان ئەهرەمەن دەکات.

میتراش هەمان مارتاوس هیچ پەیوەندی بە هێندستان و خواوەند میترای ئەوانەوە نیە،هەروەها ناخاتیانا یان ئاناهیتا و ئشتار و ئیزەد تیر و ئیزەد خارونا یان وەرەخران...

دۆزینەوەی بەردەنووسی بۆغازکۆی و جامی سامەڕا لە لایەن ئەڵمانیەکانەوە قوڕ بوو گرتیانەوە بۆ سەری ئەڵمانیا و بەدبەختی و کوڵۆڵی و بێدەرەتانی بوو بۆ جووەکانی ئەوروپا وا بە ئەشکەنازی دەناسرێن و ئاور بوو کەوتە ناو ماڵی کورد و کوردستان.

ئەوەی وا ئەو ئاسەوارناسانە بە درۆ یان نەزانکاری و خەیاڵ و فانتازی هەڵیانبەست یان ڕستیان چل ساڵ دواتر نازیسم و ڕاسیسم و هولۆکاست و بێبەش کردنی کوردەکانی لێکەوتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە جامێکی "خاچ وەر" بە وێنەی ئەوەی سامەڕا، لە قەفقاز و لە ئەرمەنیا دۆزرایەوە!

٢٦ جونی ٢٠٢٠

-٤-

**چواردەروو:** باسی هێمای چوارخاڵ یان خاچ کرا... خاچ یان سەلیب...
جامێک لە وڵاتی ئەرمەنیە لە قەفقاز دۆزراوەتەوە و هەمان هێمای خاچ ی جامی سامەرای ئێراقی پێوەیە.

سامەرا لە هەرێمی باشووری مەزۆپۆتامیا لە کوێ و هەرێمی ئاراز لە کوێ؟ بەڵام با لە بیری نەکەین سەرچاوەی ڕووبارەکانی ئاراز و فرات و دیجلە لە کوردستان و لە یەک ناوچەدایە... هەرێمی حات. لانکی پەروەردە بوونی شارستانیەتەکانی میتانی و هیتی...

ئەم شارستانیەتانە بە شارستانیەتیماننا یان شوکامۆنایشەوە کە بە خۆیان دەگوت چاردنیا یان چاردۆری دوای ڕووخاندنی شاهەنشایی کاشی یان شوکاشو(شوکازو) هەوڵیان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەرێمی پیرۆز دەدا.

ئەم هۆز و شارستانیەتانە هەموویان سەر بە ئەندێشەی خدرانی بوون واتە گاورایەتی مارتاوس یان بەوەی بە لاتین پێیدەڵێن میترائیسم یان ئایینی مەلەک تاوس ی ئێزیدی لەم سەردەمەدا.

هەروەک کوترا هەرێمی ئۆستورەیی شوروپاک یان ئارینیموا- جە کە قەڵای ئارونا یان خاروناى لێیە مەڵبەندی فەرمانڕەوایی گۆمەرد- خدرشا بوو ،جەنابیشیان یەکەم دەروێش - سۆفی مێژوو بووە و یەکەم شاگرد و مرید و سوێند خواردووی کەمەربەستەی ئیزەد مارتاوس بووە.

ئاگرگەی ناو قەڵای ئارونا یان خارونا یان ئیزەد بارام پیرۆزترین هێمای ئایینی ڕووناکی واتە ئایینی مارتاوس ە. ئەم هەرێمە قیبلەی دڵی کوردانی دێرین بوو.

کۆچکردنی هۆزەکانی حات یان خات بەرەو خوار لە زۆر کۆنەوە دەستی پێکردبوو، بەڵام دوای ئەوەی دەسەڵاتی شاهەنشایی شوکاشو یان شوکازو کە خۆیان بە شای چاردنیا دەناساند و شانازییان پیوە دەکرد ڕووخا ،ئەوان ئازادانەتر بەرەو هەرێمی پیرۆز هاتن... لەوانە کلدی یان کالدی.

شوکازو کە دواتربە شکوز دەناسرا لە لایەن ئیزەدی پاڵەوان ئیزەد شوکامۆناوە دەپارێزرا. شوکامۆنا ئیزەدی پارێزەری جیهانی ژێرەوە بوو.

شوکامۆنا یان پاشکە، کاشپە، کوش پا، جووتە برای جەمشیدشا بوو.
جەمشیدشا یان مای، مەی شا، لە نەبەتەری گۆمەرد-خدرشا شای هەرێمی پیرۆز بوو، شارێکی لە ژێر شوروپاکەوە درووست کردبوو بۆ ئەوەی ئەگەر جارێکی تر لافاو هەستا،خەڵک بباتە ژێر زەوی و بوونەوەران لە لافاو بپارێزێ ،هەروەها شوکامۆنای برای کرد بە پارێزەری ئەم ژێرخانەشارەوە.

شوکامۆنا هێمای شۆکە و شیرینی و شەڕوانی بوو. هەنگەسوورە شەڕانیەکەش وێنای کوشەندەیی ئەو بوو.

حاتی یەکان کە وەچەیەک لە کوردی کۆنن وەک شوکاشوەکان، بە ئیزەدی شەڕوانی یان دەکوت کلد . توری یەکان پێیان دەکوت ئارتەشێر و میتانیەکان پێیان دەکوت شاوەزکە یان هەمان شائوشکە کە هەمان شوکاشو یان شوکازو یە. لە ٧٢٢ی پێش زاییندا کاتێ ئاشوور ،جووەکانی لە سامەریای ئیسراییلەوە کۆچبەری خاتبەر یان خابوور یان خاوەر کرد ، جووەکان هۆگران و لایەنگرانی شوکامۆنایان بە ئەشکەناز تۆمار کرد ،ئەوە لە کاتێکدایە ئاشورخەڵکی شاری شوکازۆی بە شکید یان شکیت دەناساند و شارەکەشیانی بە شکوز تۆمار کردووە.

بە هەموو ئەم ناوانەوە وا بۆ یەک چەمک تۆمارکراون شەڕوانانی ئەو سەردەمە هەموویان شانازییان بە ئەم ئیزەدەوە دەکرد واتە شاسوار یان شێرسوار کە هەمان ئیزەد شوکازو یە و بە جەستەی کەڵەشێر دەردەکەوێ و سواری شێر دەبێ و لێی ناترسێ. ئەوان هێزی شەڕوانی خۆیان دەبەستەوە بە فەڕی یەزدانی و پشتیوانی ئیزەد شێرسوار یان ئەردەشێر. ئەردە یان گەردە برێتییە لە پشت مل هەتا دەفەی شان. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کلدی یان دیکل کە دەکاتە جەستەی ئیزەدی شەڕوانی بە چەشنی کەڵەشێر سواری شانی شێر بووە .شێرهێمای نەبەزی یە و کاتێ ئەم ئیزەدە وەک کەڵەشێری سەرشانی شێر نیشان دراوە واتە هەرکەس بڕوای بەم ئیزەدە بێ ، شێر بە نەترسی و بەجەرگی خۆی ، پێی دەدۆڕێ.

بەڵام بۆ کەڵەشێر؟ لەبەرئەوەی کەڵەشێر لەکاتی سواربوون بە سەر گەمیەکەی گۆمەرد- خدرشادا، سەرنجی جەنابیانی بۆلای خۆی ڕاکێشا و لەبەر ئەوەی زۆر بە جووتەکەی واتە مریشکەکەی هاوسەرییەوە شەتڵ بوو ،ئاگای لێی بوو.
هەروەها شوکامۆنا یان کلدی یان ئەردەشێر کە لە جەستەی کەڵەشێردا نموویان هەیە هەموو ڕۆژێک پێش ئەوەی جیهان لە خەو هەستێ، ئەو بەخەبەر دێت و پێش هەڵاتنی خۆر، دەقوقێنێ و مژدەی هاتنی تیشکی خۆر دەدات. ئەو یەکەم تیشکەی خۆریش لە لایەن ئیزەد مارتاوسەوە پارێزگاری لێدەکرێ.
شوکامۆنا بانگەوازبۆ سەرکەوتنی ڕووناکی بە سەر تاریکایی دا دەکات و کاتێ ئەوە ڕوو دەدات لە دایکبوونی ئیزەد مارتاوس دێتەوە یاد و هەروەها چۆن سپیایی بە سەر نغرۆییدا سەر دەکەوێ.

لە ئایینی زەردەشت دا ئەم ئیزەدە بە سورئوش یان الهامی غیبی پێناسە کرا و نازناوی پەڕۆزەڕ واتە کەڵەشێڕی پۆپ زێڕینی پێدرا لە بەر ئەوەی مژدەی هەڵاتنی یەکەم تیشکی زێڕێنی خۆر لە بەرەبەیان دەدات.

نوێژگە ی شوکامۆنا یان کلد یان ئەردەشێرلە شوروپاک یان "ئایەران ـ جە" ولە ڕۆژاوای قەڵای خارونادا بوو. پێیان دەکوت شوکازو، ئار- شاشکو، موشاشیر، موزازیر، ئیزئیرتا، ئیشیرتا، ئارتاشێس و ئاردەشێر و ئەرزە شکون.
ئورارتوییەکان کە لە شانامەدا بە توری یەکان دەناسرێن و پاشکۆی میتانیەکان بوون هەوڵی داگیرکردنی هەرێمی پیرۆزیان دا و ئەو کارەشیان کرد بەڵام شکوزەکان بەرەنگاریان دەبوونەوە. دواتر پێی ئاشوریەکان گەییشتە گۆڕەپانەکەوە ،ئەوان ژێردەستەی میتانی بوون بەڵام دوای ڕووخانی میتانی و شوکاشی یەوە هێزیان گرتبوو خەریکی پەرەپێدانی خۆیان بوون.

شکوزی یەکان کە پاشەبەرەی شاهەنشایی زۆر گەورەی هەزارەی دووهەمی پێش زایین لە ئاسیای ڕۆژاوا و مەزۆپۆتامیادا واتە کاشی،کاسی یان شوکاشو- چاردنیا بوون.
وای لێهات لە سەدەی نۆهەمی پێش زایین دا، کەوتنە گۆرەپانی ململانیی نێوان ئاشوریەکان و ئورارتوییەکانەوە. هەتا هێزیان تێدا بووایە شەڕیان دەکرد و سەربەخۆ بون کە نسکۆیان دەهێنا دەبوون بە هاوپەیمان لەگەڵ یەکێ لەم دوو زلهێزەوە.

لە سەدەی نۆ هەم دا شای ئاشور ئەم شارەی داگیرکرد و پەرستگەکەی شوکازۆی بە نێوی ئارتینی یان ئارزینی یان شەرزین ی نۆژەن کردەوە و مۆغێکی بە نازناوی وەرزانە واتە خاوەن زانایی کرد بە بەرپرسی پەرستگەکەوە.

وەرزانە یان فەرزانە سۆفی یەکی گاور بووە سەر بە ڕێچکەی گۆمەرد خدرشا.
وەرزانە یان فەرزانە یان بارزان لە مۆغانی هۆزی گۆمەرد یان خۆمەرد بوو کە نەبەتەری خۆیان بە شوکامۆنای برای جەمشیدشا دەگەیاندەوە و پشتاوپشت خزمەتکاری پەرستگەی شوکازو بوون کە تێیدا نزا و پاڕانەوە و ئافەرینیان بۆ ئیزەد شوکامۆنا ئیزەدی پارێزەری شاری وەر جەمکەرد دەکرد.
هەروەک کوترا جەمشیدشا کە بە یام، گام، زۆ، زاب، جەم و ژاو ناوی تۆمار کراوە ئەم شارەی لە ژێر هەرێمی شوروپاکەوە درووست کردبوو.
ئاشوریەکان بە بنەماڵەی پاشایەتی هەرێمی شوروپاک یان دەکوت ماتماننایی .
مات واتە ماد یان مای کە دەکاتە چینی نەجیب زادە و شاهەنشایی کە پاشەبەرەی میتانیەکان بوون و ماننایی واتە شوکامۆناییەکان کە پاشەبەرەی کاشی یەکان بوون.
کەواتە مات ماننایی هەمان ماد- مۆنایە کە هەزارساڵ پێش لەو مێژووە شاهەنشاییەکی زۆر گەورەیان بۆ ماوەی ٧٠٠ ساڵ لە کوردستان و مەزۆپۆتامیا بەڕێوە دەبرد و هەر لە قەفقازەوە هەتا کەنداو پانتایی هەبوو. کاتێ هیتی هەردوو پاشایەتیەکەی ڕووخاند ،شازادە میتانی یەکان و شوکاشوەکان لە دژی هیتی هاوپەیمانییان درووست کرد و دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتەکەشیان لە بابل وسوریا دیسانەوە لە کوردستان و لە زاگرۆس دەسەڵاتدار بوون هەرچەندە هەژمونی ی

هیتییەکانیان قەبووڵ کردبوو. ئەوەش ناکۆکی ناوخۆیی لە شوروپاک درووست دەکرد.

ئەو ناکۆکییە لە مێژووی کورد دا بە شەڕێ ئێران و توران دەناسرێ. ئێران واتە شکوزییەکانی پارێزەری ئاگرگەی ئارونا یان خارونا کە شازادەکانی میتانی و شوکاشو نوێنەرایەتییان دەکردو توران واتە ئورارتوییەکان کە بە ئەرمەن یان ئەرتوش دەناسرانەوە وپاشەبەرەی هیتی یەکان بوون.

ئورارتو شانازی بەوەوە دەکرد شای شوروپاکیشە. شاری قیبلەی هەموو ئەو خەڵکەی وا ئێستا بە کورد و ئەرمەنی دەناسرێن. تەنانەت ناوی چەند شای ئورارتویی چواردوری بوو واتە چواردەروو یان چواردنیا کە ئاماژەن بە هەرێمی شوروپاک و هێمای چواردووری یان چوار دنیا هەمان خاچ یان سەلیبە وا لە جامی سامەرا و لە جامی قەفقازدا نەخشێنراون. چواردنیا هەروەها نازناوی شاهەنشاهانی شوکاشو بوو.

لووتکەی دوژمنایەتی ئەم دوو بەرە کە ڕەگەزی خۆیان دەگەیاندەوە بە ئیرەج و تورەج کوڕانی فەرەیدون شا لە ساڵی ٧٧٤ ی پێش زاییندا بوو کە توری یەکان یان ئورارتوییەکان هێرشیان کردە سەر باشووری شوروپاک و مۆغ زەردەشتیان کوشت.

زەردەشت خەڵکی شوروپاک بوو هەروەها خزمەتکاری ئاگرگەی ئارونابوو بەڵام دوای ئەوەی کەوتە ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگەی مۆغان ،دەرکرا و دوور خرایەوە .ئەویش ڕووی کردە باشوور و لەوێ گرسایەوە. لەو سەردەمەدا ئورارتو زاڵ بوو بە سەر هەرێمەکەدا.

ئارگیشتی یەکەم یان ئەرجاسپ ی خەوینی شای ئورارتو پەلاماری باشووری دا و لە یەکێ لەم شەڕانەدا زەردەشت کوژرا.

بەڵام دواتر و لە کاتێکدا شاهەنشایی ماد سەری هەڵدا دەستەیەک لە گۆمەردیەکانی هەرێمی ئەرمەن واتە ئەو شوێنەی ڕووبارەکانی فرات و ئاراز و دجلە لیی هەڵدەقوڵێن، سەریان هەڵدا و هەتا سنووری مسر ڕۆییشتن و تاڵان وکوشتاری زۆریان کرد.ئەوان هیتییەکانیان پاکتاو کرد و خۆشیان کەوتنە بەر پەلاماری گۆدەرزشای ماد و لە کاتی نان خواردن دا و لە کاتێکدا میوانی شابوون لە نێوچوون.

ساڵی ٦٢٨ی پێش زایین ئەم ڕووداوە هاتووەتە ئاراوە.

کاتێ ئەم کارانە کران، گۆدەرزشا یەکەم ئارتەشی جیهانی کۆنی ڕازاندەوە و ڕووی کردە نەینەوا پایتەختی ئاشوور.

لە تۆمارە پیرۆزەکانی جوولەکەدا باسی هێرشی ئەم شاهەنشا کراوە و بە کڵاوسوورەکانی کوێستان وا گوێ بە زێڕ نادەن و تەنیا بیر لە پاکتاوکردنی ئاشوور دەکەنەوە ناو دەبرێن. لەو دەقانەدا باسی شەڕوانانی ماتئینی واتە هۆزەکانی ماد لە زاگرۆس و مینییەکان واتە شوکامۆناییەکانی هەرێمی شوروپاک و ئەشکەنازیەکان

واتە پاڵەوانانی پەرستگەی ئیزەد شوکامۆنا دەکرێن وا دێن و ئاشوور قەلاچۆ دەکەن.

ئەم ڕووداوە لە مانگی ئاداری ٦١٢ی پێش زایینیدا هاتە ئاراوە و مێژووی گۆڕی.

١٤ جولای ٢٠٢٠

-٥-

ئەم زنجیرە بابەتانە وا بەندە نووسیومە و لە سایتی قیمەت گرانی قەڵەم دا بڵاوکراونەتەوە بەرهەمی زۆر ساڵ خوێندنەوەی دەقە مێژووییەکان و دەقە ئایینیەکان و هەروەها فێربوون بە قسەکردن بە سێ زاراوەی کوردی و هەروەها خۆشویستنی کولتوری زێدی باوک و باپیرانم وبیستنی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی یە.

دەبێ هێزی استدلال کردنت خورت و قاییم بێ دەنا تۆ وەک کەسێکی تینوو وایت وا لە بیاباندا دەگەییت بە کارێز یان بیرێک و بەپەلە دەست دەکەیت بە هەڵگۆزینی ئاو لە بیرەکە و تەنیا بیر لە یەک شت دەکەیتەوە: بگەیی بە ئاو و لێیبخۆیتەوە و تینوویتی پێبشکێنی! هەروەها ئەوەش دەزانی کارێزکەن یان بیرکەن ئەم کارێز و بیرەی هەڵکەندوە، بەڵام تۆ نازانی بیرکەن و کارێزکەن چۆناوچۆن و لە چ پرۆسەیەکدا ئەم کارێز و بیرەیان هەڵکەندووە.

وەک کورد دەڵێ ئەم هەویرە هەتا ئاوی تێبکەی دەیگرێ و دەیکێشێ. وایە! کاتێ تۆ لە سەردەمی مێژووی ساڵنەزانەوە کە دەکاتە سەردەمی چیروانۆک و اساطیر دەست پێبکەیت هەتا دەگەییتە سەردەمی ماد و بنەماڵەی یەکەمی پاشایەتی هەخامانی

(هخامنشی) کە دەکاتە کوڕوز و کامبیز و ئاسەوەرد واتە ساڵی ٥٢٢ی پێش زایین کە دوایین مۆغ ی شاهەنشا واتە ئاسەوەرد یان گیومات کوژراوە، دەبێ زۆر زانیاری کۆ بکەیتەوە هەروەها هێزی استنباط و شیکاریت زۆر بەهێز بێ... دیارە دەبێ دوور بی لە تعصب و دەمارگرژی... لە بەر ئەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بە دڵی تۆ لە ڕابردوودا نەهاتوونەتە ئاراوە. ئەو ڕووداوانە هاتوون و ڕابردوون. تۆ دەبێ بیگێڕیتەوە و باسی خۆتی لە سەر بنووسی، بڵێی ئەم شتانە هەن و بەو پێیەش وان نەوەک ئەوەی کووتراون یان هێشتا باسی نەکراوە.

با ئەوەش بڵێم کاتێ تۆ وەک کورد، خۆت متمانەت بە کەسایەتی مێژوویی خۆت نەبوو ئیدی نابێ جنێو بە ئاتاتورک و پان ئێرانیسم و پان عەرەبیسم و پان ئیسلامیسم بدەی کە ناتخوێننەوە.

بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەر کەس دەیەوێ لە ئایدۆلۆژیای سیاسی و حزبیدا بە دوای ڕەگ و نەبەتەر و ڕیشەی مێژوویی کورددا بگەڕێ هەڵە دەکات، ئێمە زۆربەمان ئەزمونی حزبایەتی کردنمان هەیە و با ڕوون ببێتەوە کە حزبی سیاسی کار بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گروپی ئتنیکی یان توێژێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی دەکات لە جوغرافیای سیاسی و قەڵەمڕەوی یەکەیەکی سیاسی کە پیی دەڵێن وڵاتی خاوەن دەوڵەت. حزب یان ڕەوتی سیاسی مێژووی ئێتنیکی نەتەوە یان گەل یان خەڵکێکی مێژوویی نانووسێ، بەڵام داکۆکی لێدەکات و ئێلێمانەکانی ئەم مێژووە دەکات بە جێدەس وجێپێ و پاڵپشت بۆ ڕەوابوونی جۆری داواکاریەکەی.

با بزانین کوردستان وڵاتە بەڵام خاوەن دەوڵەت نیە کەواتە قەڵەمڕەوی سیاسی نیە، هەرگا وایە تۆ:

یان "هویت"ی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە خاوەن دەوڵەتەدا پێناسە دەکەیت کە دەتکات بە هویتێکی سەر بە وڵاتێکی دەوڵەتدار یان لە ڕامان و حەزی خۆتدا خۆت بە کەسێکی سەر بە وڵاتیکی بێ دەوڵەت دەبینی و ئێمە وا لە زانکۆدا وانەی مافەکانمان خوێندوە فێربووین قەت شتی وا بە ڕەسمی نەناسین چونکە فێربووین ئەوە بچێ بە مێشکماندا "لە یاسای نێودەوڵەتی دا مانای نیە کە تۆ مرۆڤ بیت و پێناسەی وڵاتێکی دەوڵەتدارت نەبێ."

بەڵێ ڕاستە ئەمە یاسایێکی نوێیە، بەڵام کاتێ ئەو یاسا نووسرا ودەوڵەتەکان مۆریانکرد، کورد نوێنەری نەبوو تاکوو ئەو یاسا مۆربکات چونکە دەوڵەت نەبوو. گلەیی لە پای کورد خۆیەتی!

لە ڕاستیدا ئەوە بڵێم لەم تەمەنەمدا کە خەریکە بەرەو پەنجا هەڵدەکشێ، ناتوانم خەڵک فێری سیاسەت بکەم، بەڵام دەتوانم شتەکان بگێڕمەوە و ڕای خۆمی لەسەر بڵێم.

ئەوەش با بڵێم ڕەوتە سیاسیەکان هەمیشە بۆ پاڕاستی خۆیان و هەروەها بۆ بەرەی کاری خۆیان هاوار بۆ دەقە کولتوریەکان دەبەن.

هەرکات دەقە کولتوریەکان (کە بەناو کولتورین) خۆیان لە سیاسەت هەڵقورتاندووە فاشیسم و نازیسم و ڕەگەزپەرستی و نەبەتەرپەرستی لێ شین بووە.

بەهەرحاڵ با ئەوە بڵێم هەوڵدان بۆ ساخ کردنەوەی کولتوری "هویت"ی کورد کە ملوێنێک و دە و بیست نین و پاڵ دەدەن بە چل یان زیاتر ملوێن خەڵکەوە ناکرێ بخرێتە خانەی هەوڵدان بۆ درووست کردنی کوردستانی گەورە و لەم جۆرە بابەتانەوە. بەڵام وەک کورد بۆت هەیە باسی گۆڕەپانی شارستانیی کورد (حوزەی تمدنی کرد) بکەیت و خەڵکانی دیکە و دەوڵەتەکانیش نەئاڵۆزێنی و کەسیش لە خۆت دڕدۆنگ نەکەیت و ئەگەریش بەوەش دڕدۆنگ دەبن با ببن و ئەوە کێشەی خۆیانە وا ناتوانن تۆ بە هاوشان و هاوماڵی خۆیان بزانن ، دەنا تۆ وەک کورد ئەگەر ئێرانی یان لوبنانی یان تورکیایی و عێراقی و فلانیت، ببە، بەڵام ناتوانی و نابێ بەرخۆڵەی خۆت بدەی بە ئاودا بۆ ئەوەی کاژۆڵەی خەڵک لە ئاو بگریتەوە! لە بیری مەکە تۆ توخمی کوردی پێش ئەوەی پاسپۆرتی وڵاتێک وەک ئێران و عێراق وەربگری.

پێم باشە باسی چەند سەرچاوە بکەم بۆ زانیاری زیاتری خوێنەران، لەوانەیە پێیانخۆش بێ ئەو سەرچاوانەش وێڕای زنجیرە وتارەکانی من بخوێننەوە.

بەندە کەڵکم زۆر لە مێژووی ماد نووسینی ای.ام. دیاکۆنۆف وەرگرتووە هەروەها پەرتووکی پیرۆزی گاسان یان گاتا و بەگشتی ئاڤێستای پیرۆز، کتێبی پیرۆزی کۆن و نوێ واتە تەورات و ئنجیل، مینوی خرد، کارنامەی اردشیرپاپکان، مێژووی

سومر، ئاگاد، هوری، گوتی، کاشی، ئورارتو، میتانی، هیتی،ماننا و ماد و هخامنشی، دەقە ئەستێرەوانیەکان بە زمانی کوردی، ئینگلیزی و نۆروێژی، تاریخ هرودوت، جوغرافیای کوردستان و هەروەها زمانی کوردی و زاراوەکانی ئەم زمانە کۆنە و هەروەها دەقە پەهلەویەکانیش.

جیاوازی کورد، ئەوەی وا سەری لە نێو باس و بابەتەکەدایە لەگەڵ توێژەرانی غەیرەکورد ئەوەیە بۆ وێنە گاتا یان گاسان بۆ من و تاجیک یان ئەفغانستانییەک یان تارانییەک یان شیرازییەک بخوێننەوە ئەوان هیچی لێ تیناگەن و تەقەی سەریان دێ، بەڵام من لە یەک جاردا لەوانەیە لە سەتا ٦٠ی تێبگەم لەبەر ئەوەی ئەو کتێبە بە زمانی کوردیی کۆن نووسراوە و هەڵگری هەموو دیالێکتە کوردییەکانە.

ئەگەر بتەوێ ڕاستی بنووسی دەبێ خۆت ئامادە بکەیت بۆ وەڵام دانەوە ،بەڵام ئەگەر دەتەوێ بە ڕاسپاردەی دەوڵەتەکان بنووسی هیچت پێناکرێ و دەدۆڕێیت. زیاترلە ٨٠ ساڵ پێش ئێستا ڕەوانشاد ڕشید یاسەمی کتێبێکی سەبارەت بە کورد نووسی ، ئێستا نامەیەکی سەردەمی ڕەزاشا دەرکەوتووە کە لە ساڵی ١٩٣٨دا لە نووسینگەی ڕەزاشاوە فەرمان دراوە بە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئێران و دەڵێ ڕەزاشا زۆر بە پەرۆشە کوردەکان هان بدرێن بەرەو ئێرانی بوون و با جەنابی ڕەشید یاسەمی و ئایەتوڵا مەردۆخ و پڕۆفسۆر مینۆرسکی هەوڵ بۆ ئەم کارە بدەن!

کەواتە مێژووی کورد وا لە نووسینگەی ڕەزاشای ئێرانەوە هاتبێتە دەرەوە دەبێ چەندە ڕاست بێ؟ ئەو ڕەزاشایای وا بۆ پێستی سەری ناسیونالیسمی کورد دەگەڕا؟

با لەگەڵ خۆماندا ڕاست بڕۆیین و ڕەگی ملمان هەڵنەپەسێ. چ ئەم لایی و چ ئەو لایی. بەڕاستی مرۆڤ زۆر ناشیرین دەبێ ئەگەر بە دەمارگرژییەوە قسە بکات.

دیارە هەموو مێژووی ئێران باستان یان ئێرانی کەونار بەسراوەتەوە بە چیروانۆکەکان و فڕضیە کان بۆ وینە دەڵێ فەرانەک دایکی فەرەیدون شا هەڵاتووە بۆ کوریای باکورو باشوور دوای ئەوەی ئاتبین ی مێردیان کوشتووە و مێشکە سەریان داوەتە دەرخواردی مارەکانی سەرشانی زوحاک.

مێژووی ئێران کورد وەک بەشێک لە یەکەی سیاسی وڵاتی دەوڵەتداری ئێران دەناسێ و بە گوێرەی ئەو بەرژەوەندییە سیاسییانە وا یەکە سیاسییەکە دەپارێزێ کورد و مژارەکانی دەخاتە بەرباس. هەر بۆیە کەسیش نایێ باسی ئەو خەڵکە بکات وا لە دەورەبەری تاران و کەرەج دەژین و پێیان دەڵێن "تات"، لەبەر ئەوەی بە لای کەسەوە گرنگ نیە تات واتە چی و بەسەرهاتی ئەم خەڵکە چیە وا بە زمانێکی سەیر و سەمەرە قسە دەکەن و خزمەکانیان لە کۆماری ئازەربایجان دەژین و هەمووشیان جوولەکەن و بە هەڕەشەی ئیسراییل نەبا، هەر لە ساڵانی نەوەددا دەوڵەتی کۆماری ئازەربایجان پاکتاوی کردبوون!

لەوە زیاتر ناکرێ شی بکەمەوە لەبەر ئەوەی مەترسی لە سەر هەموو شت و هەموو کەس و هەموو شوێنێک لە کوردستاندا هەیە. باسی هەرچێ بە ئاشکرا بکەم، بۆ دواڕۆژیدا دەبینی نابود کراوە، کەواتە با لە سەر قسە زۆر نەڕۆین و فێربین هەندێ ڕاز و ڕەمز لە دڵماندا ڕابگرین، بەخوا دڵمان ناتەقێ!

ناوی ئەم زنجیرە بابەتە بۆیە شارستانیەتی هەورامانە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕاستیە میژووییە دەدرکێنێ : مان یانماننا یان مانگ بەردی بناغەی شارستانیەتی کوردە لە پێش لافاوی گەورەوە. هەورامان ئێستا بە شوێنێکی دیاریکراوی نێوان سنە و مەریوان و کامیاران و کرماشان( نیشا، مانیش، کورمانیشا، مانیجا،مای جا، مای شا، مای شین، کورماشین و حەڵەبجە (ئەڵوجا) دەگوترێ.

هەورامان واتە هەوارگەی مانگ یان شوێنی ئاشکرا بوونی مانگ. ئەوەش واتە شاری کوری دیلمون لە سوریگاش. واتە سەقز... خۆسبەختانە بە هۆی جوغرافیای سەخت و سەغلەتی کوێستانی ئارتەتای ئەنمەرکار ( پەپاڵ، ئاڵەپی، پاڵە، داڵاهو) ئەم مەڵبەندە نازناوی پڕشکۆی هەورامانی بە سنگیەوە ناوە و زمانی کوردی بە زاراوە جوانەکانی گۆرانی و ماچویی پاراستووە و لە گاسانی زەردەشتەوە تا تەنگیوەری مانی و نامەی سەرەنجام هەڵگری ناسنامەی کوردن.

لە کۆتاییدا با ئەوەش بڵێم نزیکەی نۆزدە هەزار وشەم لەم زنجیرە بابەتەدا نووسیوە و ئەگەر لەم نۆزدە هەزار وشەدا نەمتوانیبێ ڕاستیەکان بنوێنم لێیگەڕێ با زمانی پێنووسم لاڵ بێ و هیچی دیکە نەنووسێ!

سوپاسی خوێنەرانی ئازیز دەکەم وا بەدواداچوونیان بۆ وتارەکانم کردووە.

بەخوام سپاردن!

۲۲ جولای ۲۰۲۰